

# لینین

# دەوڵەت و شۆڕش

تیۆری مارکسیستی سەبارەت
بە دەوڵەت و ئەرکەکانی
پرۆلیتاریا لە شۆڕشدا

وەرگێڕانی:سەلام مارف

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە، گەرچی بەشێوەی چاپی کتێبی وەرەقی ئامادەکراوە، بەڵام بۆ یەکەم جار وەك نوسخەیەکی ئەلکترۆنی و بە PDF بڵاو دەبێتەوە.

لینین

# دەوڵەت و شۆڕش

تیۆری مارکسیستی سەبارەت بە دەوڵەت و

ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشدا

سەلام مارف

چاپی ئەلکترۆنی




# دەوڵەت و شۆڕش

و.ا. لینین

وەرگێڕ: **سەلام مارف**

ساڵ: **٢٠١٩**

---

ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی

و.ای.لنین، دوات و انقلاب، ت. محمد پورهرمزان و علی بیات، ١٣٨٧

هاوکات لەگەڵ هەردوو وەرگێڕانە عەرەبی و ئینگلیزییەکەیدا بەراوردکراوەتەوە

---

# پێشەکی

لە ئێستادا پرسی دەوڵەت، چ لە لایەنی تیۆری و چ لەلایەنی پراتیکی سیاسییەوە، بەهایەکی تایبەتی بەدەستهێناوە. جەنگی ئیمپریالیستی، پرۆسەی گواستنەوە لە سەرمایەداریی قۆرخکارییەوە بۆ سەرمایەداریی قۆرخکاریی دەوڵەتی تا دوایین رادە خێرا و توند کردووەتەوە. ئەو ستەمگەرییە قورسەی لەلایەن دەوڵەتەوە دەکرێتە سەر جەماوەری زەحمەتکێش، زیاتر و زیاتر لەگەڵ سەرجەم تواناییەکانی یەکێتییە سەرمایەدارییەکاندا، قورستر دەبێتەوە. وڵاتە پێشکەوتووەکان- و مەبەستمان "سەر زەوییەکان"یانە- بە نسبەت کرێکارانەوە دەبنە زیندانێکی سەربازی بەکاری قورسەوە.

ئەو دادوهاوار و کارەساتە بێوێنانەی جەنگێک کە درێژەی کێشاوە، بارودۆخی جەماوەری بێڕادە خراپکردووە و تورەیەکەیانی زیاتر کردووە. شۆڕشی جیهانی پرۆلیتاریا بە ئاشکرا کڵپە دەسێنێت و پرسی پەیوەندییەکەی بە دەوڵەتەوە، بەهایەکی پراتیکی بەدەستدێنێت .

رەگەزەکانی ئۆپۆرتۆنیزم، کە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی دەیان ساڵەی گەشەی تا رادەیەک ئاشتییانە، رەوتی سۆسیال-شۆڤێنیزمیان بەرهەمهێناوە، کە لە سەرجەم جیهاندا بەسەر حیزبە رەسمییەکانی سۆسیال دیموکراتیدا باڵادەست بووە. ئەم رەوتی بە قسە سۆسیالیزم و بەکردەوە شۆڤێنیزم (پلیخانۆڤ، پۆتریسۆڤ، برێشکۆڤسکایا،

روبـــانۆڤیچ و کەمێـــک داپۆشـــراوتر، تســـیرێتیلی، چێرنـــۆڤ و هاوبەشەکانیان لە روسیا، شیدمان، لێـژین و داڤید و هەندێکی تـر لە ئەڵمانیـا، رێنودیـل، گویسـدا و فاندێرفێلـد لە فەرەنسـا و بەلجیکـا، هاینـــدمان و فابییەکـــان لە ئینگلـــتەرا و هتـــد و هتـــد) بـــریتییە لە سازبوونێکی زەلیلانەی تەواو ئاشکرای "رابەرانی سۆسیالیزم" نەک هەر لەگەڵ بەرژەوەنـــدییە نەتەوەییەکـــانی "خۆیـــان"دا بەڵکـــو لەگەڵ بەرژەوەنـدییە دەوڵەتییەکـانی "خۆیـان"دا، چـونکە مـاوەیەکی زۆرە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی پێیاندەوترێت زلهێزەکـان، ژمـارەیەک نەتەوەی بچـوک و لاواز دەچەوسـێننەوە. جەنگـی ئیمپریالیسـتی جەنگـێکە بـۆ دابەشـکردن و ســەرلەنوێ دابەشـکردنەوەی ئەو جـۆرە دەسـتکەوتە جەنگییانە. تێکۆشان بۆ رزگاری جەماوەری زەحمەتکێش لە کاریگەری بـۆرژوازی بەگشـتی و لە بـۆرژوازیی ئیمپریالیسـتی بە تـایبەت، بەبـێ خەبـــات دژی خورافـــاتە ئۆپۆرتۆنیســـتییەکان دەربـــارەی "دەوڵەت"، مەیسەر نابێت.

پێش هەموو شتێک، ئێمە تیۆرییەکانی مارکس و ئەنگلس سەبارەت بە دەوڵەت تاوتوێدەکەین، بە تـایبەت لەسـەر خـاڵە فەرامۆشـکراوەکان یـــان ئەو خـــاڵانەی کە لەلایەن ئۆپۆرتۆنیســـتەکانەوە بەلارێـــدابراون، دەوەســتین. دواتــر بە تــایبەت، کــارل کاوتســکی کە بەناوبــانگترین پێشـــەوای ئینتەرناســـیۆنالی دووەم ( ١٨٨٩– ١٩١٤) و لەمـــاوەی جەنگەکەی ئێستادا گرفتاری شکستێکی رادەبەدەر ئـابروبەرانە بـووەتە و یەکـــێکە لەوانەی بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی هۆکـــارێکی ئەو بەلارێـــدابردنانەیە، دەدەیـــنە بەربـــاس. ئـــێمە ئەنجـــامگیرییەک لە

ســـەرەکیترین ئەزموونەکـانی شۆرشـــەکانی ١٩٠٥ و بەتـايبەت ١٩١٧ی روســـیا وەردەگـرین. ئەم شۆرشـــەی دواییـــان، بە روالەت لە ئێســـتادا (سەرەتای ئـابی ١٩١٧) یەکەمـین قۆنـاغی گەشەسـەندنی خـۆی تەواو کردووە، بەڵام ئەم شۆرشە بەگشـتی ئەتوانێـت تەنیـا وەک لینکێـک لە زنجیرەی شۆرشە سۆسیالیستە پرۆلیتەرییەکان وەربگیرێت، کە بەهـۆی جەنگـی ئیمپریالیسـتییەوە سـەریهەڵداوە. پرسـی پەیوەنـدی شۆرشـی سۆسیالیســـــتیی پرۆلیتاریـــــا بە دەولەتەوە، لەم لایەنەوە، نەک هەر بەهایەکی پراتیکـی- سیاسـی بەدەسـتهێناوە، بەڵکـو بەهـایەکی تەواو هەنـــوکەیش بەدەســـتدێنێت، چـــونکە ئەو مەســـەلەیە بـــۆ جەمـــاوەر رووندەکاتەوە، کە دەبێت لە ئایندەیەکی نزیکدا، بۆ رزگارکردنی خۆیان لە چەنگی سەرمایەداری چ هەنگاوێک بنێن .

**نووسەر**

**ئابی ١٩١٧**

## پێشەكی بۆ چاپی دووەم

ئەم چاپەـ كە چاپی دووەمە، ئاڵوگۆڕێكی وەهای تێدا نەكراوە.
تەنیا بڕگەی سێ بۆ بەشی دووەم زیادكراوە.

**نووسەر**

**مۆسكۆ**

**17ی كانوونی یەكەمی ١٩١٨**

## بەشی یەکەم:
# کۆمەڵگای چینایەتی و دەوڵەت

### ١- دەوڵەت: بەرهەمی ناسازی ناکۆکییە چینایەتییەکانە

لەئێستا هەمان شت بەسەر تیۆرییەکەی مارکسدا دێت، کە چەندان جار لە مێژوودا، بەسەر تیۆری بیرمەندە شۆڕشگێڕو پێشەوایانی خەباتی چینایەتیدا بۆ ئازادی، هاتووە. چینە ستەمگەرەکان، بەردەوام شۆڕشگێڕە گەورەکانیان لە دەم و ساتی ژیانیاندا ئازار داوە و بە کینە و بوغز و تۆفانێک لە درۆ و بوختانەنەوە بەرەوڕووی تیۆرییەکانیان بوونەتەوە. پاش مەرگیان، هەوڵێکی زۆر دەدرێت تا ئایکۆنێکی بێ زەرەرزیانیان لێ دروستبکەن، بخرێنە لیستی پیرۆزییەکانەوە، ناوبانگییەکی دیاریکراو بە ناوەکانیان ببەخشن، تا "سوکانایی" بداتە چینە ستەمگەرەکان و لە گەمژەیەتیدا بیانهێڵنەوە. هاوکات ئەم تیۆرییە شۆڕشگێڕییە بێ **ناوەرۆک** بکەن، توانا شۆڕشگێڕییەکەی بپوکێننەوە و خودی خۆیشی بێبەها بکەن. ئەمڕۆ، بۆرژوازی و ئۆپۆرتۆنیستەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری بۆ جێگیرکردنی ئەو جۆرە مارکسیزمە دەستیان لەناو دەستی یەکتردایە. ئەوانە لایەنە شۆڕشگێڕییەکەی و گیانە شۆڕشگێڕییەکەی ئەم تیۆرییە فەرامۆشدەکەن، لێڵیدەکەن و دەیشێوێنن. گرنگییەکی سەرەکی بەو لایەنانە دەدەن، کە لای بوژوازی پەسەندە یان پەسەند دێتە بەرچاو و

دەکەونە شیکردنەوەی. سەرجەم سۆسیال شۆڤێنیستەکان لە ئێستادا "مارکسیستن" (پێمەکەنە) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بیرمەندە بورژوازییەکانی ئەڵمانیا، ئەم شارەزایانەی دوێنێی لەناوبەری مارکسیزم، لە "نەتەوەیی و ئەڵمانی"بوونی مارکسەوە دەدوێن، گوایە ئەو دروستکەری ئەو یەکێتییە کرێکاریانە بووە، کە بەوەها ئاستێکی بەرز بۆ جەنگی تاڵانکەرانە ئامادەکراون!

بەم دۆخە و بەم باوییە بێوێنەیەی بەلاڕێدابردنی مارکسیزم، ئەرکی سەرەکی ئێمە، پێش هەموو شتێک، **زیندووکردنەوەی** چۆنێتی شیکردنەوەی ڕاستەقینەی مارکسە بۆ پرسی دەوڵەت. بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە چەند وتەیەکی دوورودرێژ لە بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلس خۆیانەوە، دەبێتە پێویستی. بەدڵنیاییەوە، ئەم بەشە دووردودرێژانە کە ئێمە دەیانهێنینەوە، بابەتەکە قورستر دەکەن و بەهیچ شێوەیەک نابنە هاوکاری سادەیی خوێندنەوەکە، بەڵام ناتوانین خۆمانیان لێ لابدەین. دەبێت هەموو یان بە هەر نرخێک بووە، زۆربەی خاڵە سەرەکییەکان لە نووسراوەکانی مارکس و ئەنگلس دەربارەی پرسی دەوڵەت، بەشێوەیەکی هەرچی زۆرتر بیانهێنینەوە، تا خوێنەر بتوانێت لەبارەی سەرهەڵدان و گەشەی بۆچوونەکانەوە، ڕایەکی سەربەخۆ بەدەستبهێنێت و ئەو لادانانە بخرێنە ڕوو کە "کاوتسکیزم"ی ئێستا تێکەڵاو ئەو بۆچوونانەی کردوون و ئەوەش بە بەڵگەوە بسەلەمێنرێن و ڕوونبکرێنەوە.

با لە بەناوبانگترین کارەکەی ئەنگلس "بنەچەی خێزان، خاوەنداریێتی تایبەتی و دەوڵەت"ەوە دەست پێبکەین، کە چاپی

شەشــــەمی لە ١٨٩٤ لە شــــتوتگارت چـــاپکراوە. پێویســـتە ئـــێمە وەرگیراوەکان لە چاپە ئەسڵییە ئەڵمانییەکەیەوە وەربگێڕین، وەرگێڕانە رووسییەکان، سەرباری زۆرییان، کەموکوڕتن یان جێی رەزامەندی نین.

ئەنگلس لەپوختەی ئەنجامگیری شیکردنەوە مێژووییەکانیدا دەڵێت:

"دەوڵەت بە هــیچ شــێوەیەک هێزێــک نیــیە کە لە دەرەوە بەســـەر کۆمەڵگادا سەپابێت. هەروەهـا دەوڵەت، بەپـێچەوانەی دەربڕینەکـانی هیگڵ "دەرکەوتنی ئایدیای ئاکار" ، "وێنە و دەرکەوتنی عەقڵا" نییە. بە رادەیەک، دەوڵەت بەرهەمـی کۆمەڵگـایە لە ئاسـتێکی دیـاریکراوی گەشەکردنیدا. بوونی دەوڵەت دانناندنێکە بەوەی کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیدا ســـەرقاڵی نـــاکۆکییە بێچارەســـەرەکانە و بەســـەر هێـــزە دژبەیەکە ناسـازەکاندا دابەشـبووە، کە توانـای لێـدەربازبوونی نیـیە. بەڵام بـۆ ئەوەی ئەم هێـزە دژ بەیەکـانە، واتـا چیـنە خـاوەن بەرژەوەنـدییە جیاوازەکـان، لە رەوەنـدی ململانێیەکـی بـێ بەرهەمـدا، یەکتـر و کۆمەڵگـا لەنـاونەبەن، بـوونی هێزێـک پێویسـت بـوو، کە بە رواڵەت کەوتبێتە سەروو کۆمەڵگاوە، هێزێک کە تونـدی بەیەکـدادانەکان کەم بکاتەوە و لە سنووری "سیستەم"ێکدا قەتیسـیان بکـات. ئەو هێـزەی کە لە هەناوی کۆمەڵگاوە سەریهەڵداوە، بەڵام خۆی دەخاتە سەرووی و رۆژ بەر رۆژ لێی نـامۆ دەبێـت، دەوڵەتە". (ل، ١٧٧-١٧٨، چـاپی شەشەمی ئەڵمانی)

لێرەدا زۆر بە روونی ئایدیا سەرەکییەکانی مارکسـیزم سـەبارەت بە رۆڵـــی مێژوویـــی و واتـــای دەوڵەت خـــراوەتە روو. دەوڵەت بەرهەم و مانیڤێسـتۆی ناسـازی نـاکۆکییە چینایەتییەکـانە. دەوڵەت لە شـوێن و

کاتێکـدا سـەرهەڵدەدات، کە نـاکۆکییە چینایەتییەکـان بەشـێوەیەکی بابەتییانە **ناتوانرێت** چارەسەربکرێن و بە پـێچەوانەوە، بـوونی دەوڵـەت ئەوە دەسەلمێنێت کە ناکۆکییە چینایەتییەکان ناسازن.

لەم گرنگترین و سەرەکیترین خاڵانانەدایە، کە لادان لە مارکسیزم و لە دوو خاڵی سەرەکیدا دێنەبوون.

لەلایەکەوە، ئایدیۆلۆژیستە بۆرژواکـان و وردە بۆرژواکـان، کە لەژێـر فشـاری فـاکتە سـەلمێنراوە مێژووییەکانـدا دان بەوەدا دەنـێن، کە دەوڵەت لەو شـوێنەدا هەیە کە نـاکۆکی و ململانێـی چینـایەتی هەیە و مـارکس بەو جـۆرە "راسـتدەکەنەوە" کە سـەرەنجام دەوڵەت دەبێـتە ئورگانی ئاشتیی چینایەتی.. مارکس پێیوایە، ئەگەر ئاشتی چینـایەتی مەیسـەر بـوایە، نە دەوڵەت سـەریهەڵدەدا و نە دەیتـوانی لەسـەر پێـی خـۆی بوەسـتێت. بەڵام بەگـوێرەی وتەی وردە بۆرژواکـان، پرۆفیسـۆرەکان و پۆپۆلیسـتەکان، کە زۆر دووبـارە و خۆبەخشـانە، دەگەڕێنەوە بـۆ مـارکس، وا دەردەکەوێت، کە ئەوە دەوڵەتە چینەکـان ئاشـتدەکاتەوە. بەگـوێرەی بۆچـوونی مـارکس، دەوڵەت ئورگـانی **باڵادەستی** چینـایەتییە، ئورگـانێکە بـۆ **ستەمگەری** چینێـک بەسـەر ئەوانـی تـرەوە و ئامـاژەیە بـۆ دروسـتبوونی "سیسـتەم"ێک، کە بەسـازدانەوەی نـاکۆکییە چینایەتییەکـان، ئەم سـتەمگەرییە یاسـایی و جێگیریـان دەکـات. بەگـوێرەی بۆچـوونی سیاسـەتمەدارانی وردە بـۆرژوازی، سیسـتەم هەمـان ئاشـتی چینـایەتییە، نەک سـتەمگەری چینێک بەسەر چینێکی ترەوە، سازدانەوەی ناکۆکییەکـانیش بە واتـای ئاشتییە نەک بێبەشکردنی چینە ستەمکێشەکان لە ئامرازەکـان و رێگـا

دیاریکراوەکانی خەبات بۆ لەناوبردنی ستەمگەران.

بۆ نموونە، کاتێک لە شۆڕشی ١٩١٧ دا، پرسی گرنگی و ڕۆڵی دەوڵەت بە تەواوی توانایی خۆیەوە سەریهەڵدا و لەلایەنی پراتیکییەوە وەک هەنگاوێکی هەنووکەیی و هاوکات هەنگاوێک لە ئاستێکی جەماوەریدا هاتە پێشەوە، سەرجەم سۆسیال شۆڕشگێڕەکان و مەنشەفیکەکان بە یەکجار و بە تەواوی لە تیۆری وردە بۆرژوازیی "ناسازی" چینەکان بەهۆی "دەوڵەتەوە" غەرقبوون. بڕیارنامەکان و وتارە زۆرو زەبەندەکانی سیاسەتمەدارانی هەردوو ئەم حیزبانە، بەم تیۆرییە وردەبوژوازی و کورتبینانەی "ناسازی"یە سەرڕێژ بوون. دیموکراسیی وردە بۆرژوازی هەرگیز ناتوانێت لەوە تێبگات، کە دەوڵەت ئۆرگانێکە بۆ باڵادەستی چینێکی دیاریکراو، کە ناتوانێت لەگەڵ بلۆکەکەی بەرامبەریدا (چینە نەیارەکەی) بسازێت. هەڵوێست بەرامبەر دەوڵەت دەریدەخات کە سۆسیال شۆڕشگێڕەکان و مەنشەفیکەکان هەرگیز سۆسیالیست نەبوون (شتێک کە ئێمەی بەلشەفیک بەردەوام سەلماندوومانە)، بەڵکو دیموکراتی وردە بۆرژوازین، کە بە رستەسازییە شبە سۆسیالیستییەکانەوە سەرقاڵن.

لەلایەکی ترەوە، لادانێکی "کاوتسکیزم"یانەی مارکسیزمە، کە زۆر وردتر ئەنجام دەدرێت. "لەلایەنی تیۆری"یەوە، نەک ئەو پرسە ڕەتناکرێنەوە، کە دەوڵەت ئۆرگانی باڵادەستی چینایەتییە، یان ئەوەی کە ناکۆکییە چینایەتییەکان ناسازن. بەڵام ئەو شتەی لەبەرچاوناگیرێت یان سێبەری دەخرێتە سەر، بریتییە لە: ئەگەر دەوڵەت بەرهەمی ناسازیی ناکۆکییە چینایەتییەکانە، ئەگەر دەوڵەت

هێزێکە کەوتۆتە سەروو کۆمەڵگاوە و "ڕۆژ بە ڕۆژ **لێی نامۆ دەبێت**" کەواتە ئاشکرایە کە ڕزگابوون لە چینە ستەمگەرەکان نەک هەر بێ شۆڕشێکی توند، بەڵکو **بەبێ هەڵوەشاندنەوەی** ئەو دەسەڵاتە دەوڵەتییەیش کە چینی دەسەڵاتداری بۆرژوازی هێناویەتە دی و ئەم "نامۆبوونە" بە کۆمەڵگا، کە لەودا بەرجەستەبووە، مەحاڵە. بەو جۆرەی دواتر دەیبینین، ئەم ئەنجامە کە خۆبەخۆ لە ڕووی تیۆرییەوە ڕۆشنە، مارکس زۆر بە ڕوونی و بەگوێرەی ئەزموون و شیکردنەوەی دیاریکراوی مێژوویی، ئەرکەکانی شۆڕشی بەدەستهێناوە. ئەمە هەمان ئەنجامگیرییە - کە ئێمە دواتر بە دووردودرێژی دەیخەینە ڕوو- ئەو ئەنجامگیرییەیە کە کاوتسکی "فەرامۆش"ی کردووە و بەلاڕێیدابردووە.

## ٢-باندە تایبەتییەکانی پیاوانی چەکدار، زیندانەکان، هتد

ئەنگلس درێژەی پێدەدات:

"لە جیاوازی لەگەڵ سیستەمی کۆنی قەومی [تایەفەیی یان خێڵا]، سەرەتا دەوڵەت شوێنکەوتووەکانی لەسەر بنەمای قەڵەمڕەوی جوگرافیایی دابەشدەکرد..."

ئەم دابەشکردنە بۆ ئێمە "سروشتیانە" دێتە بەرچاو، بەڵام سەرهەڵدانەکەی بە ململانێیەکی دووردودرێژی دامەزراوەی کۆنی قەومی یان خێڵی بەسەمەر دەگات.

"دووەمین تایبەتمەندی جیاکەرەوە، دامەزراندنی هێزێکی گشتییە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێکهاتەی خودی دانیشتوانەکاندا وەک هێزێکی چەکدار، نەدەهاتەوە. ئەم هێزە گشتییە تایبەتە پێویست بوو،

> چـونکە لەو کـاتەوەی کە بەسـەر چینەکانـدا دابەش ببـوو. بـوونی ڕێکخراوی چەکداریی خۆیەتی دانیشتووان مەحاڵ بـوو ...ئەم هێـزە گشتییە لە سەرجەم دەوڵەتەکاندا هەیە، ئەم هێزە تەنیا لە پیاوانی چەکـدار پێکنـایەت، بەڵکـو پێویسـتییە مادییەکـان، زینـدانەکان و دامەزراوەکانی بەجێهێنانی کاری توندوتیژیش چەنـد بەشـێکی تـری ئەون، ئەو شـتانەی کە لە کۆمەڵگـای کـۆنی قەومـی- خێڵەکیـدا نەناسراو بوون"...

ئەنگلس چەمکی "هێز" ڕوونـدەکاتەوە، کە پێـی دەوترێـت دەوڵەت، لە کۆمەڵگـاوە سـەرهەڵدەدات بەڵام خـۆی دەخـاتە سـەروو ئەوەوە و بەردەوام خـۆی لـێ نـامۆ دەکـات. ئەم هێـزە بە گشـتی لە چ شـتێک پێکدێت؟ لە ئورگانە تایبەتییەکانی پیاوانی چەکـدار، کە زینـدانەکان و لە جۆری ئەوانەیان لەژێر دەستدایە.

وا باشە کە لەبارەی پێکهاتەی تایبەتی پیاوانی چەکدارەوە بدوێین، چـونکە ئەو هێـزە گشـتییەی کە هەر دەوڵەتێـک هەیەتـی، لەگەڵ دانیشـتوانە چەکـدار و "ڕێکخـراوی چەکـداریی خـۆیەتی دانیشـتووان"ی ئەواندا "ڕاستەوخۆ نایەتەوە."

وەک سەرجەم بیرمەندە شۆڕشگێڕە مەزنەکان، ئەنگلس هەوڵدەدات سـەرنجی کرێکـارانی وشـیار ڕێـک بـۆ ئەو خـاڵە رابکێشـێت، کە لە ڕوانـگەی مەکـتەبە زاڵە عامیانەکـانەوە، لە هەموویـان کەمتـر لێـی وردبـوونەتەوە و لە هەموویـان زیـاتر سـادەتر و بەهـۆی چەنـد خورافاتێکەوە، نەک جێگیر، بەڵکو ئەتوانرێت بوترێت کـراوەتە بەرد و

بەرگــی پیــرۆزی بە بەرداکــراوە. ســوپای هەمیشــەیی و پــۆلیس، لە دەستی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، ئامرازی سەرەکی توندوتیژین، بەڵام ئایا دەکرێت ئەمە بەشێوەیەکی تریش بێت؟

لە روانگەی زۆربەی زۆری ئەورووپییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە، کە وتەکـانی ئەنگلـس روو بەوان بـوو، تەنـانەت شۆڕشـێکی گەورەشـیان بەرێنەخستبوو و لە نزیکەوە نەیانبینیبوو، ناتوانرێت جۆرێکی تـر بێـت. ئەوان بەهـیچ جۆرێـک لەوە تێنـاگەن، کە ئەم "رێکخـراوی چەکـداریی خۆیەتی دانیشـتووان" چ واتـایەکی هەیە. کاتێـک پرسـیار دەکرێـت کە بـۆچی دامەزراوە تایبەتەکـانی کەسـانی چەکـدار (پـۆلیس، سـوپای هەمیشەیی) سەریهەڵدا، کە دەکەونە سەرووی کۆمەڵگـاوە و لێـی نـامۆ دەبن. بیرتەسـکانی ئەورووپـای رۆژئـاوا یـان روسـی ئـارەزوو دەکەن بە یەک دوو رستە، کە سپێنسـەر لە میخایلۆڤسـکییەوە قەرزیکـردووە، بە بەڵـگەی قورسـبوونی ژیـانی کـۆمەڵایەتی و جیـابوونەوەی ئەرکەکـان و هتد وەڵام بدەنەوە.

بەڵگەیەکـی لەو جـۆرە "زانسـتیانە" دێـتە بەرچـاو و زۆر بەباشـیش کەسـێکی ئاسـایی دەخـاتە خەو، چـونکە لێڵـی دەخـاتە سـەر بـابەتە سـەرەکی و بنەڕەتیـیەکە، واتـا دابەشـبوونی کۆمەڵگـا بە چیـنە دژ بە یەکەکان.

ئەگەر ئەو جـۆرە دابەشـبوونە بـوونی نەبـوایە، ئەو کـات جیـاوازی "رێکخـــراوی چەکـــداریی خـــۆیەتی دانیشـــتووان" لەگەڵ رێکخـــراوە سەرەتاییەکانی گڵکارە داربەدەستەکان یـان لەگەڵ دامەزراوەی مـرۆڤە ســەرەتاییەکان یــان ئەو مرۆڤــانەی کە لە کۆمەڵگــا خێڵییەکییەکانـدا

ڕێکخراوبـوون، تەنیـا ئـاڵۆزی و بەرزی ئاسـتی تەکنیکـی و هتـد بـوو، بەڵام هێشتا بوونی وەها ڕێکخراوێک مومکینە.

بوونی ئەو جۆرە ڕێکخراوەیە مەحاڵە، چـونکە کۆمەڵگـا لە قۆنـاغی شارستانێتییەوە بەسەر چینە دژ بەیەکەکاندا دابەشـبووە و هاوکـات بە دژبەیەکییەکی نەسازی وەها دابەشبووە، کە چەکداربوونی "خـۆیەتی"ی ئەوان جـڵەوی کـارەکە بەرەو ململانێـی چەکـداری نێوانیـان پەلکـێش دەکـات. دەوڵەتێـک سـەرهەڵدەدات، هێزێکـی تـایبەت پێکـدەهێنرێت، دەسـتە تایبەتییەکـانی پیـاوانی چەکـدار دروسـت دەکـرێن. لە هەمـوو شۆڕشـێکدا، بە تێکشـکاندنی دەزگـا دەوڵەتییەکـان، بە ڕوونـی بۆمـان دەخەنە ڕوو، کە چۆن چینـی سـتەمگەر سـەرلەنوێ هەوڵـدەدات بانـدە تایبەتییەکانی پیاوانی چەکدار پێکبێنێـت تـا ببێـتە خزمەتکـاری **ئەو** و چۆن چینی ستەمگەر هەوڵدەدات ڕێکخراوێکی نوێیان لێ دروسـتبکات، تا لەبری چەوساوەکان خزمەتی چەوسێنەرەکان بکات .

لەو ئارگیومێنتەی سەرەوەدا، ئەنگلـس لەلایەنـی تیـۆرییەوە هەمـان پرس دەخاتە ڕوو، کە هەر شۆڕشێکی گەورە بەکـردەوە دەریـدەخات و بە ئاستی کارێکی جەماوەرییانە پیشانماندەدات، ئەو پرسـەش بـریتییە لە بەرانبەرکێـــی ئورگـــانە "تایبەت"ییەکـــان و پیـــاوانی چەکـــداریی "ڕێکخراوی چەکداریی خۆیەتی دانیشتووان". ئـێمە دەبیینـین کە چـۆن ئەزمـــوونی شۆڕشـــەکانی ئەورووپـــا و ڕوســـیا بەدیـــاریکراوی ئەو پرســـە ڕووندەکەنەوە .

با بگەڕێینەوە بۆ دەربڕینەکانی ئەنگلس.

ئەو ئاماژە بەم خاڵە دەکات، کە هەندێک جار- بۆ نموونە، لە بەشێک لە شوێنەکانی ئەمریکای باکور- ئەم هێزە گشتییە لاوازە (قسەکە لەسەر ئاوارتەیەکی دەگمەنە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و هەروەها قسە لەسەر قۆناغی پێش ئیمپریالیستییە لە چەند بەشێکی ئەمریکای باکور، کە کۆلۆنیاڵە ئازادەکان زۆربەی دانیشتوانەکانیانی پێکدەهێنا)، بەڵام بەگشتی، ئەم هێزە لە سەروبەندی گەورە بووندایە:

"بەو رادەیەی کە ناکۆکییە چینایەتییەکانی ناو دەوڵەت توند دەبنەوە، دەوڵەتە دراوسێکان گەورەتر و دانیشتووانیان زیادتر دەبن، بەهەمان رادەش ]هێزی گشتی[ بەهێزتر دەبێت. بۆ نموونە، سەرنجێک لە ئەوروپای ئێستا بدەن، کە تیایدا ململانێی چینایەتی و کێبەرکێ بۆ داگیرکاری بە رادەیەک ئەو هێزە گشتییەی فراوانکردووە، کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت سەرجەم کۆمەڵگا و تەنانەت دەوڵەتیش هەڵوشێت"...

ئەمە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا نووسراوە. بەرواری دوایین پێشەکیەکەی ئەنگلس، ١٦ی حوزەیرانی ١٨٩١ە، لەوکاتەدا وەرچەرخان بەرەو ئیمپریالیزم (واتا باڵادەستی تەواوی تراستەکان، دەسەڵاتی رەهای بانکە گەورەکان و سیاسەتی داگیرکاری و هتد- لە فەرەنسا تازە کەوتبووە رێ و تەنانەت لە ئەمریکای باکوردا و ئەڵمانیادا لەویش لاوازتر بوو. لەوە بەدواوە "ململانێ بۆ داگیرکاری" هەنگاوێکی گەورەی ناوە، بەتایبەتی لە سەرەتای دەیەی دووەمی

سەدەم بیستەمدا، جیهان بەشێوەیەکی تەواو لە نێوان "ململانێ بۆ داگیرکاری"دا واتا وڵاتە گەورە تاڵانکەرەکاندا، دابەشبووە. لەو کاتەوە، چەکداربوونی جەنگی و دەریایی بێڕادە گەشەیانکردووە و جەنگی تاڵانکەرانەی ١٩١٤-١٩١٧، کە مەبەست لێی باڵادەستی ئینگلتەرا یان ئەڵمانیا بەسەر جیهان و دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ بووە، ئەم "لوشدانە"ی سەرجەم هێزەکانی کۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی درندانەی دەوڵەتییەوە بەرەو نەهامەتییەکی تەواو بردووە.

ئەنگلس تەنانەت لەسەرەتاکانی ساڵی ١٨٩١ دا توانیویەتی ئاماژە بە "ململانێ بۆ داگیرکاری" وەک یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە گەورەکان بکات، بەڵام سۆسیال- شۆڤێنیستە گەمژەکان لە ١٩١٤، ڕێک لەو سەردەمەی کە ئەم ململانێیە چەند قات بووەتەوە و بووە هۆی جەنگە ئیمپریالیستییەکان، بەردەوام، لەژێر دەربڕینەکانی وەک "بەرگری لە خاکی باو و باپیران"، "بەرگری لە کۆماری و شۆڕش" و لەم شتانە، سەرقاڵی هێنانەوەی بەهانەن بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە تاڵانکەرییەکانی بۆرژوازی "خۆیان!"

### ٣- دەوڵەت: ئامرازی چەوسانەوەی چینی ستەملێکراوە

بۆ دابینکردنی خەرجی هێزە تایبەتەکانی سەروو کۆمەڵگا، باج و قەرزە دەوڵەتییەکانە پێویستن. ئەنگلس دەنووسێت:

"فەرمانبەران، کە لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و مافی وەرگرتنی باج بەهرەمەندن، وەک لێپرسراوانی کۆمەڵگا، دەکەونە **سەروو** کۆمەڵگاوە. ئەو ڕێزە ئازاد و خۆبەخشییەی بۆ لێپرسراوانی کۆمەڵگا [ی خێڵەکی] دەگیرا، ئیتر بۆ ئەوان– تەنانەت ئەگەر بیشیانتوانیایە بەدەستیبێنن– بەس نەبوو"... یاسای تایبەتی بۆ پیرۆزکردن و پارێزراوی پێگەی فەرمانبەران دادەنرێت. "نزمترین پۆلیسی خزمەتگوزاری" "ئیعتیباری" لەهەر نوێنەرێکی خێڵ زیاترە، لەکاتێکدا پێگەی کەسێکی گەورەی خێڵ، کە لە کۆمەڵگادا "ڕێزێکی هەیە کە بەهۆی شەلاقەوە بەدەست نەهاتووە" ئەتوانێت تەنانەت ببێتە مایەی غیرەی پایەرزێکی سەربازیی دەوڵەتی هاوچەرخیش.

لێرەدا پرسی پێگەی تایبەتی فەرمانبەران دێتە پێشەوە، کە پۆستی حکومیان هەیە. ئەوەی وەک خاڵی سەرەکی ئاماژەی بۆ کراوە بریتییە لەوەی: چ شتێک ئەم پۆستانە دەخاتە **سەروو** کۆمەڵگاوە؟ ئێمە دواتر ئەوە دەبینین کە چۆن کۆمۆنەی پاریس بە کردەوە لە ١٨٧١ دا وەڵامی ئەم پرسە تیۆرییەی داوەتەوە و چۆن کاوتسکی لە ١٩١٢ دا دەیشێوێنێت.

"لەبەر ئەوەی سەرهەڵدانی دەوڵەت پێویستی بە جموجۆرکردنی بەرامبەرکێ چینایەتییەکان بووە، لەبەرئەوەی خودی دەوڵەت لەهەناوی ئەم بەرامبەرکێیەی چینەکاندا سەریهەڵداوە، هەر بۆیە بەگوێرەی ڕێسا گشتییەکە، ئەم دەوڵەتە، دەوڵەتی چینێکە کە لە هەموان بەهێزتربووە و خاوەنی دەسەڵاتی ئابوورییە و بەهۆی دەوڵەتەوە، دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسیش، بەم شێوەیە،

ئامرازێکی نوێ بۆ سەرکوتکردن و چەوسانەوەی چینی ستەملێکراو بەدەست دێنێت "...نەک هەر دەوڵەتی سەردەمی کۆن و قۆناغی دەرەبەگایەتی، ئورگانی چەوسانەوەی کۆیلە و کۆیلەی زەوی (سێرف)[1]ەکان بووە، بەڵکو "دەوڵەتی هەڵبژێردراوی ئێستایش ئامرازی چەوسانەوەی کاری بەکرێیە لەلایەن سەرمایەدارانەوە. بەڵام ئاوارتە چەند دەورانێک دروست دەبن، کە تیایدا، چینە کێبەرکێکەرەکان لە رووی هێزەوە دەگەنە هاوکێشەیەکی وا، کە دەسەڵاتی دەوڵەت، بۆ ماوەیەک بۆ هەردوو چینەکە، جۆرێک سەربەخۆیی بەدەستدێنێت و لە رواڵەتدا وەک ناوبژیکەرییان دەردەکەوێت"... پاشایەتیی رەهای سەدەکانی ١٧ و ١٨، بۆناپارتیزمی ئیمپراتۆری یەکەم و دووەمی فەرەنسا، بیسمارک لە ئەڵمانیا جۆرێکن لەمە.

ئەتوانین ئەمەی بۆ زیاد بکەین: بەهەمانشێوەیە کە حکومەتی کرێنسکی لە روسیای کۆماریدا، لەدوای دەستبردن بۆ راوەدوونانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و لەو ساتەی کە شوراکان بە بەرەکەتی رابەرە دیموکراتە وردە بۆرژوازییەکان **ئیتر** لاوازکراون و بۆرژوازیش **هێشتا** وەک پێویست بەهێز نییە، تا بە ئاسانی پەراگەندەیان بکات.

---

[1] - سێرف Serf، مەبەست لەو جووتیارانەیە کە پەیوەستن بە زەوییەکی تایبەتەوە و وەک زەوییەکە موڵکی خاوەن زاویەیەکەن. بەڵام کۆیلە نین و کەوتوونەتە ناو پەیوەندییەکی نوێی بەرهەمهێنانەوە. ئەوانە لە کۆیلەیەتییەکەی پێشوو رزگاریان بووە، بەڵام هێشتا وەک جووتیارە ئاساییەکان ئازادییەکی تەواوییان وەرنەگرتووە و دەکرێت ئەو ناوە بە کۆیلەی زەوی یان جووتیاری کۆیلە دابنرێت. (و.ک)

ئەنگلس بەم جۆرە درێژەی پێدەدات: لە کۆماری دیموکراتیدا "سامان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەهەمان هۆ دڵنیاتر، سود لە دەسەڵاتی خۆی وەردەگرێت"، یەکەم بەهۆی رەشوەدانی "راستەوخۆ بە فەرمانبەران" (ئەمریکا) ، دووەم بەهۆی هاوپەیمانی نێوان دەوڵەت و بۆرسە" (فەرەنسا و ئەمریکا).

لە ئێستادا، ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی بانکەکان بە هەردوو شێوەکە بەرگریکردنیان لە دەسەڵاتی رەهای سامان و خستنەکاری ئەم دەسەڵاتە لە هەر جۆرە کۆمارێکی دیموکراتیدا، تا ئاستی هونەرێک لەرادەبەردەر "گەشەپێداوە". لەوکاتەی، بۆ نموونە، لە یەکەمین مانگەکانی کۆماری دیموکراتی لە روسیادا، کە ئەتوانرێت بە مانگی هەنگوینی ئێس ئارە "سۆسیالیستەکان" و مەنشەفیکەکان لەگەڵ بۆرژوازیدا ناوببرێت، جەنابی پالچێنسکی کە لە حکومەتدا ببووە رێگر لەبەردەم هەموو ئەو هەنگاوانەی دەبنە زیان بۆ بۆرژوازی و تالانکەرەکانیان، دەبنە زیان لەو گەندەڵیانەی لە رێگای سەپاندنی پێویستی و ئەرکەکانی جەنگ بەسەر خەزێنەی دەوڵەتییەوە دەیانکرد. کاتێک جەنابی پالچێنسکی، لەدوای دەستلەکارکێشانەوەی لە وەزارەت (کە دیارە پالچێنسکییەکی تری وەک ئەو شوێنەکەی پڕ کردەوە)، وەک "پاداشت" لەلایەن سەرمایەدارانەوە پلەیەکی بە کرێی ساڵانەی ١٢٠ هەزار رۆبڵ وەرگرت- تۆ ئەوە ناو دەنێیت چی؟ رەشوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ؟ ئایا ئەمە پەیمانی نێوان دەوڵەت و سەندیکاچییەکانە یان "هەر" پەیوەندییەکی دۆستانەیە؟ ئایا رۆڵی چێرنۆڤیەکان، تسیرێتیلیەکان، ئەڤکسینتیڤییەکان و سکۆبیلیڤییەکان

چییە؟ ئایا ئەوانە "راستەوخۆ" یان، هەر ناڕاستەوخۆ، دزە ملیۆنەرە خەزنەدارەکانن؟

دەسەڵاتی ڕەهای "سامان" لە کۆماری دیموکراتی لەم لایەنەوە **دڵنیاترە**، کە لەم سیستەمەدا سەرمایەداری ناخرێتە ناو لەفافێکی سیاسی ناشیرینەوە. کۆماری دیموکراتی باشترین لەفافی سیاسی گونجاوە بۆ سەرمایەداری و لەبەر ئەمەش سەرمایە لەدوای بەدەستهێنانی ئەم باشترین لەفافە (لەلایەن پالچێنسکەکان، چێرنۆڤێستەکان، تسیرێتیلییەکان و هاوبەشەکانیان) بنەمای دەسەڵاتی خۆیان لەسەر پایەی ئەو جۆرە دڵنیاییە دادەڕێژن، کە **هیچ جۆرە** گۆڕان و جێگۆڕکێی کەسەکان و کارگێڕی و حیزبەکان لە کۆماری دیموکراتی بۆرژوازیدا ئەم دەسەڵاتە لەق ناکات.

دەبێت ئاماژە بەو خاڵەش بدەین، کە ئەنگلس بە ڕوونییەکی تەواوەوە مافی دەنگدانی گشتی بە ئامرازی باڵادەستی بۆرژوازی دەزانێت. ئەو بەشێوەیەکی ڕوون ئەزموونی دوورودرێژی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانی لەبەرچاو گرتووە و دەڵێت مافی دەنگدانی گشتی بریتییە لە:

"دەرکەوتنی گەشەی چینی کرێکار. زیاتر لەمە هیچی تری بە نسیب نابێت و لە بوونی دەوڵەتی ئێستایشدا هەرگیز بە نسیبی نابێت"

دیموکراتە وردە بۆرژواکان لە جۆری ئێس ئار و مەنشەفیکەکانی ئێمە و برا گیانی بەگیانییەکانی ئەوان، واتا هەموو سۆسیال شۆڤێنیستەکان و ئۆپۆرتۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، هەموویان

چاوەڕوانییەکی "زۆر"یان لە مافی دەنگدانی گشتی هەیە. ئەوان خۆیان باوەڕیان بەو ئەندێشە درۆینەیە، کە گوایە مافی دەنگدانی گشتی "لەگەڵ بوونی دەوڵەتی **ئێستا**"دا ئەتوانێت ئیرادەی زۆربەی زەحمەتکێشان بەواقیعی دەربخات و زەمانەتی بەدیهاتنەکەی بکات و ئەوەش بەناو زەحمەتکێشدا بڵاودەکەنەوە.

لێرەدا ئێمە ئەتوانین هەر ئاماژە بەو ئەندێشە درۆینەیە بدەین و ئەو خاڵانە بخەینە روو کە چۆن ئەم حیزبە "رەسمیانە" (واتا ئۆپۆرتۆنیستی) سۆسیالیستانە، هاوکاتی بانگەشە و روونکردنەوەکانی خۆیان، لە هەر هەنگاوێکدا دەربڕینە تەواو روون و وردەکانی ئەنگلس بەلارێدا دەبەن. ئێمە دواتر کاتێک بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلس لەبارەی دەوڵەتی "**ئێستا**" دەخەینە روو، سەرجەم درۆی ئەو ئەندێشەیەی ئەنگلس لێرەدا رەتیدەکاتەوە، بە وردی شیدەکەینەوە.

ئەنگلس لە بەناوبانگترین نووسراوەکانی خۆیدا ئەنجامگیرییەکی گشتی لە بۆچوونەکانی خۆی وەردەگرێت، وەک ئەم وشانەی خوارەوە:

> "کەواتە دەوڵەت لە ئەزەلەوە سەریهەڵنەداوە. کۆمەڵگایەک هەبوون، کە بێ ئەو کاروبارەکانی خۆیان بەرەوپێشەوە بردووە و نەیانزانیووە دەوڵەت و دەسەڵاتی دەوڵەتی چییە. لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەی ئابوویدا، کە بەناچاری پەیوەستبووە بە دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر چینەکاندا، بوونی دەوڵەت، بەهۆی ئەم دابەشبوونەوە، بووەتە پێویستی. ئێستا ئێمە بە چەندان هەنگاوی خێرا لەو قۆناغەی گەشەی

ئابوورییە نزیکدەبینەوە، کە تیایاندا بوونی ئەم چینانە نەک هەر پێویستی خۆی لەدەستداوە، بەڵکو بووەتە رێگرییەکی راستەوخۆی بەرهەمهێنان. چینەکان بەهەمان ئەو ناچارییەی لە رابردوودا سەریانهەڵدا، لەناودەچن. بە لەناوچوونی چینەکان، دەوڵەتیش بەناچاری لەناودەچێت. کۆمەڵگایەک کە بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای هاوبەشییەکی ئازاد و یەکسانی بەرهەمهێنەران، بەشێوەیەکی نوێ رێکدەخات، کۆی دەزگای دەوڵەت رەوانەی ئەو شوێنە دەکات کە لەو سەردەمەدا شوێنی شیاوی ئەوە: بۆ مۆزەخانەی شوێنەوارە دەگمەنەکان لەپاڵ مەکینەی سەرەتایی رستن و تەوری برۆنزی."

لە بڵاوکراوە بانگەشەیی و روونکردنەوەکانی سۆسیال دیموکراسی هاوچەرخدا، زۆر کەم ئەم دەقە دەبینرێت. تەنانەت کاتێکیش ئاماژەی بۆ دەکەن، وەک بڵێیت کڕنووش بۆ رەمزێک دەبەن، واتا بە رواڵەت رێز لە ئەنگلس دەگرن، بەڵام زەرەیەک ئەرکی قوڵبوونەوە لەم بابەتە لەئەستۆ ناگرن، کە ئەم "ناردنی سەرجەم دەزگای دەوڵەتی بۆ مۆزەخانەی شوێنەوارە دەگمەنەکان" چ مەودایەکی فراوان و قوڵ بۆ شۆڕش لەخۆ دەگرێت. چ بگات بەوەی لەم خاڵانەش تێناگەن، کە ئەنگلس بە چ شتێک دەڵێت دەزگای دەوڵەتی.

### ٤- "پوکانەوە"ی دەوڵەت و شۆڕشی توندوتیژ

وتەکانی ئەنگلس لەبارەی "پوکانەوە"ی دەوڵەت بە رادەی مەودای بەناوبـــانگییەکەی فـــراوانە، بەهەمـــان رادەش دەهێـــرنێتەوە و بەهەمـانڕادەش جەوهەری لادانـی ئاسـایی مارکسـیزم و یەکهـاتنەوەی لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیزمـدا بەرجەسـتە دەکـاتەوە، کە پێویسـتە بە وردی لەسـەری بوەسـتین. هەروەهـا لێـرەدا سـەرجەم ئەو ئارگیومێنتـانە ئەهێنینەوە کە ئەو وتانەیان لێدەرکێشراون:

"پرۆلیتاریـا دەسـەڵاتی دەوڵەت بەدەسـتەوە دەگرێـت و پـێش هەمـوو شـتێک هۆیەکـانی بەرهەمهێنـان دەکـاتە مـوڵکی دەوڵەت. بەڵام بەم کـارە لایەنە پـرۆلیتەرییەکەی خۆیشـی لەنـاو دەبـات و سـەرباری ئەوە سـەرجەم جیـاوازییە چینایەتییەکـان، هەر جـۆرە ناکۆکییەکی چینایەتی و هاوکـات خـودی دەوڵەتـیش وەک دەوڵەت لەناو دەبات. بۆ کۆمەڵگایەک کە تا ئێستا هەیە و هێشتایش ماوە، کۆمەڵگـــایەک کە لە خـــولگەی نـــاکۆکییە چینایەتییەکانـــدا دەسـوڕێتەوە، دەوڵەت، واتـا دامەزراوەی چینـی چەوسـێنەر، لەو شـوێنەوە بـووەتە پێویسـتی کە بـارودۆخی دەرەکـی ئەم چینـە لە بەرهەمهێناندا بپارێزێـت، بە دەربڕینێکـی تـر، لەو شـوێنەوە بـوەتە پێویســتی، کە بەتـــایبەت چینـــی چەوســـێنەر تونـــدوتیژی لە بارودۆخێکدا وادا هێشتەوە، کە شـێوەی ئێسـتای بەرهەمهێنـان بـۆ سـەرکوتکردنی ئەم چینـە هێنـاویەتییە دی (کـۆیلەیەتی، سـێرف، کاری کرێگرتە). دەوڵەت نوێنەری رەسمی سەرجەم کۆمەڵگـا بـوو، دەرخەری چەقبەسـتنی کۆمەڵگـا بـوو لە کۆپراسـیۆنێکی بینـراودا، بەڵام لەو کاتەوە دەوڵەتی چینێک بووە، کە لەسەردەمی خۆیـدا بە

تاکە نـوێنەری سـەرجەم کۆمەڵگا دادەنرا: لەسـەردەمە کۆنەکانـدا دەوڵەتـــی خـــاوەن کـــۆیلە- هاوڵاتیـــانی دەوڵەت، لە ســـەدەکانی ناوەڕاسـتدا دەوڵەتـی پاشـایەتی فیـودالی و لە سـەردەمی ئـێمەدا دەوڵەتـی بـۆرژوازی. دەوڵەت لە کۆتایـدا کاتێـک دەبێـتە نـوێنەری راسـتەقینەی سـەرجەم کۆمەڵگـا، کە لەلایەن خـۆیەوە دەسـتی بردبێـت بـۆ هەڵوەشـانەوەی خـۆی. لەو کـاتەی هـیچ چینێکـی کۆمەڵایەتی نەمابێتەوە پێویستی بە سەرکوتکردن بێت، لەو کـاتەی هاوشانی باڵادەستی چینایەتی، هاوشانی ململانێ لەپێناو مـانەوەی تاکەکەسـیدا، کە بەرەنجـامی نـاجێگیری بەرهەمهێنـانی ئێسـتایە، بەیەکدادانەکان و ئەو پەڕگیریانەیشی کە لەم ململانێیەوە سەرچاوە دەگـرن نەمـابێ- لەو کـاتەدا ئیتـر نە شـتێک بـۆ سـەرکوتکردن دەمێنێـتەوە و نە پێویسـت بە هێزێکـی تـایبەتی سـەرکوتکردن دەکات، واتا پێویستییەک بە دەوڵەت نامێنێتەوە. یەکەمـین کارێک کە دەوڵەت بە واقیعی وەک نوێنەری تەواوی کۆمەڵگا دەستی بۆ دەبات- واتا رێکخستنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە بەناوی کۆمەڵگا- هاوکات ئەوە دواین کاری سەربەخۆیەتی وەک دەوڵەت. لەو کاتەوە ئیتر دەستێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە کاروبارە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، یەک لەدوای یەک نامێنن و خۆبەخۆ دەخەوێنـــرێن. شـــوێنی حکـــومەتکردن بەســـەر تاکەکـــان، بە بەڕێـــوەبەرێتی کاروبـــاری شـــتەکان و سەرپەرشـــتیاری رەوتـــی بەرهەمهێنـــان پــڕ دەکـرێتەوە. دەوڵەت "هەڵناوەشـێتەوە" بەڵکـو **دەپـــوکێتەوە**. کەواتە دەبێـت رسـتەی پەیوەسـت بە "دەوڵەتـــی جەماوەری ئازاد" هەڵبسەنگێندرێت، کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەهـانەی

بەکارهێنانی هەبوو، بەڵام لە جەوهەردا خاوەن پێگەیەکی زانستی نەبوو. هەروەها دەبێت ئەوەش کە دەوترێت ئانارشیستەکان "داوا دەکەن لە بە یەک شەو دەوڵەت هەڵبوەشێتەوە" لەسەر ئەم بنەمایە تاوتوێ بکرێت. (ئانتی دورینگ، شۆڕشی جەنابی ئەوژن دورینگ لە زانستدا، چاپی سێیەمی ئەڵمانی، ل٣٠١ تا ٣٠٣).

ئەتوانرێت بە بوێرییەوە بوترێت، کە لەم ئارگیومێنتانەی ئەنگلسەوە، کە هەڵگری گەلێک ئەندێشەی بەنرخن، تەنیا شتێک کە لە حیزبەکانی ئێستای سۆسیال دیموکراتیدا، بووەتە ئەندێشەی سۆسیالیستی، ئەمەیە کە بەگوێرەی بۆچوونی مارکس، دەوڵەت "دەپوکێتەوە" و لەکاتێکدا بەگوێرەی دیکتۆرینی ئانارشایستی دەوڵەت "هەڵدەوەشێتەوە". پەلکێشکردنی سەروکەلەی مارکس بەم ئاراستەیەدا، بەواتای دابەزاندنییەتی بۆ ئاستی ئۆپۆرتۆنیزم، چونکە بە "شیکردنەوە"یەکی لەم جۆرە، تەنیا شتێک کە دەمێنێتەوە وێناکردنێکی نارۆشنە لەبارەی گۆڕانێکی تەدریجی، ئارام و لەبار، بۆ نەهێشتنی بازدان و تۆفانەکان، بۆ لەدەستدانی شۆڕش. "پوکانەوە"ی دەوڵەت بەگوێرەی واتا باوەکەی، ئەگەر دەربڕینێکی لەم جۆرە گونجاوبێت، بەگوێرەی واتا جەماوەرییەکەی، بێگومان ئەگەر نارۆشنی نەبێت، ئەوا رەتکردنەوەی شۆڕشە.

لە کاتێکدا ئەم جۆرە "راڤەکردنە" بێسەروبەرترین بەلاڕێدابردنی مارکسیزمە، ئەویش بەلاڕێدابردنێک، کە هەر بۆ سەرمایەداری بەکەڵکە و لە رووی تیۆرییەوە پشت ئەستورە بە فەرامۆشکردنی گرنگترین ئەو

خـاڵ و تێبینیـانەی، کە تەنـانەت لەو ئەنجـامگیرییە "گشـتی"یانەی ئەنگلسیشدا هاتوون، کە ئێمە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداون.

یەکەم، لە سـەرەتای ئەم ئـارگیومێنتەدا ئەنگلـس دەڵێـت کاتێـک پرۆلیتاریـا دەسـەڵاتی دەوڵەت بەدەسـتەوە دەگرێـت، "بەم کـارە، دەوڵەتیش وەک دەوڵەت لەناودەبات". بیرکردنەوە لە واتـای ئەم وتەیە "نەبـووەتە بـاو". بەگشـتی ئەم مەسـەلەیە لەبەرچـاو نـاگرن یـان بە شتێکی سروشتیانەی "لاوازیی هێگڵی"ی ئەنگلس دایدەنێن. لەکاتێکدا ئەم وتانەی ئەنگلس لە ئەزمـوونی یەکێـک لە گەورەتـرین شۆڕشـەکانی پـرۆلیتەری، واتـا ئەزمـوونی کۆمـۆنەی ١٨٧١ ەوە پـوختەکراون، لە راسـتیدا لێـرەدا ئەنگلـس لەبـارەی "لەنـاوبردنی" دەوڵەتـی بـۆرژوازی لەلایەن شۆڕشـی پـرۆلیتەرییەوە دەدوێـت، بەڵام ئەوەی لەبـارەی "پوکـانەوە" وتـراوە، پەیوەسـتە بە پاشـماوەی پێکهـاتەی **دەوڵەتـی پرۆلیتەری لەدوای** شۆڕشـی سۆسیالیسـتی. بەگوێرەی وتەی ئەنگلـس دەوڵەتـی بـۆرژوازی "نـاپوکێتەوە" بەڵکـو لەلایەن پرۆلیتاریـاوە لە شۆڕشێکدا "لەناو دەچێت". ئەوەی لەدوای ئەم شۆڕشـە دەپـوکێتەوە، دەوڵەتی پرۆلیتەریا یان نیوە دەوڵەتە.

دووەم، دەوڵەت "هێزێکی تایبەت بۆ سـەرکوتکردن"ە. ئەم پێناسـە بەرجەستە و قوڵەی ئەنگلس لێرەدا بە روونییەکـی بێـوێنەوە خـراوەتە روو. بەڵام لەم پێناسەیەدا ئەوە دەردەکەوێت کە "هێزێکی تـایبەت بـۆ سـەرکوتکردن"ی پرۆلیتاریـا لەلایەن بـۆرژوازییەوە، سـەرکوتکردنی ملیۆنـان رەنجـبەر لەلایەن مشـتێک تاوانبـارەوە دەبێـت بە "هێزێکـی تـایبەت بـۆ سـەرکوتکردن"ی بـۆرژوازی لەلایەن پرۆلیتاریـاوە (واتـا

دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) جێگۆرکێی پێبکرێت. واتا "لەناوبردنی دەوڵەت وەک دەوڵەت"یش هەر لەمەدایە. واتای "هەنگاونان" بۆ کردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە موڵکی کۆمەڵگاش لەمەدایە. خۆبەخۆ روونە کە **ئەم جۆرە** جێگۆرکێیەی "هێزی تایبەت"ی (بۆرژوازی) لە "هێزی تایبەت"ی (پرۆلیتاریا) بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت هاوشێوەی "پوکانەوە" بێتەدی .

سێیەم، کاتێک ئەنگلس قسە لە "پوکانەوە" و تەنانەت لەوەش بەرجەستەتر و جوانتر، لە"خۆ خستنە سەرە مەرگەوە"ە دەکات، زۆر بەروونی و ئاشکرا مەبەستی لە قۆناغی دوای "خاوەنداریێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن دەوڵەتەوە بەناوی سەرجەم کۆمەڵگاوە"یە، واتا لەدوای شۆڕشی سۆسیالیستی. ئێمە هەموومان ئەزانین، کە پێکهاتەی سیاسی "دەوڵەت" لەم قۆناغەدا کاملترین دیموکراسییە. بەلام هیچ یەکێک لەو ئۆپۆرتۆنیستانەی بێشەرمانە مارکسیزم بەلارێدادەبەن، بەفکریشیاندا نەهاتووە لە لەسەر ئەم بنەمایە، مەبەستی ئەنگلس "خۆ خستنە سەرەمەرگەوە" و "پوکانەوە"ی **دیموکراسیە**. ئەمە لە یەکەم نیگادا زۆر سەیر دێتە بەرچاو، بەلام تەنیا بۆ کەسێک مایەی "تێگەیشتن" نییە، کە لەو خاڵە قوڵ نەبووبێتەوە کە دیموکراسیش دەوڵەتە، کەواتە هەرکاتێک دەوڵەت لەناوچوو، دیموکراسیش لەناو دەچێت. تەنیا شۆڕش ئەتوانێت دەوڵەتی بۆرژوازی "لەناو بەرێت". دەوڵەت بەگشتی، واتا کاملترین بۆرژوای تەنیا ئەتوانرێت "بپوکێتەوە."

چوارەم، ئەنگلس دوای خستنەرووی پێشنیازە بەناونگەکەی، کە "دەوڵەت دەپوکێتەوە" خێرا و لەهەمان شوێندا بەشێوەیەکی تایبەت

روونیدەکاتەوە، کە ئەم پێشنیازە هەم دژی ئۆپۆرتۆنیستەکانە و هەم دژی ئانارشیستەکان. هاوکات لە پێشنیازی پەیوەست بە "پوکانەوەی دەوڵەت"ی ئەنگلس، ئەو ئەنجامگیرییەی کە لەدژی ئۆپۆرتۆنیستەکانە، لەپێشترە.

ئەتوانێت گرەو لەسەر ئەوە بکرێت، کە لەو ١٠.٠٠٠ کەسەی لەبارەی "پوکانەوە"ی دەوڵەتەوە شتێکیان خوێندوەتەوە یان بیستویانە، ٩.٩٩٠ کەسیان هەر نازانن و لەبیریان نییە، کە ئەنجامگیرییە دەرکێشراوەکان لەم پێشنیازەی ئەنگلس تەنیا **ئاراستەی** ئانارشیستەکان **نەکراوە**. بە گریمانەیەکی زۆرەوە لەو ١٠ کەسەی دەمێنێتەوە نۆ کەسیان نازانن "دەوڵەتی جەماوەری ئازاد" چی دەگەیەنێت و بۆچی هێرشکردنە سەر ئەم شیعارە هێرشە بۆ سەر ئۆپۆرتۆنیستەکان. مێژوو ئاوا ئەنووسرێتەوە! بەم جۆرە فێرکردنێکی گەورەی شۆڕشگێڕانە بێناوەڕۆک دەکرێت و دەبێتە مەکتەبێکی عامیانەی باو. ئەو ئەنجامگیرییەی کە لەدژی ئانارشیستەکانە، هەزاران جار دووبارەکراوەتەوە، بێبەهاکراوە و بە عامیانەترین شێوەیەک ئاخێنراوەتە ناو زەینەکان و جێگرییەکەی خورافیانەی وەرگرتووە. بەڵام ئەو ئەنجامگیریانەی کە لەدژی ئۆپۆرتۆنیستەکانە پەردەپۆش و "فەرامۆشکراون.!"

"دەوڵەتی جەماوەری ئازاد"، لە حەفتاکاندا، یەکێک بوو لە داواکارییە بەرنامەییەکان و شیعاری سەرزمانی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا. ئەم شیعارەدا، بەدەر لە وەسفێکی فرپودەرانە بۆ چەمکی دیموکراسی، هیچ جۆرە ناوەڕۆکێکی سیاسی نییە. چونکە لەم

شیعارەدا بە ئاشکرا ئاماژە بۆ کۆماری دیموکراتی دەکرێت. ئەنگلسیش لەم مەودایەدا ئامادە بوو لە سۆنگەی ئاژیتاسۆرییەوە "بۆ ماوەیەک" "بە رەوای بزانێت". بەڵام ئەم شیعارە تایبەتمەندییەکی ئۆپۆرتۆنیستی هەیە، چونکە نەک هەر ستایشی دیموکراسیی بۆرژوازی دەکات، بەڵکو سەرباری ئەوەش ئاماژەیشە بۆ تێنەگەیشتن لە رەخنەی سۆسیالیستانەی هەر جۆرە دەوڵەتێک بە گشتی. ئێمە لایەنگری کۆماری دیموکراتین، چونکە لە قۆناغی سەرمایەداریدا ئەم کۆمارە بۆ پرۆلیتاریا باشترین جۆری دەوڵەتە، بەڵام ئێمە مافی ئەوەمان نییە ئەو خاڵە فەرامۆشبکەین، کە لە دیموکراتیترین کۆماری بۆرژوایشدا، بەشی جەماوەر کۆیلەیەتی کرێیە. هەرچۆنێک بێت، هەر دەوڵەتێک یەک"هێزی تایبەت"ە بۆ سەرکوتکردنی چینی ستەمکێش، **هیچ** دەوڵەتێک **نە** "ئازاد"ە و **نە** "دەوڵەتی جەماوەری"ە. مارکس و ئەنگلس لە حەفتاکاندا گەلێک جار ئەم مەسەلەیان بۆ هاورێ حیزبییەکانی خۆیان روونکردووەتەوە.

پێنجەم. لەهەمان نووسراوی ئەنگلسدا، کە ئارگیومێنتی پەیوەست بە پوکانەوەی دەوڵەتی تێدایە و هەمووان لەبیریانە، ئارگیومێنتێکیشی سەبارەت بە گرنگی شۆڕشی توندوتیژانە تێدایە. لێرەدا شیکردنەوەی مێژوویانەی ئەنگلس لەبارەی رۆڵی ئەم شۆڕشە دەگۆڕێت بە ستایشنامەیەکی واقیعی لە وەسفکردنیدا. "کەس لەبیری نییە" ئەم مەسەلەیە لە لێدوان دەربارەی گرنگی ئەم ئەندێشەیە و تەنانەت بیرکردنەوە لێی لەناو حیزبەکانی ئێستای سۆسیال دیموکراتیدا نەبووەتە باو، لە روونکردنەوة و روونکردنەوە و بانگەشەی رۆژانەی ناو

جەمــاوەردا ئەم ئەندێشــەیە هــیچ رۆڵێــک ناگێڕێــت. لەکاتێکــدا ئەم ئەندێشــانە پەیوەنــدییەکی نەپچڕاویــان بە مەســەلەی "پوکــانەوە"ی دەوڵەتەوە هەیە و بە یەکەوە لە هارمۆمنییەکدان.

ئەمە ئارگیومێنتەکەی ئەنگلسە:

"سەبارەت بەوەی کە هێزی تونـدوتیژی لە مێـژوودا رۆڵـی تـریش دەگێڕێت" [بەدەر لەوەی هێـزی جەنـگ لەخـۆ دەگرێـت] "کە ئەویـش رۆڵــی شۆڕشــگێڕانەیە، ســەبارەت بەوەی کە هێــزی تونــدوتیژی، بەگوێرەی وتەی مارکس، بۆ هەر کۆمەڵگایەکی کۆن، کە دووگیانە بە کۆمەڵگــای نــوێ، وەک مامــان وایە، لەبــارەی ئەوەوە، کە هێــزی تونـدوتیژی ئەو جـۆرە چەکەیە کە بـزووتنەوەی کـۆمەڵایەتی بەهـۆی ئەوەوە خـۆی ســازو ئامــادە دەکـات و پێکهـاتە سیاسـییە وشـک و بێگیانەکان لەبەریەکهەڵدەوەشێنتەوە - جەنابی دورینگ لەبارەی هـیچ یەکێکیـانەوە نادوێـت. تەنیـا بە ئـاهو و نـاڵەیەکەوە ئەم گریمـانەیە ئەکـات، کە لەوانەیە بـۆ لەنـاوبردنی باڵادەسـتی سـتەمگەران، هێـزی توندوتیژی پێویست بێت - بەراستی مایەی داخە! چونکە هەر جـۆرە بەکارهێنـانێکی تونـدوتیژی بەگـوێرەی دەربڕینەکـانی ئەوان، دەبێـتە هــۆی گەنــدەڵبوونی ئاکــاری ئەو کەســانەی پێیهەڵدەســتن. ئەم مەسەلەیە سەرباری ئەو شۆکە ئاکاری و ئابڕومەندییەی دەوترێت، کە هەر شۆڕشێکی سەرکەوتوو لەگەڵ خۆیـدا دەیهێنێـت! ئەم مەسـەلەیە لە ئەڵمانیایەکـدا دەوترێـت، کە تیایـدا بەیەکـدادانە تونـدوتیژییەکان، بەیەکدادانێک کە هەرچۆنێک بێت بەسەر جەماوەردا سەپاوە، لانیکەم ئەم باشـییەی هەیە، کە رۆحـی خەفەبـوو، رۆحێـک کە لە ئەنجـامی

خراپییەکانی سوکایەتیی جەنگی سی ساڵەدا ڕۆچۆتە ناو زەینی جەماوەرەوە، لەناوببات. ئەوکات ئەو جۆرەی بیرکردنەوە سەرەگێژە، بێ هەست و نزمە بوێری ئەوەی دەبێت خۆی بخاتە بەرامبەر شۆڕشگێڕترین حیزبێک، کە تائێستا مێژوو بەخۆیەوەی نەبینیووە؟" (چاپی سێیەمی ئەڵمانی، کۆتایی بەشی چوارەم، بەندی دووەم، ١٨٨٥، ل ١٩٣)

چۆن ئەتوانرێت ئەم ستایشنامەی شۆڕشی توندوتیژی، کە ئەنگلس لە ساڵی ١٨٧٨ تا ١٨٩٤ ، واتا تا کاتی مردنی، پێداگیرانە دەیخستە بەردەم سۆسیال دیموکراتەکان، لەگەڵ تیۆری "پوکانەوە"ی دەوڵەتدا بکرێنە تاکە تیۆرییەک؟

بەگشتی ئەم دووانە بەهاوکاری شێوازی ئەکلیکتیزم کۆدەکەنەوە، واتا بێمەبەست و بە سەفستانەی دڵخوازانەی خۆیان (یان بۆ ڕەزامەندی ئەو هێزەی دێت) بابەتێک کە لە فڵان یان فیسار باسەوە دەردەکێشن و هاوکات لە ٩٩ کەیس لە سەد کەیس و لەوانەیە زیاتریش، هەمان مەسەلەی "پوکانەوە" دەخەنە ڕیزی پێشەوە. ئەکلیکتیزم دەخرێتە شوێنی دیالەکتیک، لە ئەدەبیاتی ڕەسمی سۆسیال دیموکراتی سەردەمی ئێمەدا، ئەمە ئاساییترین و باوترین دیاردەیە، کە لە مارکسیزمدا دەبینرێت. تەنانەت شوێنگۆڕکێیەکی لەم جۆرەش تازە نییە و تەنانەت لە مێژووی فەلسەفەی کلاسیکیی یۆنانیشدا بەرچاو دەکەوێت. کاتێک بیانەوێت ئۆپۆرتۆنیزم بە ناوی مارکسیزمەوە جێگۆڕکێ پێبکەن، باشترین ڕێگا بۆ فریودانی جەماوەر

ئەمەیە، کە ئەکلیکتیزم بەناوی دیالەکتیکەوە بخەنە روو. چونکە بەم جۆرە رەزامەندییەکی درۆینانە فەراهەمدەبێت و گوایە سەرجەم لایەن و بەشەکانی پرۆسەی سەرجەم مەیلە رەهاکان، سەرجەم کاریگەرییە ناکۆکەکان و هتد بەرچاوگیراون، لەکاتێکدا کە ئیتر ئەو شێوازە، هەرگیز بۆچوونێکی شۆڕشگێڕانە و گشتگیر بۆ پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتی نادات بەدەستەوە.

لەسەرەوە ئاماژەمانپێدا و دواتر بەوردی دەیخەینە روو، کە تیۆری مارکس و ئەنگلس لەبارەی ناچاری شۆڕشی توندوتژەوە پەیوەستە بە دەوڵەتی بۆرژوازییەوە. ئەم دەوڵەتە **ناتوانێت** لە رێگای "پوکانەوە" شوێنی خۆی بداتە دەوڵەتی پرۆلیتەری (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) و ئەم کارە بەگوێرەی رێسای گشتی، تەنیا لە رێگای شۆڕشی توندوتیژییەوە ئەتوانرێت ئەنجام بدرێت. ستایشنامەی ئەنگلس لە بارەی ئەم شۆڕشەوە بە تەواوی لەگەڵ دەربڕینەکانی مارکس دا دێتەوە – (بڕوانە بەشی کۆتایی هەژاریی فەلسەفە و مانیڤێستی کۆمۆنیست، کە چۆن لەوانەدا سەربڵندانە و بە ئاشکرا حەتمیەتی شۆڕشی توندوتیژانە خراوەتە روو. بڕوانە بەرنامەی گۆتا لە ١٨٧٥، کە نزیکەی ٣٠ ساڵ لەدوای ئەوان نووسراوە، مارکس لەودا بێبەزەییانە لە ئۆپۆرتۆنیزمی ئەم بەرنامەیە دەدات)– ئەم ستایشنامەیە هیچ جۆرە "شلەژان"ێک و وڕێنە یان بە مەبەستی پلمیک نییە. پێویستی راهێنانی سیستماتیکی جەماوەر بەو بەشەی کە لەگەڵ ئەم تیۆرییە و هاوکات لەگەڵ ئەم تیۆرییەی شۆڕشی توندوتیژیدا دێتەوە، ئەو خاڵەیە کە شادەماری سەرجەم تیۆری مارکس و ئەنگلس پێکدەهێنێت. بەرجەستەترین

نیشـــانەی خیـــانەتی ڕەوتـــی زاڵـــی ئێســـتای سۆســـیال شـــۆڤێنیزم و کاوتیسکیزم لە تیۆری مـارکس و ئەنگلـس ئەمەیە، کە چ ئەم ڕەوتە و چ ئەوەی تریان ئەم ئاژیتاسیۆن و پڕوپاگەندەیان فەرامۆشکردووە.

بێ شۆڕشی توندوتیژی، گۆڕینی دەوڵەتـی بـۆرژوازی بە دەوڵەتـی پرۆلیتەری مەحاڵە. لەنـاوبردنی دەوڵەتـی پـرۆلیتەری، بە دەربڕینێکـی تر، لەناوبردنی دەوڵەت بەگشـتی بەدەر لە ڕێگـای "پوکـانەوە" لە هـیچ ڕێگایەکی ترەوە مەیسەر نابێت.

مـــارکس و ئەنگلـــس هاوکـــاتی لێکـــدانەوەی هەر بـــارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە بەجیا و هاوکاتی شیکردنەوەی ئەو وانـانەی لە ئەزمـوونی هەر شۆڕشێکدا بە جیا بەدەست دێـن، ئەم تیۆریانەیـان بە وردی و بە تـــایبەت گەشـــەپێدەدات. ئـــێمە ئێســـتا دەچیـــنە ســـەر ئەو بەشـــانەی تیۆرییەکەیان، کە بێگومان گرنکترین بەشییەتی.

# بەشی دووەم:
# ئەزموونی ١٨٤٨-١٨٥١

## ١- سەردەمی شۆڕش

یەکەمین کارە پاراوەکانی مارکسیزم، واتا کتێبی "هەژاریی فەلسەفە" و "مانیڤێستی کۆمۆنیست" دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی ١٨٤٨. هەر بۆیە لێرەدا لە رووی چۆنێتییەوە، سەرباری شیکردنەوەی پرەنسیپی گشتیی مارکسیزم، تا ئاستێکی دیاریکراو رەنگدانەوەیەکمان لە بارودۆخی شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمە لەبەر دەستدایە، بۆیە لەوانەیە وا باشتربێت چەند خاڵێک باس بکەین، کە نووسەرانی ئەو بەرهەمانە، راستەوخۆ پێش ئەنجامیگرییەکانیانی خۆیان لە ئەزموونی ١٨٤٨-١٨٥١ لەبارەی دەوڵەتەوە خستویانەتە روو.

مارکس لە "هەژاریی فەلسەفە"دا دەنووسێت:

> "چینی کرێکار، لە رەوەندی گەشەکردنیدا، لەبری کۆمەڵگای کۆنی بۆرژوازی، کۆمەڵگایەکی وا بەرپا دەکات، کە بوونی چینەکان و بەرامبەرکێی چینەکان نامومکین بکات. ئیتر هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی نامێنێت، چونکە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بەرجەستەکەری بەرامبەرکێی چینەکانە لە هەناوی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا" (چاپی ئەڵمانی ١٨٨٥، ل ١٨٢)

وا باشتره ئەگەر ئەوەی مارکس و ئەنگلس لە چەند مانگێک دواتر واتــا لە تشــرینی یەکەمــی ١٨٤٨- لە "مانیڤێســتی کۆمۆنیســت"دا خســتویانەتە روو، لەگەڵ ئەم شــیکردنەوە گشــتییەی ئەندێشــەکانی پەیوەســت بە پوکــانەوەی دەوڵەت لەدوای نەمــانی چینەکــان، بەراورد بکەین:

"ئــێمە لەگەڵ ناســاندنی ســەرەکیترین قۆناغەکــانی گەشــەی پرۆلیتاریا، ئەو جەنگە ناوخۆییە کەم تا زۆرەی لە هەناوی کۆمەڵگای ئێســتادا هەیە، تــا ئەو خــاڵەی کە دەبێــتە شۆڕشــێکی ئاشــکرا و پرۆلیتاریـا بە لەنـاوبردنی تونـدوتیژانەی بـۆرژوازی، دەسـەڵاتی خـۆی جێگیر دەکات، لێکداوەتەوە"..

"لەسـەرەوە بینیمـان کە یەکەم هەنگـاوی شـۆڕش لەلایەن چینـی کرێکارەوە بریتییە لە گۆڕینی" (واتای وشەیی: هەڵکشان) "پرۆلیتاریـا بۆ چینی دەسەڵاتدار و بەدەستهێنانی دیموکراسی."

"پرۆلیتاریا کەڵک لە باڵادەسـتی سیاسـی خـۆی وەردەگرێت، تـا هەنگاو بە هەنگاو سەرجەم سەرمایە لە چنگی بۆرژوازی دەربکێشێت و ســەرجەم ئامرازەکــانی بەرهەمهێنــان لەدەســتی دەوڵەت، واتــا پرۆلیتارییایەک کە وەک چینی دەسەڵاتدار رێکخراوە، کۆبکـاتەوە و بە خێراییەکی زیاترەوە کۆی هێزە بەرهەمهێنەرەکان فراوانتر بکات."

لێــــرەدا ئــــێمە بەرەورووی یەکێــــک لە بــــاڵاترین و گرنگتــــرین فۆرمۆڵەکانی ئەندێشەی مارکسیزم لەبارەی پرسـی دەوڵەت دەبینـەوە، واتا ئەندێشەی "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" (کە مارکس و ئەنگلس لەدوای

کۆمـۆنەی پاریســەوە بەکاریانهێنــاوە) و دواتــر پێناســەیەکی بێــڕادە ســـەرنجڕاکێش بـــۆ دەوڵەت دەبینـــین، کە ئەویـــش لە ریـــزی "وتە فەرامۆشـــکراوەکان"ی مارکســیزمە. "دەوڵەت، واتــا **پرۆلیتاریــایەک کە بەشێوەی چینی دەسەڵاتدار رێکخراوە**"

ئەم پێناســەکردنە بــۆ دەوڵەت، نەک هــیچ کاتێــک لە بڵاوکــراوە بانگەشــەیی و روونکــردنەوە رەســمییەکانی سۆســیال دیموکراتیــدا لێکــنەدراوەتەوە، بەڵکــو ســەرباری ئەوەش، بەشــێوەیەکی تــایبەت فەرامۆشــکراوە، چــونکە ئەو پێناســەیە بە هــیچ جۆرێــک لەگەڵ ریفۆرمیســتیدا نــایەتەوە و گــورزێکە بــۆ ئەو خورافــاتە بەردەوامەی ئۆپۆرتۆنیستییەکان و خۆشخەیاڵییە وردە بۆرژوازییەکـان سەبارەت بە "گەشەی ئاشتیانەی دیموکراسی."

پرۆلیتاریــا پێویســتی بە دەوڵەتە- ســەرجەم ئۆپۆرتۆنیســتەکان، سۆسـیال شۆڤێنیسـتەکان و کاوتسکیسـتەکان ئەم وشـانە دەڵێـنەوە و دڵنیـایی دەدەن کە وانەکـانی مـارکس بەو جـۆرەیە، بەڵام "**فەرامۆشـی دەکەن**" ئەم خـاڵەی بـۆ زیــاد بــکەن، کە یەکەم، بەگــوێرەی وتەی مارکس، پرۆلیتاریا تەنیا پێویستی بەو دەوڵەتەیە کە بپوکێتەوە، واتـا پێکهاتەکەی بە جۆرێک بێت، کە راستەوخۆ بەرەو پوکـانەوە بچێت و نەتوانێـت خـۆی لە رێگـای پوکـانەوە لابـدات، دووەم، زەحمەتکێشـان پێویســتیان بە دەوڵەتە، واتــا "پرۆلیتاریــایەک کە بەشــێوەی چینــی دەسەڵاتدار رێکخراوە."

دەوڵەت رێکخراوێکــی تــایبەتی هێــزە، واتــا رێکخراوێکــی هێــزی تونـدوتیژییە بـۆ سـەرکوتکردنی چینێکـی دیـاریکراو. بەڵام پرۆلیتاریـا

دەبێت چی چینێک سەرکوت بکات؟ دیارە هەر چینی ستەمگەرە، واتا بۆرژوازی، زەحمەتکێشان دەوڵەتیان تەنیا بۆ تێکشاندنی بەرگری چەوسێنەران پێویستە، بەڵام رابەرایەتیکردنی ئەم کارە و جێبەجێکردنەکەی تەنیا لە ئەستۆی پرۆلیتاریایە، کە تاکە چینی تاسەر شۆڕشگێڕە و تەنیا چینێکە ئەتوانێت سەرجەم زەحمەتکێشان و چەوساوەکان بۆ خەباتی دژی بۆرژوازی و لەناوبردنی یەکجاری رێکبخات.

چینە چەوسێنەرەکان، باڵادەستی سیاسییان بۆ پاراستنی چەوساندنەوە، واتا بۆ للەزەتی چاوچنۆکی کەمایەتییەکی کەم لەدژی زۆربەیەکی زۆری جەماوەر پێویستە. چینە چەوساوەکان، باڵادەستی سیاسیان بۆ لەناوبردنی تەواوی هەر جۆرە چەوسانەوەیەک پێویستە، واتا بۆ بەرژەوەندی زۆربەی زۆری جەماوەر لەژی کەمایەتییەکی کەمی خاوەن کۆیلە هاوچەرخەکان، کە خاوەن زەوی و سەرمایەدارانن.

وردە بۆرژوا دیموکراتەکان، ئەم بە رواڵەت سۆسیالیستانە، کە مشتێک ئامۆژگاری کاڵوکرچیان لەبارەی پێکەوەهەڵکردنی چینەکان، دەخەنە شوێنی ململانێی چینەکان، چەمکە سۆسیالیستییەکان وەک ئامۆژگارییەک لە زەینی خۆیاندا بەرجەستە دەکەنەوە، واتا نە وەک لەناوبردنی باڵادەستی چینی چەوساوە، بەڵکو بەشێوەی شوێنەکەوتنی ئاشتییانەی کەمایەتییەکی ئەو زۆربەیەی کە سەرقاڵی ئەرکەکانی خۆیانن. ئەم یۆتۆپیا وردە بۆرژوازیانە کە پەیوەندییەکی نەیچڕاویان بە پەسەندکردنی تیۆری دەوڵەتی سەروو چینایەتییەوە هەیە، بەکردەوە هەمیشە ئاراستەی کارەکان بەرەو خیانەت لە بەرژەوەندییەکانی

زەحمەتکێشـــان بـــردووە، هەر بەو جـــۆرەی، بـــۆ نمـــوونە، مێـــژووی شۆڕشـــەکانی ١٨٤٨ و ١٨٧١ ی فەرەنســا خســتویەتییە روو، هەر بەو جۆرەی ئەزموونی بەشـداری "سۆسیالیسـتەکان" لە کـابینەی بـۆرژوازی ئینگـاتەرا، فەرەنسـا، ئیتالیـا و سـەرجەم وڵاتەکـانی تـر، لە کۆتـایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠، خستویانەتە روو.

مـارکس، لەمـاوەی ژیـانی خۆیـدا، لەگەڵ ئەم سۆسیالیسـتە وردە بۆرژوازییـانەدا کەوتـۆتە ململانێـوە، کە ئێسـتا حیزبەکـانی سۆسـیال شۆڕشـگێڕ و مەنشـەفیەک لە روسـیادا گیانیـان بەبەردا کـردووەتەوە. مـارکس تیـۆریی ململانێـی چینـایەتی بەشـێوەیەی پـتەو داڕشـت و گەیانـدویەتییە تیـۆرییەکی پەیوەسـت بە دەسـەڵاتی سیاسـی، واتـا دەوڵەت.

لەنـاوبردنی بالادەسـتی بـۆرژوازی تەنیـا بەدەسـتی پرۆلیتاریـا مـومکینە، چـونکە پرۆلیتاریـا ئەو چینـە تـایبەتەیە کە هەلـومەرجی بژێـوییە ئـابوورییەکەی ژیـانی، بـۆ هێنـانەدی ئەم لەنـاوبردنە ئامادەیـدەکات، بـوار و هێـزی ئەم کـارەی پێدەبەخشـێت. بـۆرژوازی، لەکاتێکدا کە جووتیاران و سەرجەم تـوێژە وردە بۆرژواییەکـان دابـڕا و پەراگەنـدە دەکـات، پرۆلیتاریـا بەرەو یەکتـر پـاڵ پێـوە دەنێـت و رێکخراوی دەکات. تەنیا پرۆلیتاریـایە – لەسـایەی رۆڵێکـی ئـابوورییەی لە بەرهەمهێنـانی گەورەدا هەیەتـی – ئەتوانێـت پێشـەوای سـەرجەم جەمـاوەری زەحمەتکـێش و چەوسـاوەکان بێـت، کە بۆرژواکـان ئەوانە ئەخەنە بەر چەوسانەوە و ستەم و فشـارێکی وا، کە لەوەی پرۆلیتاریـا

کەمتر نییە، بەڵکو زیاترە، بەڵام ئەم جەماوەرە ئەو توانایییەی نییە، کە **سەربەخۆ** خەبات بۆ ئازادی خۆیان بکەن.

ڕێنماییەکانی پەیوەست بە خەباتی چینایەتی، کە مارکس لەبارەی پرسی دەوڵەت و شۆڕشی سۆسیالیستییەوە بەکاریهێناوە، بەناچاری بەرەو پەسەندکردنی بۆچوونی **دەسەڵاتی سیاسی** پرۆلیتاریا، واتا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، واتا **دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی** دەچێت، تەنیا پشت ئەستورە بە هێزی چەکداری جەماوەری. لەناوبردنی بورژوازی، تەنیا ئەو کاتە دێتە دی، کە پرۆلیتاریا ببێتە چینێکی دەسەڵاتدار، کە ئەتوانێت بەرگری سەرومالّی بورژوازی تێکشکێنێت و سەرجەم جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوە بۆ شێوەیەکی نوێی ئابووری ڕێکخراو بکات.

پرۆلیتاریا هەم بۆ تێکشاندنی بەرگری چەوسێنەران و هەم بۆ **پێشەوایی** جەماوەرێکی گەورەی دانیشتووان، واتا جووتیاران، وردە بۆرژوا و نیوە پرۆلیتاریا، لە کاروبارەی "ڕێکخستن" ی ئابووریی سۆسیالیستیدا، پێویستی بە دەسەڵاتی دەوڵەت و ڕێکخراوێکی ناوەندی لە هێز و دەسەڵاتی توندوتیژی هەیە.

مارکسیزم بە تەیارکردنی حیزبی کرێکار، پێشڕەوانێک لە پرۆلیتاریا پەروەردە دەکات، کە ئەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و **سەرجەم جەماوەر** بەرەو سۆسیالیزم **ڕێنمایی بکەن**، سیستەمێکی نوێ هیدایەت و ڕێکخراو بکەن، بۆ ئەوەی زەحمەتکێشان و چەوساوەکان بتوانن ژیانی خۆیان بێ بۆرژوازی و لەدژی بۆرژوازی ڕێنمایی بکەن، دەبێت مامۆستا، ڕابەر و پێشەوای ئەوان بن. بەپێچەوانەوە، ئەو

ئۆپۆرتـۆنیزمەی ئەمـڕۆ باڵادەسـتە، حیزبـی کرێکـار وەک نـوێنەرانی کرێکارانێـک پەروەردە دەکـات، کە پەیوەنـدییان بە جەمـاوەرەوە لەدەستداوە، کرێیەکی زیاتر وەردەگرن، لە بارودۆخێکدا سـەرمایەداری بە دانـانی هەلـومەرجێکی باشـتر "بە کـار دەخـرێن" و مـافی رابەری خۆیـان هەرزانفـرۆش دەکەن، واتـا دەسـتبەرداری رۆڵـی پێشـەوایەتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر دژی سەرمایەداری دەبن.

"دەوڵەت، واتـا پرۆلیتاریـایەک کە بەشـێوەی چینـی دەسـەڵاتدار رێکخـراوە" ئەم تیـۆرییەی مـارکس پەیوەنـدییەکی دانەبـڕاوی بە کـۆی رێنماییەکـانی ئەو، لەبـارەی رۆڵـی شۆڕشـگێڕانەی پرۆلیتاریـا، هەیە. لـوتکەی ئەم رۆڵە، دیکتـاتۆری پرۆلیتاریـا یـان دەسـەڵاتی سیاسـی پرۆلیتاریایە.

بەڵام ئەگە راستە پرۆلیتاریا دەوڵەتی وەک رێکخراوێکی **تایبەت** بـۆ بەکارهێنـانی تونـدوتیژی **دژی** سـەرمایەداری پێویسـتە، ئەوکـات ئەم ئەنجامە خۆی دێتە پێشەوە، کە ئایا بەبێ هەڵوەشانەوەی پێشـوەخت و لەنـاوبردنی دەوڵەتێـک کە بـۆرژوازی دروسـتیکردووە بـۆ **خـۆی**، پێکهێنانی دامەزراوەیەکی لەو جۆرە مومکین دەبێت؟ ئەمە هەمـان ئەو ئەنجـامگیرییەکە کە "مانیڤێسـتی کۆمۆنیسـت" تەواو ئـێمەی لـێ نزیکدەکاتەوە و هەمان ئەنجامگیرییەیە، کە مارکس، لەکـاتی ریزبەنـدی ئەزموونی شۆڕشەکانی ١٨٤٨ — ١٨٥١ لەبارەیەوە دەدوێت.

## ٢– ئاكامەكانی شۆڕش

ماركس لە بارەی ئەم مەسەلەیەی جێمەبەستی ئێمە سەبارەت بە دەوڵەت، ئاكامگیری شۆڕشەكانی ١٨٤٨– ١٨٥١ لە ئارگیومێنتەكانی كتێبەكەی خۆیدا "هەژدەیەمی برۆمێری بۆناپارت"دا بەم جۆرە ریزبەند دەكات:

"بەڵام شۆڕش رەگ داكوتاوە. ئەم شۆڕشە هێشتا بە پاڵاوتەدا تێدەپەڕێت. كاری خۆی لەسەر بنەمایەكی رێكوپێك ئەنجام دەدات. تا رۆژی دووەمی كانوونی یەكەمی ١٨٥١" (رۆژی كودەتاكەی لویس بۆناپارت) "ئەم شۆڕشە، نیوەی كارە ئامادەكارییەكانی خۆی تەواوكردووە و ئێستا كۆتایی بە بەشی دووەمی دێنێت. لەسەرەتادا ئەم شۆڕشە دەسەڵاتی پەرلەمانی دەگەیەنێتە دوا پلە، تا بواری هەڵگێڕانەوەكەی بەدەستبێنێت. ئێستا كە لەم كارەدا سەركەوتوو بووە، **دەسەڵاتی جێبەجێكردن** تا دوا پلە دەبات و شێوەیەكی تەواو بەرچاوی پێدەبەخشێت، تەرەی دەكاتەوە و وەک تاكە هۆكارێكی سەرزەنشت لەبەرامبەر خۆی دەیدەنێت، **تا سەرجەم هێزە تێكدەرەكانی لەدژ كۆبكاتەوە** ( "تەئكیدەكان لە منەوەیە). "و كاتێک شۆڕش ئەم نیوەی دووەمی كارە ئامادەییەكانی خۆیشی تەواوكرد، ئەوكات ئەوروپا لەسەرپێیەكانی خۆی رادەوەستێت و بەدەربڕینێكی زاڵانەوە دەڵێت: باش هەڵیدەكۆڵیت، ئەی مشكەكوێرەی پیر.

ئەم هێزی جێبەجێكردنە بە پێكهاتە گەورە بیرۆكراتی و سەربازییەكەیەوە، بە دەزگا دەوڵەتییە بێڕادە ئاڵۆز و

دەسـتکردییەکەی خـۆیەوە، بەم ئـۆردوە نیـو میلـۆنییەی فەرمـانبەرانەوە شانبەشـانی سـوپایەکی پێکهـاتوو لە نیـو میلـۆن کەس، – ئەم بـوونەوەرە مەترسـیدارە مفتەخـۆرە، کە کـۆی ئەندامەکانی کۆمەڵگای وەک تۆڕێک بە خۆوە گرتووە و سـەرجەم دەمارەکـانی راگرتـووە، لە دەورانـی پاشـایەتی رەهـادا، لە دەم و کاتی دارمانی فیـودالیزم، دارمانێـک کە ئەم بـوونەوەرە هاوکـاری خێرابـوونەکەی کـرد، هـاتۆتە دی". یەکەمـین شۆڕشـی فەڕەنسـا ناوەنـدێتی پەرەپێـدا "بەڵام لەهەمانکاتـدا مەودای دەسـەڵاتی دەوڵەت و پاشـکۆکانی زیـاتر کـرد و ژمـارەی دەستیارەکانیشـی فراوانکرد. ناپلیۆن ئەم دەزگا دەوڵەتییەی پاراو کرد". پاشایەتی شـەرعی و پاشـایەتی حـوزەیران "بەدەر لە دابەشـکردنێکی کـار، هیچ شتێکی تازەیان بۆ زیاد نەکرد"...

"سەرەنجام، کۆمـاری پەرلەمـانی، لە ململانێکـانی خۆیـدا دژ بە شـۆڕش، ناچـار بـوو ئامرازەکـانی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی و ناوەندێتییەکەی، سەرباری هەنگاوە تەنگەبەرەکان، بەهێـز بکـات. **سـەرجەم شۆڕشـەکان، لەبـری تەفروتونـاکردنی ئەم دەزگـایە، پەرەیـان پێدا**" (تەئکیـدەکان هـی ئێمەیە). "ئەو حیزبـانەی کە یەک لەدوای یەک هەوڵـی گەیشـتن بە دەسـەڵاتیان ئەدا، بەدەستهێنانی ئەم بینـا گەورەیەی دەوڵەتیـان بە دەسـتکەوتێکی سەرەکی سـەرکەوتنەکەیان دادەنـا" (هەژدەیەکـی برومیـر لـویس بۆناپارت"، چاپی چوارەم، هامبورگ ١٩٠٧، ل ٩٨-٩٩)

.

مارکســـیزم، لەم لێکـــدانەوە قـــوڵە بە بەراورد بە "مانیفێســـتی کۆمۆنیست" هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشەوە دەنێت. پرسـی دەوڵەت لە "مانیفێستی کۆمۆنیست"دا بەشێوەیەکی زۆر تەجرید، بە تێگەیشـتن و دەربڕینێکـی زۆر گشـتیانەوە خـراوەتە روو. بەڵام لێـرەدا پرسـەکە بەشێوەیەکی دیاریکراو خـراوەتە روو، بەشـێوەیەکی زۆر ورد، رۆشـن و بەرجستە، ئەنجامگیری لێکراوە: سەرجەم شۆڕشەکانی رابردوو دەزگای دەوڵەتیان پەرەپێدا، لەکاتێکدا کە دەبێت ئێستا تەفروتونا بکرێت.

ئەمە ئەنجـامگیری خـاڵە سـەرەکی و بنەڕەتییەکـانی تیـۆری مارکسـیزمە سـەبارەت بە دەوڵەت. هەمـان ئەم خـاڵە سـەرەکیەیە، کە نەک هەر لەلایەن حیزبە رەسـمی و زاڵەکـانی سۆسـیال دیمـوکراتییەوە بە تەواوی **فەرامۆشـکراوە**، بەڵکـو لەلایەن کاوتسـکی، بەناوبـانگترین تیۆریسـەنی ئەنتەرناسـیۆنالی دووەم، بە ئاشـکرا **بەلاڕێدابراوە** ( وەک دواتر دەیبینین).

لە "مانیفێسـتی کۆمۆنیسـت"دا ئەنجـامگیرییە گشـتییەکانی مێـژوو پوختەکراون، ئەم ئەنجامگیریـانە هـانی مـرۆڤ دەدان وەک دەزگـایەکی باڵادەســتی چینــایەتی بــڕواننە دەوڵەت و ئەو ئەنجــامە پێویســتە بەدەسـتبهێنێت کە پرۆلیتاریـا ناتوانێـت بـۆرژوازی لەناوبەریـت مەگەر ئەوەی کە سەرەتا دەسەڵاتی سیاسی بەدەسـتەوە بگرێت، باڵادەسـتی سیاسی بەدەستبهێنێت و دەوڵەت بگۆڕێت بە "پرۆلیتاریـایەک کە وەک چینـی دەسـەڵاتدار رێکخـراوە" و ئەم دەوڵەتە پرۆلیتاریـایە راسـتەوخۆ لەدوای گەیشتن بە دەسەڵات، رێگای پوکانەوە بگـرێتە بەر، چـونکە لە کۆمەڵگـای بـێ نـاکۆکی چینـایەتی، دەوڵەت پێویسـت نیـیە و بـوونی

مەحـاڵە. لێـرەدا ئەم پرسـە نەخـراوەتە ڕوو کە ئایـا – لە ڕوانـگەی مێــژووییەوە- ئەم جێگــۆڕکێیەی دەوڵەتــی بــۆرژوازی بە دەوڵەتـــی پرۆلیتەری پێویستە چۆن بێت .

ئەمە ئەو پرسـەیە کە مـارکس دەیخـاتەڕوو و وەڵامـی دەداتەوە. مـارکس وەفـادارە بە فەلسـەفەی ماتێریـالیزمی دیـالەکتیکی خـۆی، ئەزموونە مێژووییەکانی ساڵە گرنگەکانی شـۆڕش ١٨٤٨-١٨٥١ دەکاتە بنەمـا. لێرەیشـدا وەک هەمیشـە تیـۆری مـارکس، **ئەنجـامگیرییەکە لە ئەزمـوون**، کە ڕۆشـنایی جیهـانبینییەکی فەلسـەفیی قـوڵ و زانیـارییە مێژووییە فراوانەکان، ڕوونیانکردووەتەوە .

پرسی دەوڵەت بەشێوەیەکی دیاریکراو دەخرێتە ڕوو: ئایا دەوڵەتـی بـۆرژوازی واتـا دەزگـایەکی دەوڵەتـی کە بـۆ باڵادەسـتی بـۆرژوازی پێویستە، لەڕوانگەی مێژووییەوە پێویستە چۆن بێت؟ گۆڕانکارییەکانی کامانەن و گەشە تەدریجییەکەی لە ڕەوتی شۆڕشە بۆرژوازییەکـان و لە بەرامبەر پێشهاتە سـەربەخۆکانی چینـە سـتەمدیدەکان چـۆنە؟ ئەرکـی پرۆلیتاریا بەرامبەر ئەم دەزگای دەوڵەتییە چییە؟

دەسەڵاتی ناوەندێتی دەوڵەت، کە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگـای بۆرژوازییە، لە دەورانی داڕمانی دەسەڵاتی ڕەهـادا سـەرهەڵدەدات. دوو لە گرنگتـرین تایبەتمەنـدییەکانی ئەم دەزگـای دەوڵەتیـیە، بـریتین لە دامەزراوەی کارگێڕی و سوپای هەمیشەیی. دەربارەی ئەوەی کە چـۆن هەزاران رایەڵە ئەم دوو دەزگــایە بە بــۆرژوازییەوە دەبەســتێتەوە، چەنـدان جـار لە نووسـراوەکانی مـارکس و ئەنگلسـدا قسـەیان لەسـەر کراوە. ئەزموونی هەر کرێکارێک تا دوایین ڕادەی ڕۆشنی و قوڵبوونەوە،

بوونی ئەم پەیوەندییە ڕووندەکاتەوە. چینی کرێکار، بە هەستکردن بە قورسییەکانی ئەم پەیوەندییە لەسەر گەردنی خۆی، شێوازی ناسینەکەی فێر دەبێت، – لەبەر ئەمەیە کە بەم ئاسانییە لە زانستە قوڵەکەی ئەم پەیوەندییە تێدەگات و بەم پێداگیرییەوە فێردەبێت، هەمان زانستێک کە وردە بۆرژواکان یان بە نەزانین و کەم عەقڵییەوە ڕەتیدەکەنەوە یان بە کەم عەقڵییەکی زۆرترەوە "بەگشتی" پەسەندی دەکەن، بەڵام ئەوە فەرامۆش دەکەن، کە ئەنجامگیرییەکی کردەوەی لێدەربکێشن .

دەزگای کارگێڕی و سوپای هەمیشەیی، "مشەخۆر"ێکن بە پەیکەرەی کۆمەڵگای بۆرژوازییەوە، مشەخۆرێک کە بەرهەمی ناکۆکییە ناوخۆییەکانە، واتا ئەو ناکۆکیانەی کە کۆمەڵگا لەبەریەک هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام بەتایبەت مشەخۆرێک، کە سەرجەم شا دەمارەکانی ژیان "رادەگرێت". ئۆپۆرتۆنیزمی کاوتسکی، کە ئێستا زاڵە بەسەر سۆسیال دیموکراتی رەسمیدا پێیوایە دانانی دەوڵەت وەک **بوونەوەرێکی مشەخۆری**، سەر بە سیفتە تایبەتییەکانی ئانارشیزمە. دیارە ئەم بەلارێدابردنەی مارکسیزم بۆ وردە بۆرژواکان بێرادە بەسودە، کە کاری سۆسیالیزم بەهۆی بەکارهێنانی چەمکی "بەرگری لە نیشتمان" لە جەنگی ئیمپریالیستیدا، بەرەو ئابڕوچونێکی بێونەی ئەم جەنگە پەلکێشکردووە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەمە شێواندنێکی گومانهەڵنەگرە.

فراوانکردن، کاملبوون و جێگیربوونی ئەم دەزگا کارگێڕی و سەربازییە لە ڕەوەندی سەرجەم ئەو شۆڕشە بۆرژواییانەدا بە

ئەنجامدەگات، کە ئەوروپا لە سەردەمی دارمانی فیودالیزمدا ژمارەیەکی زۆر زۆری بەخۆوە بینیووە. هاوکات، بەتایبەت ئەم وردە بۆرژوازییەیە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەم دەزگایەوە بەرەو بۆرژوازی گەورە پەلکێش دەکرێت و دەبێتە پاشکۆی. ئەم دەزگایە توێژەکانی سەرەوەی جووتیاران، پیشەوەران، سەوداگەران و هتد دەخاتە سەر کارێکی تا رادەیەک ئاسان، کەم دەردەسەر، ئابڕومەندانە و خاوەن ئەم پیشانە دەخاتە **سەروو** کۆمەڵگاوە. ئەوەی لە ماوەی شەش مانگی دوای ٢٧ ی شوباتی ١٩١٧ لە روسیادا روویاندا، لەبەرچاو بگرن: کارە کارگێڕییەکان، کە پێشتر بەرپرسیارێتییەکەیان ئەدرایە باندە رەشە کۆنەپەرستەکان، ئێستا بووەتە دەستمایەی خراپییەکانی کادتەکان، مەنشەفیکەکان و سۆسیال شۆڕشگێڕەکان. لە ناوەڕۆکدا هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەک بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکی جدی نەکراوەتەوە، هەوڵدراوە ئەم کارە تا پێکهێنانی "ئەنجومەنی دامەزراندن" هەڵپەسێرن و پێکهێنانی ئەنجوومەنی دامەزراندنیش وردە وردە تا کۆتایی جەنگ دوابخرێت! لەبارەی دابەشکردنی دەستکەوتەکان و خستنەکاری وەزارەتەکان، جێگیری وەزارەتەکان، پارێزگا و هتد و هتد هیچ جۆرە درەنگییەک بە رەوا نازانن و چاوەڕوانی هیچ جۆرە ئەنجومەنێکی دامەزراندن نین! دانوستانەکانی پەیوەست بە پێکهاتەی ئەندامانی دەوڵەت، لە جەوهەردا، تەنیا بەرجەستەکردنەوەی ئەم دابەشکردن و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی "دەستکەوتەکان" بووە، کە لەسەرەوە تا خوارەوەی سەرانسەری وڵات، لەسەرجەم کارگێڕییە ناوەندییەکان و ناوچەییەکاندا دەگوزەرێت، بەڵام ئاکام، ئاکامێکی بەرجەستە کە

لەماوەی شەش مانگ لە ٢٧ ئابی ١٩١٧ تا ٢٧ی شوباتی ١٩١٧ بەدەستدێت، بێگومان بریتیین لەمانە: ریفۆرمەکان دواخراون، دابەشکردنی پۆستە کارگێڕییەکان ئەنجامدراون و ئەو "هەڵانە"ی کە لەم دابەشکردنانەدا روویاندابوو، بەهۆی چەند دابەشکردنێکی نوێوە راستکراونەتەوە.

بەڵام بەهەر رادەیەک کە ئەم "سەرلەنوێ دابەشکردنانە" لە دەزگای کارگێڕیدا، لە نێوان حیزبە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی (بۆ نموونە لە روسیا لە نێوان کادتەکان، سۆسیال شۆڕشگێڕەکان و مەنشەفیکەکان) زیاتر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەهەمان رادە دوژمنایەتی ناسازی چینە ستەمکێشەکان و لەسەرووی ئەوانەوە پرۆلیتاریا **بەنیسبەت** سەرجەم کۆمەڵگای بۆرژوازی، بۆ ئەم چینە روونتر دەکاتەوە. لێرەدایە کە سەرجەم حیزبە بۆرژوازییەکان، تەنانەت دیموکراترینیان، لەوانەش حیزبە "شۆڕشگێڕی دیموکراتی"یەکان، توندکردنی تەنگەبەرییەکانی لەدژی پرۆلیتاری شۆڕشگێڕ و جێگیرکردنی دەزگای تەنگەبەرییەکان، کە هەمان دەزگای دەوڵەت بێت، دەبێتە پێویستی. ئەم رەوتی رووداوانە، شۆڕش بەرەو "**کۆکردنەوەی سەرجەم هێزە وێرانکەرەکان**" لەدژی دەسەڵاتی دەوڵەتی پاڵپێوە دەنێت و ناچاری دەکات، کە **وێرانکردن و لەناوبردنی** دەزگای دەوڵەتی، نەک باشترکردنی ئەم دەزگایە، بکاتە ئەرکی خۆی.

ئەو شتەی ئەم ئەرکانە دەخوازێت، بەڵگە لۆژیکییەکان نین، بەڵکو رەوتی واقیعی رووداوەکان و ئەزموونی زیندووی ١٨٤٨-١٨٥١ ن. ئەوەی کە تا چ ئاستێک مارکس وردە وردە بۆچوونەکانی خۆی لەسەر

واقیعییەتی ئەزموونە مێژووییەکان دابڕێژێت، لێرەدا دەبینرێت کە ئەو لە ١٨٥٢ دا هێشتا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم پرسە ناخاتە روو، کە **چ شتێک** شوێنی دەزگای دەوڵەتی لەناوچوو دەگرێتەوە. ئەزموونەکانی ئەو سەردەمە، هێشتا بەڵگەیەکیان بۆ هێنانەپێشەوەی ئەم پرسە نەدابوو بەدەستەوە، کە دواتر واتا لە ١٨٧١ دا خستیانە بەرنامەی رۆژەوە. لە ١٨٥٢ دا، ئەو شتەی کە مومکین بوو بە وردییەکی زۆرەوە لێکۆڵینەوە مێژوویی_سروشتییەکان تۆمار بکرێن، ئەمە بوو کە شۆڕشە پرۆلیتەرییەکان لە رەوتی خۆیاندا گەیشتبوونە ئەرکی "کۆکردنەوەی هەموو هێزە وێرانکەرەکان" لەدژی دەسەڵاتی دەوڵەت، واتا **گەیشتبوونە** ئەرکی "تەفروتوناکردن"ی دەزگای دەوڵەتی.

لەوانەیە لێرەدا ئەم پرسیارە بێتە پێشەوە کە ئایا دروستە ئەگەر ئـێمە ئەزموون، تێبینییەکان و ئەو ئەنجامگیریانەی کە مارکس گشتاندونی بەراوردیان بکەین بە مەودایەکی فراوانتر لە مێژووی سێ ساڵەی ١٨٤٨-١٨٥١ ی فەرەنسا؟ بۆ لێکدانەوەی ئەم پرسە سەرەتا ئاماژە بۆ چەند تێبنییەکی ئەنگلس دەکەین، دواتر دەچینە سەر هەڵسەنگاندنی واقعییەتەکان .

ئەنگلس لە پێشەکییەکدا، کە بۆ چاپی سێیەمی کتێبی "هەژدەیەمی برومێر"ی نووسیوە، ئەڵێت:

"فەرەنسا وڵاتێکە کەزیاتر لە هەر شوێنێکی تر، ململانێ چینایەتییە مێژووییەکانی تێدا لێبڕاوانە کۆتایی پێهاتووە. لە فەرەنسا، ئەو پێکهاتە گۆڕاوە سیاسییانەی کە ئەم ململانێ

چینـایەتییە بە هەنـاوی ئەودا تێپەڕیـووە و ئەنجامەکانیشـی تێـدا بەرجەسـتەبووەتەوە، بە چەنـد هێڵێکـی زۆر بەرجەسـتە جێگیـر کردووە. فەڕەنسا، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوەنـدی سـەرەکی فیـودالیزم و لە قۆنـاغی ڕێنیسـانس بە دواوە وڵاتێکـی نمـوونەیی دەسـەڵاتێکی یەکپـارچە و یەکجـۆر بـوو، لەسـەروبەندی شۆڕشـی فەڕەنسادا، فیودالیزم تەفروتوناکرا و دەسـەڵاتی پـوختی بۆرژوازی بە وەهـا روونیەکـی کلاسیکییەوە ڕەگـی داکوتـا، کە هـیچ یەک لە وڵاتە ئەوروپییەکانی تردا، نموونەی نەبوو. خەبـاتی پرۆلیتاریـاش، کە لەدژی باڵادەستی بۆرژوازی سەر بەرزدەکاتەوە، لێرە شێوەیەکی وا گەرمـی بەخـۆوە گـرت، کە وڵاتەکـانی تـردا نمـوونەی نەبـوو" (چاپی ١٩٠٧، ل٤)

ئەم خـاڵەی دواییـان ئیتـر بەسـەرچووە، چـونکە لە ١٨٧١ ەوە وەستانێک لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریای فەڕەنسادا روویـداوە، گەرچـی ئەم وەسـتانە، هەرچەنـدێکیش دوورودرێـژ بێـت، دیسـان سەرلەنوێ ئەم بوارە ڕەتناکاتەوە، کە فەڕەنسا لە شۆڕشی پـرۆلیتەری داهاتوودا، خۆی وەک وڵاتێکـی کلاسـیک دەربخـات، کە لەودا ململانێـی چینەکان کۆتایی پێهاتبێت.

بەڵام ئەگەر بەگشـتی بـڕوانینە مێـژووی وڵاتە پێشـکەوتووەکانی کۆتایی سەدەی ١٩ و سـەرەتای سـەدەی ٢٠، بۆمـان دەردەکەوێـت کە هەمـان پرۆسـە، زۆر خـاوتر، جۆراوجـۆرتر و لە مەودایەکـی فراوانتـری وڵاتەکانیشـدا روویـداوە، واتـا لەلایەکەوە "دەسـەڵاتی پەرلەمـانی" چ

لەوڵاتە کۆمارییەکـــان (فەڕەنســا، ئەمریکــا، سویســرا) و چ لە وڵاتە پاشـــاییەکان (ئینگلـــتەرا، تـــا رادەیەک ئەڵمانیـــا، ئیتالیـــا، وڵاتە ئەسـکەندەناڤییەکان و هتـد) هـاتۆتە دی، لەلایەکـی تـرەوە، حیـزبە جۆراوجـۆرە بـۆرژوازی و وردە بۆرژوازییەکـان هەوڵـی گەیشـتنیان بەدەسەڵات داوە و "دەستکەوت"ەکانی پۆستە کارگێڕییەکانیـان، بەبێ ئەوەی گۆڕانکـارییەک لە پایەکـانی رژێمـی بۆرژوازیـدا روویـدا بێـت، دابەشـکردووە و سـەرلەنوێ دابەشـیان کـردووەتەوە – و سـەرەنجام "هێـزی جێبەجێکـردن" و دەزگـای کـارگێڕی و سـەربازی ئەم هێزەیـان پەرەپێداوە و جێگیریان کردوون.

مایەی هیچ جۆرە دووڵییەک نییە، کە ئەوانە بەگشتی تایبەتمەنـدی گشـتی سـەرجەم رەوتـی گەشـەی تەدریجـی هـاوچەرخی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانە. فەڕەنسا لەماوەی سی ساڵی ١٨٤٨-١٨٥١، هەمـان پرۆسەی بەرەوپێشچوون، کە زاتـی سـەرجەم جیهـانی سـەرمایەدارییە، بەشێوەیەکی خێرا، توند و ناوەند خستۆتە روو.

ئیمپریالیزم کە قۆناغی سـەرمایەداری بـانکی، قۆنـاغی قۆرخکـارییە گەورەکـانی سـەرمایەداری، قۆنـاغی گەشـە و نمـای سـەرمایەداری قۆرخکـاری و گواسـتنەوەیە بـۆ سـەرمایەداری قۆرخکـاریی دەوڵەتـی، دەریدەخات کە چۆن "دەزگای دەوڵـەت" بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر هێـز دەگرێت و چۆن دەزگا کارگێڕی و سـەربازییەکەی، بەهـۆی تونـدکردنی رێگرییەکـانی لە پرۆلیتاریـا، چ لە وڵاتە پاشـاییەکان و چ لە ئـازادترین وڵاتە کۆمارییەکاندا، بێوێنە گەشە دەکات.

ئێستا مێـژووی جیهـان بێگومـان و له ئاسـتێکی فراوانتـر له ١٨٥٢ ئێمەی گەیاندووە بە "کـۆکردنەوەی سـەرجەم هێزەکـان"ی شۆڕشـگێڕی پرۆلیتەری بۆ "وێرانکردن"ی دەزگای دەوڵەتی.

ئەوەی کە پرۆلیتاریـا چ شـتێک دەخـاتە شـوێنی ئەم دەزگـایە، خـاڵێکە کە کۆمــۆنەی پــاریس لەم بــارەوە ئەزمــوونترین بەڵــگە بەدەستەوە ئەدات.

## ٣–خستنەڕووی پرسەکە لەلایەن مارکسەوە لە ١٨٥٢ دا[٢].

مارینگ لە ١٩٠٧، بەشێک لەنامەی مارکس بۆ فیدیمیر، بە بەرواری ئـازاری ١٨٥٢، لە گۆڤـاری "سـەردەمی نـوێ (" Neue Zeit سـاڵی ٢٥، بەرگی ٢، ل١٦٤) بڵاوکـردەوە. ئەم باسـە جێسـەرنجەی خـوارەوە بەشێکە لە ناوەڕۆکی نامەکە

:

"ئێستا دەبێت لەبارەی خـۆمەوە بـدوێم، نە دۆزیـنەوەی بـوونی چینەکان لە کۆمەڵگای ئێستا و نە دۆزینەوەی ململانێـی نێوانیـان، هیچیـان هـی مـن نـین. مـاوەیەکی زۆر پـێش مـن، مێژوونووسـانی بــۆرژوازی گەشـــەی مێژوویـــی ئەم ململانـــێ چینـــایەتییە و ئابووریناســـانی بــۆرژوازی تــاوتوێکردنی ئــابووریی چینایەتیــان خستۆتە روو. ئەو کـارە نـوێیەی مـن پێیهەڵسـاوم سـەلماندنی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە: ١–ئەوەی کە بوونی چینەکان تەنیا پەیوەستن

---

[٢]- زیادکراوە بۆ چاپی دووەم.

بە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەی بەرهەمهێنانەوە (historische Entwicklungsphasen der Produktion)، ٢-ئەوەی کە ململانێی چینایەتی دواجار حەتمیانە دەگاتە دکتاتۆری پرۆلیتاریا، ٣- ئەوەی کە خودی ئەم دیکتاتۆرییە تەنیا تێپەڕبوونێکە بەرەو هەڵوەشانەوەی هەموو چینەکان و کۆمەڵگای بێ چین"...

لە وتانەدا، مارکس توانیویەتی بە روونییەکی قوڵەوە، یەکەم، جیاوازی سەرەکی و رادیکالی تیۆرەکەی لەگەڵ تێڕوانینی قوڵترین بیرمەندانی پێشڕەوی بۆرژوازی و دووەم، ناوەڕۆکی تیۆرەکەی خۆی لەبارەی دەوڵەتەوە بخاتە روو.

زۆر وتراوە و نووسراوە، کە خاڵی سەرەکی تیۆرەکەی مارکس ململانێی چینایەتییە، بەڵام ئەمە هەڵەیە. لەم لایەنەوە هەڵەیە کە بەزۆری بەلارێدابردنە ئۆپۆرتۆنیستییەکانی مارکسیزم و دەستکاریکردنەکەی بەشێوەیەک کە لای بۆرژوازی پەسەند بێت، بەدەستدێت. چونکە ئەمە مارکس نییە تیۆری پەیوەست بە ململانێی چینایەتی هێناوەتە دی، بەڵکو پێش ئەو بۆرژوازی بەدیهێناوە و ئەم تیۆرییە بەگشتی لای بۆرژوازی پەسەندە. کەسێک کە تەنیا هەر ململانێی چینایەتی لا پەسەند بێت، هێشتا مارکسیست **نییە** و لەوانەیە هێشتا چوارچێوەی بیرکردنەوەی بۆرژوازی و سیاسەتی بۆرژوازی تێنەپەڕاندبێت. قەتیسکردنی مارکسیزم لە تیۆریی پەیوەست بە ململانێی چینایەتیدا، واتاکەی ئەوەیە کە پەروباڵ بکرێت، بەلارێدابברێت و بەو شوێنە گەیەنرابێت کە لای بۆرژوازی پەسەند بێت.

**تەنیـا** ئەو کەسـە مارکسیسـتە بـاوەڕبوون بە بۆچـوونی ململانێـی چینـایەتی **تـا بـاوەڕبوون بە دیکتـاتۆری پرۆلیتاریـا** بەرێت. جیـاوازی تەواو قـوڵی نێـوان وردەبـورژوازییەکی ئاسـایی (و هەروەهـا گەورە) لەگەڵ مارکسیسـتێکدا دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەم خـاڵە. بەم سـەنگی مەحەکەیە، کە دەبێـت چـۆنێتی تێگەیشـتنی **واقیعـی** و وەرگرتنـی مارکسیزم تاقیبکرێتەوە. سەیر نییە کە کاتێک مێژووی ئەوروپا، چینی کرێکاری **بەکردەوە** بەرەوڕووی ئەم پرسە کردەوە، نەک هەر سەرجەم ئۆپۆرتۆنیسـتەکان و ریفۆرمیسـتەکان، بەڵکـو سـەرجەم "کاوتسکیستەکان" (واتا کەسانێک کە لە نێوان ریفۆرم و مارکسیزمدا دێـن و دەچـن) کـورتبینێکی هـیچ و دیمـوکراتی وردە بۆرژوایـان لێـدەرچوو، کە دیکتـاتۆری پرۆلیتاریایـان رەتـدەکردەوە. نـامیلکەکەی کاوتسکی بەناوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا کە لە حوزەیرانی ١٩١٨، واتـا ماوەیەک دوای یەکەمین چاپی ئەم کتێبە بڵاوکرایەوە، نموونەیەکە لە بەلارێـدابردنی وردە بۆرژوازیـانەی مارکسـیزم و لە روو وەرگێڕانێکـی رەزیـلانەیە لێـی **بە کـردار** و پەسـەندبوونێکی دوو ڕووانەیە **بە وتە** (بگەڕێوە بۆ نـامیلکەکەی من لە ژێر نـاوی "شۆڕشـی پـرۆلیتەری و کاوتسکی هەڵگەڕاوە" چاپی پەتروگراد و مۆسکۆ ١٩١٨)

ئۆپۆرتۆنیزمی هاوچەرخ، لە بـوونی نـوێنەرە سـەرەکییەکەیدا کـارل کاوتسـکیی مارکسیسـتی پێشـوو، بە تەواوی ئەو وەسـفەی سـەرەوە دەیگـرێتەوە کە مـارکس لەبـارەی تیـۆری **بـۆرژواییەوە** ئامـاژەی بـۆ کـردووە، چـونکە ئەم ئۆپۆرتـۆنیزمە بـازنەی پەسـەندکردنی ململانێـی چینـایەتی بە بـازنەی پەیوەنـدییە بۆژوازییەکـان بەرتەسـکدەکاتەوە.

(لەناو ئەم بازنەیە و لە سنوورەکەیدا هیچ لیبرالێکی پەروەردەکراو رووی خۆی لە پەسەندکردنی "پرەنسیپی" ململانێی چینایەتی وەرناگێرێت!) ئۆپۆرتۆنیزم بەتایبەتی بازنەی پەسەندکردنی ململانێی چینایەتی، بە خاڵی سەرەکی، واتا بە قۆناغی **تێپەڕبوون** لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم، بە قۆناغی **لەناوبردن و نەهێشتنی** تەواوی بۆرژوایی **ناگەیەنێت**، لە راستیدا ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی حەتمی قۆناغی ململانێی چینایەتی تا دوارادە توند و تا دوا رادە گەرمەکانی ئەم ململانێیەیە، هەر بۆیە ئەم قۆناغەش بەناچاری دەبێت دەوڵەتی دیموکراتی **بەشێوەیەی نوێ** (بۆ پرۆلیتاریا و بەگشتی بۆ بێبەشان لە خاوەنداریتی) و دیکتاتۆری **بەشێوەیەکی نوێ** (لەدژی بۆرژوازی) بێت.

دواجار. تەنیا کەسێک پەی بە ناوەرۆکی تیۆرییەکەی مارکس بۆ دەوڵەت بردووە، کە لەوە تێگەیشتبێت دیکتاتۆری یەک چین نەک هەر بۆ هەرجۆرە کۆمەڵگایەک بەگشتی و نەک هەر بۆ **پرۆلیتاریایەک** کە بۆرژوازی لەناو دەبات، بەڵکو بۆ **قۆناغێکی مێژوویی** تەواویش، کە سەرمایەداری لە "کۆمەڵگای بێ چین" واتا کۆمۆنیزم جیا دەکاتەوە- پێویستە. پێکهاتەکانی دەوڵەتی بۆرژوازی بێڕادە جۆراوجۆرن، بەڵام ناوەرۆکیان یەکێکە، ئەم دەوڵەتانە هەر پێکهاتێکیان هەبێت، لە ناوەڕۆکیاندا حەتمەن هەموویان **دیکتاتۆری بۆرژوازین**. قۆناغی تێپەڕبوون لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم، دیارە ناتوانرێت شێوەی سیاسی فراوان و جۆراوجۆر نەهێنێتەدی، بەڵام لە ناوەرۆکدا حەتمەن، یەک شت دەبن، **دیکتاتۆری پرۆلیتاریا**.

## بەشی سێیەم:
## ئەزموونی کۆمۆنەی پارسی ١٨٧١ .

### ١–شیکردنەوەکانی مارکس

هەموو ئەزانین کە لە پاییزی ١٨٧٠دا، چەند مانگێک پێش کۆمۆنە، مارکس کرێکارانی پاریسی لەوە ئاگادارکردەوە، کە دەستبردن بۆ روخاندنی حکومەت گەمژەییەکی ناکامانەیە. بەڵام کاتێک لە مارسی ١٨٧١ دا جەنگی مان و نەمانیان بەسەر کرێکاراندا **سەپاند**، ئەوانیش پێشوازیان لێکرد. کە راپەڕین بەرپاکرا، مارکس سەرباری ئەوەی ئاکامێکی باشی بۆ شۆرشی پرۆلیتەری نەدەبینی، بە شۆڕ و شەوقێکی فراوانەوە پێشوازی لێکرد. مارکس بە وشکە عینادییەکەوە نەکەوتە سەرزەنشتی ئەم بزووتنەوە "پێشوەختە"، هاوشێوەی پلیخانۆفی روسی لە مارکسیزمدا نەجوڵایەوە، کە خاوەنی ناوبانگێکی شومە و لە تشرینی دووەمی ١٩٠٥ بابەتێکی بۆ هاندان و پشتیوانی خەباتی کرێکاران و جووتیاران نووسی، بەڵام لە کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ لیبرالیانە هاواری لێبەرز بووە کە "نەدەبوایە دەست بۆ چەک ببرایە". بەڵام مارکس تەنیا هاندان و پشتیوانی لە قارەمانە کۆمۆنارەکان نەدەکرد، کە بە وتەی ئەو "پەلاماری ئاسمانیان ئەدا". لە روانگەی ئەوەوە، ئەوە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو، سەرباری ئەوەی ناکام مایەوە، ئەزموونێکی مێژوویی خاوەن بەهایەکی گەورە و هەنگاوێک بوو کە شۆڕشی پرۆلیتەری جیهانی بەرەو پێشەوە دەینا، هەنگاوێکی

کردەوەیی بوو کە لە سەدان بەرنامە و ئارگیومێنت گرنگتر بوو. ئەو ئەرکەی کە مارکس خستییە بەرامبەر خۆی، ئەوە بوو کە ئەم ئەزموونە شیبکاتەوە و وانەی تاکتیکی لێدەربکێشت و لەسەر بنەمای ئەوانە سەرلەنوێ هەڵسانگاندن بۆ تیۆرییەکەی خۆی بکات.

تاکە "دەستکاری"یەک کە مارکس لە "مانیڤێستی کۆمۆنیست"دا بە پێویستی زانی، لەسەر بنەمای ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنەی پاریس ئەنجامدرا.

دواین پێشەکی چاپی نوێی ئەڵمانی "مانیڤێستی کۆمۆنیست" کە ئیمزای هەردوو نووسەرەکەی لەسەرە، مێژووەکەی ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨٢ ە. لەم پێشەکییەدا نووسەرەکانی، کارل مارکس و فریدریک ئەنگلس، دەڵێن بەرنامەی "مانیڤێستی کۆمۆنیست" "ئێستا لە هەندێک بەشدا بەسەرچووە."

دواتر بەم جۆرە درێژەی پێدەدەن: ... "**بەتایبەت کۆمۆنە سەلماندنی کە "چینی کرێکار ناتوانێت بەشێوەیەکی سادە دەزگای دەوڵەتی ئێسا بەدەستەوە بگرێت و بۆ مەبەستی خۆی بیخاتە کار"...**

بەشێک کە لەم هێنانەوەیەدا، سەرلەنوێ خراوەتە ناو دوو کەوانەوە، نووسەرەکانی لە کتێبەکەی مارکس، "جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا" وەریانگرتووە.

کەواتە مارکس و ئەنگلس بەهایەکی وا گەورەیان بۆ یەکێک لەو وانە سەرەکی و بنەڕەتییانەی کۆمۆنەی پاریس دانـاوە، کە وەک دەستکارییەکی بنەڕەتی خستۆیانەتە ناو "مانیڤێستی کۆمۆنیست."

گرنگی ئەو مەسەلەیەی سەرەوە لەوەدایە کە ئۆپۆرتۆنیستەکان ئەو دەستکارییە سەرەکیەیان بەشێوەیەک بەلارێدابردووە، کە واتاکەی بە تەواوی بۆ نۆ لە دە و لەوانەیشە نەوەد و نۆ لە سەدی خوێنەرانی "مانیڤێستی کۆمۆنیست" نادیار بێت. ئێمە لە بەشێک کە تەرخانکراوە بە لارێدابردنەکان، بە وردی لەبارەی ئەم بەلارێدابردنانەوە دەدوێین. ئێستا ئەوەندە بەسە کە تەنیا ئاماژە بەم خاڵە بکەم، کە "تێگەیشتن"ێکی نزم و کەمیان بۆ ئەو دەربڕینە بەناوبانگەی مارکس هەیە، کە لەسەرەوە هێنراوەتەوە. گوایە مارکس لێرەدا پێداگری لەسەر ئایدیای گەشەکردنی لەسەرخۆ کردووتەوە و دەیخەنە بەرامبەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و لەم جۆرە.

بەڵام لە راستیدا **مەسەلەکە بە تەواوی پێچەوانەیە**. ئەندێشەی مارکس بریتییە لەوە، کە دەبێت چینی کرێکار "دەزگای دەوڵەتی ئێستا" **لەناوبەرێت و تێکیشکێنێت**، نەک بە بەدەستەوەگرتنێکی سادە بوەستنەوە.

مارکس لە نیسانی ١٨٧١، واتا رێک لە رۆژەکانی کۆمۆنەدا، بۆ کوگڵمان دەنووسێت :

"ئەگەر تۆ سەرنجێک لە بەشی کۆتایی کتێبی "هەژدەیەمی بۆناپارت"ی من بدەیت، دەبینیت کە من هەنگاوەکانی داهاتووی شۆرشی فەرەنسا بەم جۆرە دەخەمە روو: بەپێچەوانەی رابردوو، دەزگای بیرۆکراتیک و سەربازی دەستاودەستی پێناکرێت، بەڵکو **لەبەریەک هەڵدەوەشێنرێتەوە**" (تەئکیدەکە هی مارکسە، لە دەقە

ئەڵمـانییەکەدا وا هـاتووە (zerbrechen ، "و ئەم خـاڵەش مەرجـی سـەرەکییە بـۆ هەر شۆرشـێکی واقیعیـانەی جەمـاوەری لە کیشوەرەکەدا و ڕێـک هەمـان ئەو شـتەیە کە هـاوڕێ قارەمانەکـانی پاریسمان بۆ ئەنجامدانی تێدەکۆشن" (ل ٧٠٩، گۆڤاری "سەردەمی نـوێ20. ,Neue Zeit ، 1، . (1901-1902نامەکەکـانی مارکس بۆ کوگڵمان، بە زمانی روسی لانیکەم دوو جـار چـاپکراوە، کە چاپێکیان بەچاودێری و پێشەکی منەوە بووە).

دەسـتەواژەی "لەبەریەکهەڵوەشـانەوەی دەزگـای بیرۆکراتیـک و سـەربازیی دەوڵەتـی"، دەربڕینێکـی پوخـت لە وانە سـەرەکییەکانی مارکسیزمە لەبارەی ئەرکی پرۆلیتاریا سەبارەت دەوڵەت لە شۆڕشـدا و هەمـان وانەیە کە لە ئەنجـامی "شـیکردنەوە"ی کاوتسـکیزمیانەی مارکسـیزم، کە ئێسـتا بـاڵادە دەسـتە، نەک هەر تەواو فەرامۆشـکراوە، بەڵکو بە تەواوی واتاوە بەلارێدابراوە!

بەڵام لەبـارەی گەڕانەوەی مـارکس بـۆ کتێبـی "هەژدەیەمـی پۆناپارت"، ئێمە ئەو بەشـەی پەیوەنـدی هەبـوو، لەسـەرەوە بەتەواوی گواستومانەتەوە.

لەو ئـارگیومێنتەی مـارکس، کە لەسـەرەوە بە تـایبەتی ئاماژەمـان پێـدا، دوو خـاڵ سەرنجڕاکێشـە. یەکەم، ئەو ئەنجامگیرییەکـانی خـۆی تەنیـا بە کیشـوەرەوە قەتـیس ناکـاتەوە. ئەم مەسـەلە لە ١٨٧١، واتـا لەو کاتەی کە ئینگلتەرا هێشتا نموونەی وڵاتێکی تەواو سـەرمایەداری بوو، بەڵام لەودا دەزگای سوپایی و تا رادەیەکی زۆریشـت، بیرۆکراسـی

نەدەبینرا، مایەی تێگەیشتن بوو. لەم لایەنەوە مارکس بۆ ئینگلتەرا، کە لەودا شۆڕشێک و تەنانەت شۆڕشێکی جەماوەر بێ مەرجی سەرەکی تەفروتوناکردنی "دەزگای دەوڵەتی ئێستا" وێنا دەکرا و مومکین بوو، بە ئاوارتە وەردەگرت.

ئێستا، لە ١٩١٧دا، لە قۆناغی یەکەمین جەنگی گەورەی ئیمپریالیستی، ئەو سنوردارییەی کە مارکس داینابوو، نامێنێت. هەم ئینگلتەرا و هەم ئەمریکا، کە پەیوەند بە نەبوونی دەزگای سوپاسی و بیرۆکراسییەوە گەورەترین و دواین نوێنەری "ئازادی" ئەنگلوساکسون لە جیهاندا بوون، بەتەواوی لە گۆمی پیس و خوێناوی ئەوروپای دەمەزراوە بیرۆکراتی و سەربازییەکاندا نقومبوون، کە هەموو شتێک دەکەنە پاشکۆی خۆیان و هەموو شتێک بەدەستی خۆیان سەرکوتدەکەن. ئێستا، چ لە ئینلگتەرا و چ لە ئەمریکا "پێشمەرجی هەر شۆڕشێکی واقیعیانەی جەماوەر" بریتییە لە **لەبەریەکهەڵوەشانەوە** و لەناوبردن"ی دەزگای دەوڵەتی ئێستا" (هەمان دەزگا کە لە ١٩١٤-١٩١٧ لەم دوو وڵاتەدا بە ئاستی کامڵبوونی "ئەوروپایی"، واتا بە کامڵبوونی تەواوێتی ئیمپریالیستانەی خۆی گەیشتووە).

دووەم، ئاماژە لەڕادەبەدەر قوڵەکەی مارکس، گوزارشت لەوە دەکات، کە لەناوبردنی دەزگای بیرۆکراتیک و سەربازیی دەوڵەتی "پێشمەرجی هەر شۆڕشێکی واقیعیانەی **جەماوەر**"ە، مایەی سەرنجە. ئەم چەمکەی شۆڕشی "جەماوەر"ە لە زمانی مارکسەوە سەیر دێتە بەرچاو، چ بگات بە پلیخانۆڤیستەکان و مەنشەڤیکە روسەکان، ئەم شوێنکەوتوانەی سترۆڤە کە دەیانەوێت بە مارکسیست دابنرێن، ئەم

دەربڕینەی مارکسیان بە "لەدەم دەرچوون"[٣] دانا. ئەوان مارکسیزمیان بە رادەیەکی وا لیبرالیانە بەلاڕێیان بردووە، لای ئەوان جیا لە بەرامبەرکێی نێوان شۆڕشی بۆرژوازی و شۆڕشی پرۆلیتەری، هیچیتر بوونی نییە و بەشێوازێکی بێڕادە مردووانە و بێگیانانەش لەم بەرامبەرکێیە تێیدەگەن.

گەر بۆ نموونە، شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم لەبەرچاوبگرین، ئەوکات دەبێت هەم شۆڕشی پرتوگاڵ و شۆڕشی تورکیاش بە بۆرژوازی بزانین. بەڵام نە ئەم و نە ئەو هیچیان شۆڕشی "جەماوەری" نین، چونکە جەماوەر، زۆربەی زۆریان نە لەم و نە لەو شۆڕشەدا بەشێوەی هەڵسوڕانی سەربەخۆ و بە خواستە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیانەوە دەرنەکەوتن. بەپێچەوانەوە، شۆڕشی بۆرژوازی ١٩٠٥-١٩٠٧ی روسیا، سەرباری ئەوەی ئەو کەموکورتییە "درەخشان"انەی نەبوو، جار جار ببووە نسیبی شۆڕشەکانی پرتوگال و تورکیا، لەگەڵ ئەوەشدا، بێگومان شۆڕشی "واقیعیانەی جەماوەری" بوو، چونکە جەماوەر، زۆربەیان واتا نزمترین "توێژەکانی خوارەوە"ی کۆمەڵگا کە پشتیان لەژێر فشاری ستەمدا چەماوەتەوە، راستەوخۆ دەخرۆشێن و لە سەرجەم شۆڕشەکاندا مۆر و نیشانەی خواستەکانی خۆیان و هەوڵەکانی خۆیانی پێوە جێدەهێڵن، کە بە ئامانجی

---

٣- لە دەقە ئینگلیزییەکەدا ئەم ئیدیۆمە بە "slip of the pen"هاتووە، کە زیاتر بە واتای لە قەڵەم دەرچوون، یان هەڵەی نووسین دێت. (و.ک)

بەرپاكردنی كۆمەڵگایەكی نوێیە لەسەر شێوازی خۆیان، لە شوێنی كۆمەڵگا وێرانكراوەكە.

لە هیچ یەكێك لە وڵاتەكانی سەر بە كیشوەری ئەوروپا لە ١٨٧١ دا پرۆلیتاریا زۆربەی جەماوەری پێكنەدەهێنا. شۆڕشی "جەماوەری" واتا شۆڕشێك كە زۆربە بەرەو بزووتنەوەكە رابكێشێت، تەنیا كاتێك ئەتوانێت ئەو شۆڕشە بێت، كە هەم پرۆلیتاریا و هەم جووتیاران لەخۆ بگرێت. لەو سەردەمەدا ئەو دوو چینە بوون، كە جەماوەریان پێكدەهێنا. ئەو دوو چینە ناوبراوە، ئەم مەسەلە یەكگرتوو دەكەن، كە هەر دووكیان لەلایەن "دەزگای بیرۆكراتیك و سەربازی دەوڵەتی"یەوە كەوتوونەتە بەر ستەم، فشار و چەوسانەوە. **لەناوبردنی** ئەم دەزگایە و **لەبەریەكهەڵوەشانەوەی**، ئەمەیە ئەو شتەی كە بەرژەوەندی واقیعی "جەماوەر"، بەرژەوەندی زۆربەیان، واتا كرێكاران و جووتیاران لەخۆدەگرێت، ئەمەیە "پێشمەرج"ی یەكگرتنی ئازادانەی جووتیارانی هەژار لەگەڵ پرۆلیتاریا و بەبێ ئەو جۆرە یەكگرتنە دیموكراسی پایەدار نابێت و گواستنەوەی سۆسیالیستی مەحاڵە.

وەك دەزانین، كۆمۆنەی پاریسیش، كە لە ئەنجامی زنجیرەیەك هۆكاری ناوخۆیی و دەرەكیدا ناكام مایەوە، بۆ بەدەستهێنانی وەها یەكێتییەك رێگای خۆی گرتە بەر.

كەواتە، كاتێك ماركس لەبارەی "شۆڕشی واقیعەن جەماوەری"ەوە دەدوێت، بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك تایبەتمەندییە وردە بۆرژوازییەكان فەرامۆشبكات (ئەو لەبارەی ئەم تایبەتمەندیانەوە زۆر و بە بەردەوامی ئەدوا)، بە وردییەكی هەرچی زیاترەوە هاوكێشەی

واقیعـی چینەکـانی لە زۆربەی وڵاتەکـانی کیشـوەری ئەوروپـا سـاڵی ١٨٧١ لەبەرچـاو دەگـرت. لەلایەکـی تـرەوە، بەڵـگەی ئەهێنـایەوە کە "لەناوبردن"ی دەزگای دەوڵەتی ئەو شتەیە کە بەرژەوەندی کرێکاران و جووتیـاران دەیخوازێـت و بەیەکەوە یەکگرتوویـان دەکـات و ئەرکێکـی هاوبەش دەخاتە بەرامبەریان، کە بـریتییە لە لەنـاوبردنی "مشـەخۆر" و جێگرتنەوەی بە شتێکی تازە.

بەڵام چ شتێک؟

## ٣- چ شتێک شوێنی دەزگای دەوڵەتی لەناوبراو دەگرێتەوە؟

مارکس لە ١٨٤٧ لە "مانیڤێستی کۆمۆنیست"دا وەڵامـی ئەم پرسـە دەداتەوە، کە هێشتا بەشێوەیەکی تەجرید، یان بە دەربڕینێکی راستر، وەڵامێک بوو ئەرکەکانی دەستنیشاندەکرد، نەک شێوەکانی بەجێهێنانی ئەم ئەرکـانە. وەڵامـی "مانیڤێسـتی کۆمۆنیسـت" ئەمە بـوو کە دەبێـت "رێکخراوکردنی پرۆلیتاریـا وەک چینـی دەسـەڵاتدار" و "بەدەسـتهێنانی دیموکراسی" بخرێتە شوێنی .

مارکس، بێ ئەوەی خـۆی رادەسـتی وەهـم بکـات، چـاوەڕوانی ئەوە بوو **ئەزموونی** بزووتنەوە جەماوەرییەکان وەڵامـی ئەم پرسـە بـدەنەوە، کە ئایـا ئەم رێکخراوبـوونەی پرۆلیتاریـا وەک چینـی دەسـەڵات، چ شێوەیەکی تایبەت بەخۆوە دەگرێت و هاوکات بە چ شێوەیەک هاوتـای کامڵترین و پایەدارتین جۆری "بەدەستهێنانی دیموکراسی" دەبێت.

مارکس ئەزموونی کۆمۆنە، سـەرباری کەم دامێنیـیەکەی، لە کتێبـی "جەنگـی نـاوخۆیی لە فەڕەنسـا" بە وردییەکـی زۆرەوە تـاوتوێ و

شیکردنەوەی بۆ دەکات. گرنگترین خاڵەکانی ئەم نووسراوەیە لێرەدا دەهێنمەوە:

"دەسەڵاتی ناوەندێتی دەوڵەت بە ئۆرگانەکانییەوە لە هەموو شوێنێکدا ئامادە بوو، سوپاسی هەمیشەیی، پۆلیس، بیرۆکراسی، پیاوانی ئایینی، بەرپرسە قەزاییەکان، کە لە سەدەکانی ناوەڕاست بەم لاوە سەریانهەڵدابوو، لە سەدەی نۆزدەیەمدا پاراو ببوون. لەگەڵ گەشەی ناکۆکییە چینایەتییەکانی نێوان سەرمایە و کار "دەسەڵاتی دەوڵەت زیاتر لە پێشوو، تایبەتمەندی دەزگای باڵادەستی چینایەتی بەخۆوە گرت. لەدوای هەر شۆڕشێک کە بۆ ململانێی چینایەتی بەواتای هەنگاوێکە بۆ پێشەوە، تایبەتمەندی تەواو ستەمگەرانەی دەسەڵاتی دەوڵەت بە ڕوونییەکی زیاتر لە پێشوو، دەردەکەوێت". لەدوای شۆڕشی ١٨٤٨-١٨٤٩دەسەڵاتی دەوڵەت گۆڕا بە "ئامرازێکی نەتەوەیی جەنگی سەرمایە دژی کار". ئیمپراتۆری دووەم ئەم بارودۆخەی جێگیرکرد.

"کۆمۆنە ڕێک ئانتی تێزی ئیمپراتۆری بوو". "کۆمۆنە شێوەیەکی تایبەت"ی "ئەو جۆرە کۆمارە بوو، کە دەبوایە نەک هەر شێوەی پاشایەتی دەسەڵاتداری چینایەتی، بەڵکو خودی دەسەڵاتداری چینایەتیشی نەهێشتایە"...

ئایا ئەم شێوە "دیاریکراوە"ی کۆماری پرۆلیتەری، سۆسیالیستی بریتیبوو لە چی؟ ئەو دەوڵەتەی کە ئەم کۆمارە دەستی بۆ بنیاتنانی برد چی بوو؟

..."یەکەمین فەرمانی کۆمۆنە بریتیبوو لە هەڵوەشانەوەی سوپای هەمیشەیی و جێگرتنەوەی بە جەماوەری چەکدار"...

ئەم خواستە ئێستا لە بەرنامەی سەرجەم ئەو حیزبانەدا، کە دەخوازن بە سۆسیالیست ناوببرێن، نییە. بەڵام ئەوەی کە ئایا بەرنامەکانیان چ بەهایەکی هەیە مەسەلەیەکە، کە رەفتاری سۆسیال شۆڕشگێڕەکان و مەنشەفیکەکانی ئێمە، کە رێک لەدوای شۆڕشی ٢٧ی شوباتدا بەکردەوە روویان لە بەجێهێنانی ئەم خواستە وەرگێڕا، روونتر لە هەر شتێکی تر دەیخاتە روو!

..."کۆمۆنە لە نوێنەرانی شار پێکهات، کە لەسەر بنەمای مافی هەڵبژاردنی گشتی لە بازنە جۆراوجۆرەکانی پاریسدا سازکرابوون. ئەم نوێنەرانە بەرپرسیاربوون و هەموو کاتێک دەکرا بگۆڕدرێن. خۆبەخۆ روونە، کە زۆربەیان کرێکار یان نوێنەرانێکی بەئیعتیباری چینی کرێکار بوون"...

..."پۆلیس، کە تا ئەو دەمە ئامرازێک بوو بەدەست حکومەتەوە، لەیەکەم هەنگاودا لە دەستێوەردانی هەر جۆرە کاروبارێکی سیاسی بێبەشکرا و گۆڕا بە ئورگانێکی بەرپرسیاری کۆمۆنە، کە هەموو کاتێک دەکرا بگۆڕدێت... هەمانکار لە بواری کاروبارەکانی سەرجەم رشتە کارگێڕییەکانی تریشدا جێبەجێکران... ئەندامانی کۆمۆنە، واتا لە سەرەوە بگرە تا خوارەوە، دەبوایە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەرامبەر وەرگرتنی **کرێی کرێکارێک** ئەنجام بدایە. هەر جۆرە ئیمتیاز و وەرگرتنی مافی چاودێری بۆ کاروباری پلە بەرزەکانی دەوڵەت، لەگەڵ خودی ئەم پلانەدا لەناوبران... کۆمۆنە لەدوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای

هەمیشەیی و پۆلیس، واتا ئامرازەکانی دەسەڵاتی ماددی حکومەت، راستەوخۆ کەوتە تێکشاندنی ئامرازی ستەمگەریی رۆحی یان هێزی قەشەکان... پلەوپایە قەزاییەکان سەربەخۆییە رواڵەتییەکانی خۆیان لەدەستدا... دەبوایە لەوە بەدوا بە ئاشکرا هەڵبژێردرانایە و بەرپرسیار و شایەنی گۆڕین بوونایە"...

هەربۆیە وەک ئەوە وایە کە کۆمۆنە لەبری دەزگای دەوڵەتی وێرانکراو "تەنیا" دیموکراسییەکی کاملتری هێنابێت، کە بریتیبوو لە هەڵوەشاندنەوەی سوپای هەمیشەیی، هەڵبژاردەبوونی تەواو و شایانی گۆڕینی هەموو خاوەن پۆستەکان. بەڵام لە راستیدا، ئەمە "تەنیا" بەواتای جێگرتنەوەیەکی گەورەی جۆرێک لە دامەزراوەکان بە جۆرێکی تری ئەو دامەزراوانەیە، کە جیاوازییەکی بنەڕەتییان لەیەکتر هەیە. لێرەدایە کە یەکێک لە بوارەکانی "گۆڕینی کەمایەتی بە چەندایەتی" دەبینرێت، دیموکراسی کە لە شێوەیەکی وا تەواو و پەیگیر بەکردەوە کرابوو، کە لە بنەڕەتدا شایانی وێناکردنە، لە دیموکراسی بۆرژوازییەوە بۆ دیموکراسی پرۆلیتەری، لە دەوڵەت (هێزێکی تایبەت بۆ سەرکوتکردنی چینێکی دیاریکراو) دەگۆڕێت بە شتێک کە ئیتر بەواتای تایبەتییەکەی دەوڵەت نییە.

سەرکوتکردنی بۆرژوازی و بەرەنگاربوونەوەکەی هێشتا پێویستە. بۆ کۆمۆنە ئەم کارە بەتایبەتی پێویستبوو، یەکێکیش لە هۆیەکانی شکستەکەی ئەمەیە، کە ئەم کارەیان لێبڕاوانە ئەنجامنەدا. بەڵام لێرەدا ئیتر ئورگانی سەرکوتکردن زۆربەی دانیشتووانە نەک کەمایەتی،

ئەمە پێچەوانەی ئەو دۆخەیە کە هەمیشە، چ لە قۆناغی کۆیلەیەتی، چ لە قۆناغی کۆیلەیەتی زەوی و چ لە قۆناغی کۆیلەیەتی کرێدا باو بووە. لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵـــک خۆیـــان **ســـتەمگەرانی** خۆیـــان ســـەرکوتدەکەن، کەواتە **ئیتـر** "هێزێکـی تـایبەت" بـۆ ســـەرکوتکردن **پێویست** نابێـت! بەم واتـایە دەوڵەت بەرەو **پوکـانەوە ئەچێت**. لەبـری دەمەزراوەیەکـی تـایبەتی کەمـایەتی مومتـاز (فەرمـانبەرانی مومتـاز، سـەرانی سـوپای هەمیشـەیی)، خـودی زۆربە ئەتـوانن راسـتەوخۆ ئەم کارانە ئەنجام بدەن. بەهەر رادەیەک زیـاتر ئەرکـی دەسـەڵاتی دەوڵەت لەلایەن هەمـــووانەوە ئەنجـــام بـــدرێت، بەو رادەیەش پێویســـتی ئەو دەسەڵاتە کەمتر دەبێتەوە.

لەم لایەنەوە بە تایبەت ئەو کارانەی کۆمۆنە، کە مارکس جەختیـان لەســـەر دەکـاتەوە، مـایەی ســـەرنجن: هەڵوەشـاندنەوەی هەر جـۆرە کرێیەک وەک مافی چاودێری، هەر جۆرە کرێیەکی زیـادەی فەمـانبەران و گەیاندنی مافی **سەرجەم** خاوەن پۆستەکانی وڵات بە ئاسـتی "**کرێـی کرێکارێک**". لێرەدایە کە خەریکە **گۆڕان**– لە دیموکراسی بـۆرژوازی بـۆ دیموکراسی پرۆلیتەری، لە دیموکراسی سـتەمگەرانەوە بـۆ دیموکراسـی چیـنە ستەمکێشـەکان، لە دەوڵەت بە واتـای "هێزێکـی تـایبەت" بـۆ ســـەرکوتکی چینێکـی دیـاریکراو بـۆ ســـەرکوتی ســـتەمگەران لەلایەن **هێزێکی گشـتیی** زۆربەی جەمـاوەر، واتـا کرێکـاران و جووتیـاران،– بە روونییەکـی هەرچـی زیـاترەوە دەردەکەوێـت. لە بـارەی هەمـان ئەم خاڵەوە زۆر روونە، کە ئەتوانرێت بوترێت گرنگتـرین خاڵەکـانی پرسـی دەوڵەتـن، وانەکـانی مـارکس لەهەموویـان زیـاتر فەرامۆشـکراوە! لەو

شـیکردنەوە سـادانەی لەژمـارە نـایەن- هـیچ ئامـاژەیەک بەم وتەیە ناکرێـت. وا "بـووەتە بـاو" کە بێـدەنگی لەم لایەنە بـکەن، گـوایە ئەمە جۆرێک "سادەیی"ە، کە دەورانی خـۆیی تێپەڕانـدووە،- هەروەک چـۆن مەسیحییەکانیش، لەدوای بەدەسـتهێنانی پـێگە ئـایینە دەوڵەتییەکـان، "سـادەییەکان"ی مەسـیحییەتی سـەرەتاییان لە رۆحێکـی شۆڕشـگێڕ- دیموکراتییەوە "فەرامۆشکرد."

دابەزانـدنی مـافی فەرمـانبەرە پـلە بەرزەکـان "هەر" بە خواسـتێکی سادە و دیموکراسییەکی سەرەتاییانە دێتە بەرچاو. ئیدوارد برنشـتاین، سۆسیال دیموکراتی پێشوو، یەکێک لە "بونیـاتنەران"ی ئۆپۆرتـۆنیزمی نـــوێ، لەو کەســـانەیە کە چەنـــدین جـــار راهێنـــانی لەســـەر سوکایەتیکردنێکی بۆرژوازیانە و چروکانەی دیمـوکراتیزمی "سـەرەتایی" کـــــردووە. ئەویـــــش وەک ســـــەرجەم ئۆپۆرتۆنیســـــتەکان، وەک کاوتسکیستەکانی ئێستا بەهیچ جۆرێک پەیان بەم خاڵە نەبـردووە، کە پێش هەمـوو شـتێک، تێپەڕبـوون لە سـەرمایەدارییەوە بـۆ سۆسـیالیزم بەبێ رادەیەک "گەڕانەوە" بـۆ دیموکراسـی "سـەرەتایی" **مـومکین نیـیە** (چونکە بەدەر لەم حاڵەتە چۆن ئەتوانرێت بگـوێزێتەوە بـۆ قۆناغێـک کە لەودا ئەرکە دەوڵەتییەکان لەلایەن زۆربەی دانیشـتووان و سـەرجەم دانیشتووانەوە، بێ هەڵاواردن، ئەنجام بدرێن؟) دووەمیان، "دیموکراسی سەرەتایی" لەسەر بنەمای سەرمایەداری و شارستانێتی سەرمایەداری- ئەو دیموکراسییە سەرەتاییە نیـیە، کە لە سـەردەمە سـەرەتاییەکانەوە یـــان لە قۆنـــاغی پـــێش ســـەرمایەداریەوە هەبـــووە. شارســـتانێتی سەرمایەداری بەرهەمهێنانی گەورە، کارگەکان، رێگـای ئاسـن، پۆسـت،

تەلەفون و هتد... **بەرهەمهێناوە و لەسەر بنەمای ئەم پایانە** ئەتوانرێت زۆربەی ئەرکەکانی "دەسەڵاتی دەوڵەت"ی پێشوو وا سادە بکرێتەوە و ئەتوانرێت بەشێوەیەکی وا کارێکی سادەی لە جۆری تۆمار، یادداشت و رێکخستنی لێبێت، کە بە تەواوی لەبەردەست هەر کەسێکی خوێندەواردا بێت و ئەتوانرێت ئەم ئەرکانە بە تەواوی لەبەرامبەر "کرێ"یەکی ئاسایی "کرێکارێک"دا ئەنجام بدرێن، هەربۆیە (و دەبێت) هەر جۆرە ئیمتیاز و "پلە بەرزییەک" لەم ئەرکانە دابماڵرێن.

هەڵبژاردنی سەرجەم خاوەن پۆستە حکومییەکان و شایانی گۆڕینیان، بێ ئاوارتە و **لەهەر کاتێدا** و گەیاندنی مافەکانیان بۆ ئاستی "کرێی کرێکارێک" - ئەم هەنگاوە دیموکراتییە سادە و "خۆ-روون"ە کە بەدەر لەوەی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زۆربەری جووتیاران تەواو لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، لەهەمانکاتدا پلەیەکە، کە سەرمایەداری دەگەیەنێتە سۆسیالیزم. ئەم هەنگاوانە بە گۆڕینی پێکهاتەی دەوڵەت، واتا بە گۆڕینێکی تەواو سیاسی کۆمەڵگاوە پەیوەستن، بەڵام دیارە کە ئەم هەنگاوانە، تەنیا ئەو کاتە واتا و بەهای خۆیان دەبێت، کە بە بەجێهێنان و ئامادەکاری پێویستییەکانی "دەستبەسەراگرتنی خاوەنداریتیی دەستبەسەراگرەکان" واتا هاوتای تێپەڕبوون بێت لە خاوەنداریتی تایبەتیی سەرمایەداری بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان بۆ خاوەنداریتیی کۆمەڵایەتی.

مارکس دەنووسێت: "کۆمۆنە بە لەناوبردنی دوو برگە لە گەورەترین خەرجییەکان، واتا سوپا و فەرمانبەران، شیعاری سەرجەم شۆڕشە بۆرژواییەکانی کردە کردەوە، واتا حکومەتی کەم مەسرەف"

له نێــوان جووتیــاران، هەروەهــا لە نێــوان ســەرجەم تــوێژە وردە بۆرژوازییەکاندا، تەنیا کەمـایەتییەکی کەم هەن، کە بە واتـای چەمکـی بۆرژوازی وشەکە "دەگەنە سەرەوە" "دەگەنە ئەو جیهانە"، واتـا دەبـنە کەسانێکی تێروتەسەل و بۆرژوا یان دەبنە فەرمـانبەرانێکی زامنکـراو و بە ئمیتیـــــاز بەڵام زۆربەی زۆری جووتیـــــاران لە هەر وڵاتێکـــــی ســـــەرمایەداری، کە جووتیــــاری تێـــدا بێـــت (و ئەم جـــۆرە وڵاتە ســـــەرمایەدارییانەیش زۆربەن)، دەکەونە بەر ســـــتەمگەریی دەوڵەت و تینووی لەناوبردنەکەی و هاتنەسەرکاری حکومەتێکی "کەم مەسەرەف" دەبن. ئەنجامدانی ئەم کارە **تەنیا** لە توانـای پرۆلیتاریـایە و پرۆلیتاریـا بە ئەنجامــدانی ئەم کــارە، هاوکــات، هەنگاوێــک بەرەو گۆڕانکــاریی سۆسیالیستیانەی دەوڵەت دەنێت.

### ٣–لەناوبردنی پەرلەمانتاریزم

مارکس ئەنووسێت:

"کۆمــۆنە نەدەکـرا دامەزراوەیەکـی پەرلەمــانی بـوایە، بەڵکـو دامەزراوەیەکـــی چـــالاک، لەیەککداتـــدا هەم یاســـادانەر و هەم جێبەجێکەر بێت"...

..."لەبـری ئەوەی هەر سـێ یـان شـەش سـاڵ جارێـک بڕیـار بــدرێت، کە کــام یەکێــک لە ئەنــدامانی چینـــی دەســـەڵاتدار لە پەرلەمانـدا نـوێنەری جەمـاوەر یـان سـەرکوتکەریان بێـت، دەبـوایە مـافی هەڵبژاردنـی گشـتی لەم لایەنەوە بچێـتە خـزمەت جەمـاوەری ڕێکخـراو لە کۆمۆنەکـان، کە ئەوان بتـوانن بـۆ بنکەکـانی خودیـان

کرێکار، سەرکار و ژمێریار پەیدا بکەن، بەهەمانشێوە کە مافی خۆ هەڵبژاردنی هەر تاکێک بۆ هەمان مەبەست، لەبەردەست هەر کارمەندێکی تریشدا بێت."

ئەم رەخنە بە بەهایەش، کە لە ١٨٧١ دا لە پەرلەمان گیراوە، ئێستا لە ئەنجامی باڵادەستی سۆسیال شۆڤێنیزم و ئۆپۆرتۆنیزمدا، خراوەتە ریزی "وتە فەرامۆشکراوەکان"ی مارکسیزمەوە. وەزیران و پەرلەمانتارە پیشەییەکان، ئەم خیانەتکەرانە بە پرۆلیتاریا و سۆسیالیستە "پراتیکاڵ"انەی ئێستا، رەخنەگرتن لە پەرلەمانیان بەتەواوی خستۆتە ئەستۆی ئانارشیستەکان و لەبەر ئەمەش بە ئاستێکی زۆر سەیری عاقڵانە **هەر جۆرە** رەخنەیەک لە پەرلەمانتاریزم بە "ئانارشیزم" دادەنێن!! هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە ، کە پرۆلیتاریای وڵاتە "پێشکەوتووەکان" پەرلەمان لە روانگەی "سۆسیالیستەکان"ی وەک شیدمانەکان، دایڤدەکان، لێژینەکان، سێمباتەکان، رێنودیلەکان، هێندروسوەکان، ڤاندرڤلێدەکان، ستاوینگەکان، برانتیگەکان، بێسولاتینەکان و هاوبەشەکانیان دووچاری نەفرەت دەبن و رۆژ لەدوای رۆژ سەرنجی خۆیان دەخەنە سەر سەندیکالیزمی ئانارشیستی، لەکاتێکدا ئەم رەوتانە برای دووانەی ئۆپۆرتۆنیزم بوون .

بۆ مارکس، دیالەکتیکی شۆڕشگێڕانە هیچ کاتێک ئەو رستەسازییە پوچ و ئەو تیرەندازییە نەبووە، کە پلیخانۆڤ و کاوتسکی و هتد لێیان دروستکردووە. مارکس توانای ئەوە هەبووە، تەواوی پەیوەندییەک بە

ئانارشـیزمەوە بپچڕێنێـت، کە تەنـانەت توانـای کەڵکوەرگرتنیـان لە "تەویلە"ی پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازیش نەبێت- بە تـایبەت کاتێک بە هـیچ جۆرێـک بـارودۆخێکی شۆڕشـگێڕانە بـوونی نەبێـت- بەڵام لە هەمانکاتـدا ئەو تواناییەشـی هەبـووە، کە پەرلەمانتـاریزم بـداتە بەر رەخنەیەکـــی واقـــیعەن پـــرۆلیتەری. جەوهەری راســـتەقینەی پەرلەمانتـــاریزمی بـــۆرژوازی، نەک هەر لە رژێمەکـــانی پاشـــایەتی دەستوریی پەرلەمـانی، بەڵکـو لە لە دیمـوکراترین کۆمارەکانیشـدا هەر ئەوەیە کە چەند ساڵێک جارێک بڕیار دەدرێت کـام یەک لە ئەنـدامانی چینی باڵادەست لە پەرلەماندا خەڵک سەرکوت و پان بکەنەوە.

بەڵام ئەگەر ئـــێمە پرســـی دەوڵەت بخەیـــنە روو، ئەگەر پەرلەمانتاریزم، وەک یەکێک لە دامەزراوەکانی دەوڵەت لە روانگەی ئەو ئەرکانەی کە پرۆلیتاریا لەم رشتانەدا لەئەستۆیدایە تاوتوێ بکەن، ئەو کات رێگای دەرچوون لە پەرلەمانتاریزم لە کوێدایە؟ چۆن ئەتوانرێت بەبێ پەرلەمانتاریزم کارەکان رایبکرێن؟

جـارێکی تـر، دەبێـت بڵێـین: ئەو وانـانەی مـارکس کە پشـت بە شیکردنەوەی کۆمـۆنە ئەبەسـتن و بە رادەیەک فەرامۆشـکراون، کە بـۆ "سۆسـیال دیموکرات"ێـک (بیخـوێنەرەوە بە: خیانەتکـارانی ئێسـتا بە سۆســیالیزم) رەخنەیەکــی بەدەر لە رەخــنەی ئانارشیســتی یــان کۆنەپەرستی لە پەرلەمانتاریزم، هیچی تر مایەی تێگەیشتن نییە.

رێگای دەرچوون لە پەرلەمانتاریزم، دیـارە لە نەهێشـتنی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکـان و بنەمـای هەڵبژاردنـدا نیـیە، بەڵکـو لە گـۆڕینی دامەزراوە هەڵبژاردنەکـــانە لە خـــانەی چەنەبـــازییەوە بـــۆ

دامەزراوەیەکی"چالاک".. "کۆمۆنە نەدەکرا دامەزراوەیەکی پەرلەمانی بوایە، بەڵکو دامەزراوەیەکی چالاک، لەیەککداتدا هەم یاسادانەر و هەم جێبەجێکەر بێت."

دامەزراوەیەکی "پەرلەمانی نەبێت بەڵکو چالاک بێت"،- ئەم وشانە وەک تیرێکن، کە رێک بیدات لە دڵی پەرلەمانشینەکانی ئێستا و "سەگی ساڵۆنەکان"ی پەرلەمانی سۆسیال دیموکراسی! گەر بڕوانیتە هەر وڵاتێکی پەرلەمانی، لە ئەمریکاوە بگرە تا سویسرا، لە فەرەنساوە تا ئینگلتەرا و نەرویج و هتد: کاروبارە بنەڕەتییەکانی "دەوڵەت" لەپشت پەردەوە ئەنجام دەدرێن و وەزارەتەکان، کارگێڕییەکان و پارێزگاکان جێبەجێیدەکەن. لە پەرلەمانەکاندا تەنیا مەبەستی فریودانی "خەڵکی ئاسایی" چەنەبازی دەکەن. ئەم مەسەلەیە بە رادەیەک لەگەڵ واقیعدا دێتەوە، کە تەنانەت لە کۆماری روسیادا، لەم کۆمارەی بۆرژوا دیموکراتیدا، پێش ئەوەی کۆمارەکە بتوانێت پەرلەمانێکی راستەقینە دروست بکات، راستەوخۆ سەرجەم ئەو کارەساتانەی پەرلەمانتاریزم بەدەرکەوتن. قارەمانە مەکتەبییەکانی وردە بۆرژوازی لە جۆری سکۆبیلیڤەکان و تسیریتیلییەکان، چێرنۆڤەکان و ئەڤکسنتیڤەکان، توانیویانە شوراکانیش وەک نەفرەتلێکراوترین پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازی لێبکەن و بیکەنە خانەی چەنەبازییەکی پوچ. جەنابانی وەزارەتەکانی "سۆسیالیست" لە شوراکاندا بە رستەسیازییەکان و بڕیارنامەکانی خۆیان جووتیارانی خۆشباوەڕ فریو دەدەن. لە ئەنجومەنە دەوڵەتییەکاندا سەرگەرمی سەمای هەمیشەیی خۆشباوەڕین- تا لەلایەکەوە سۆسیال

شۆڕشگێڕەکان و مەنشەفیکەکان بە نۆرە زیاتر لە "پارووی چەور"ی کورسییە بەسود و ئابڕومەندەکان بەهرەمەندبن و لەلایەکی ترەوە، جەماوەر "سەرقاڵ بکەن" بەڵام کاروباری "دەوڵەت" لە کارگێڕییەکان و پارێزگاکاندا ئەنجام دەدەن!

ڕۆژنامەی "دیلۆ نارودا"ی ئۆرگانی حیزبی دەسەڵاتداری "سۆسیال شۆڕشگێڕەکان" لە سەروتاری دەستەی نووسەرانیدا، بە دەربڕینێکی ئاشکرای بێوێنەی کەسانێک لە "کۆمەڵەی چاکەکاران" کە لەودا "هەمووان" سەرقاڵی بێئابڕوویەکی سیاسیین، دانی نا بەوەدا کە تەنانەت لەو وەزارەتانەی لەدەستی (داوای لێبوردن ئەکەم لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە!) "سۆسیالیستەکان"ندان، سەرجەم دەزگا کارگێڕییەکان لە جەوهەردا وەک رابردوو ماونەتەوە، رەوتی کارەکانیان وەک رابردووە، خۆیان لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی تەواو "ئازاد" دەبوێرن! لە گریمانەی نەبوونی دانپیانانێکی وادا، مەگەر خودی مێژووی بەشداریی سۆسیال شۆڕشگێڕەکان و مەنشەفیکەکان لە حکومەتدا، ئەم مەسەلەیەی نەدەسەلماند؟ ئەوەی لەم لایەنەوە تایبەتە، تەنیا ئەم خاڵەیە کە جەنابانی چێرنۆڤەکان، روسانوڤەکان، زەینزیڤۆنەکان و سەرجەم نووسەرانی رۆژنامەی دیلۆ نارودا کە لەگەڵ کادتەکاندا لە کۆمەڵە وەزارەتێکدان، بە رادەیەک شەرم و ئابڕویان لەدەستداوە، بێ شەرمەزاری و بێ ئەوەی سوورهەڵگەڕێن، وەک بڵێی لەبارەی مەسەلەیەکی بێ بەهاوە دەدوێن، بەئاشکرا دەیخەنە روو کە لە وەزارەتەکانی "ئەوان"دا سەرجەم کارەکان بەگوێرەی رێسای پێشووە! دەربڕینەکانی شۆڕشی دیموکراتیک- بۆ گەمژەکردنی

گوندنیشینە خۆشباوەڕەکان و کات بەسەربردنە کارگێڕییەکان بۆ "دڵ ڕازیکردن"ی سەرمایەداران - ئەمەیە **ناوەڕۆکی** ئەم ئیئتلافە "ڕاستگۆیانە"یە.

کۆمۆنە دامەزراوەیەک دەخاتە شوێنی پەرلەمانتاریزمی خۆفرۆش و بۆگەنی کۆمەڵگای بۆرژوای، کە لەودا ئازادی بیروڕا نابێتە فریودان، چونکە پەرلەمانشینەکان دەبێت خۆیان کار بکەن، خۆیان یاسا دابنێن و جێبەجێی بکەن، بەدواداچوونی بۆ بکەن، کە بەکردەوە خۆیان ڕاستەوخۆ لەبەردەم ئەوانەی هەڵیانبژاردوون وەڵامی بەرەنجامی کارەکانیان بدەنەوە. دامەزراوە هەڵبژاردەوەکان لەشوێنی خۆیاندا دەمێننەوە، بەڵام پەرلەمانتاریزم وەک سیستەمێکی تایبەت و دابەشکاری بڕیاردان و جێبەجێکردن و بەهرەمەندی نوێنەران لە پێگەیەکی مومتاز، ئیتر لێرەدا **بوونی نییە**. بەبێ دامەزراوەی هەڵبژاردن، وێناکردنی دیموکراسی، تەنانەت دیموکراسی پرۆلیتەریش، بەلای ئێمەوە نامومکینە، بەڵام بەبێ پەرلەمانتاریزم ئێمە ئەتوانین و **دەبێت** بەکردەوە بیکەین، بەو مەرجەی ڕەخنەگرتنمان لە بۆرژوازی نەبێتە قسەیەکی پوچ، بەو مەرجەی هەوڵدانمان لەپێناو لەناوبردنی باڵادەستی بۆرژوازی، هەوڵدانێکی جەسور و ڕاستگۆیانە بێت، نەک دەربڕینە "هەڵبژاردەییەکان" بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی کرێکاران، وەک دەربڕینی مەنشەفیەکەکان و سۆسیال شۆڕشگێڕەکان، شیدمانەکان، لێژینەکان، سامباکان و ڤاندرڤلێدەکانەکان.

ئەو خاڵە پڕ وانەیەی لێرەدا هەیە بریتییە لەوەی، کە کاتێک مارکس لەبارەی ئەرکەکانی **ئەو** فەرمانبەرە دەوڵەتیانەوە ئەدوێت، کە

هەم کۆمۆنە پێویستی پێیانە و هەم دیموکراسی پرۆلیتەری، لەکاتی بەراوردا، بەکارخراوەکانی "هەر فەرنبەرێکی تر، واتا پێگەی ئاسایی سەرمایەداری لەگەڵ "کرێکاران، سەرپەرشتیار و ژمێریاران"ی لەبەرچاو دەگرێت.

لە وتەکەی مارکسدا زەرەیەکیش وەهم بوونی نییە، بەو واتایەی کە ئەو لە خۆیەوە کۆمەڵگای "نوێ" داناهێنێت و بە خەیاڵ دروستی ناکات. نەخێر، ئەو **سەرهەڵدانی** کۆمەڵگای نوێی **لە** هەناوی کۆمەڵگای کۆن و شێوەکانی گواستنەوەی پەیوەست بە تێپەڕبوون لە کۆمەڵگای کۆنەوە بۆ کۆمەڵگای نوێ وەک پرۆسەیەکی سروشتی-مێژوویی لێکدەداتەوە. ئەو ئەزموونە واقیعییەکانی بزووتنەوەی جەماوەری پرۆلیتەری لەبەرچاو دەگرێت و هەوڵدەدات وانەی کردەوەییان لێدەربکێشێت. ئەو لە کۆمۆنەوە "فێر دەبێت"، هەروەک بیرمەندانی گەورەی شۆڕشگێڕیش بێباکانە لە ئەزموونی بزووتنەوە گەورەکانی چینی چەوساوەوە فێردەبن، هیچ کاتێک لەبارەی ئەم بزووتنەوانەوە بیروشکانە ناکەونە"ئامۆژگاری"کردن (واتا وەک پلیخانۆف نالێن "نەدەبوایە دەست بۆ چەک ببردرێت" یان وەک تسیرێتیلی دەرینابڕن "پێویستە چین سنورێک بۆ خۆی دابنێت").

لەبارەی ئەوەی کە فەرمانبەرانی دەوڵەتی، یەکجار، لە هەموو شوێنێک و بەتەواوی نەهێڵدرێن، شایەنی کەمترین قسە نییە. وێناکردنێکی لەو جۆرە، خەیاڵە. بەڵام **لەناوبردنی** دەستوبردی دەزگای کۆنی کارگێڕی و دەستپێکردنی دەستوبردی دەزگایەکی نوێ، کە بواری ئەوە بدات بە تەدریج ژمارەی فەرمانبەران بگەیەنێتە سفر،

خەیاڵ **نییە**، بەڵکو ئەزموونی کۆمۆنە و ئەرکی راستەوخۆ و نوێی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕە.

سەرمایەداری ئەرکەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی کاروباری "دەوڵەتی" سادە دەکاتەوە، بواری ئەوە ئەدات "ئەرکی سەرۆکایەتی" نەمێنێت و سەرجەم کارەکان بەرەو رێکخراوکردنی پرۆلیتاریا (وەک چینی باڵادەست) بڕوات، کە "کرێکاران، سەرپەرشتیار و ژمێریاران" بەناوی هەموو کۆمەڵگاوە دەخاتە کار.

ئێمە یۆتۆپی نین. ئێمە لەو "خەو"ەدا نین، کە بە **تەکانێک** بێ هیچ کارێکی کارگێڕی و پێڕەویکردن، کارەکان بەرەوپێشەوە بەرین. ئەو خەونە ئانارشیستانە، کە بنەماکەی پەیپێنەبردنە بە ئەرکەکانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، لە بنەڕەتەوە لەگەڵ مارکسیزمدا نایەتەوە و بە کردەوە تەنیا بەکەڵکی ئەوە دێت کە شۆڕشی سۆسیالیستی، تا ئەو کاتەی کە کەسەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، دوابخرێت. نا، ئێمە لەگەڵ هەمان ئەو کەسانەی ئەمڕۆ کە کاریان بێ پێڕەوی، بێ کۆنترۆڵ، بێ "سەرپەرشتیار و ژمێریار" بەرەو پێشەوە ناڕوات، خوازیاری شۆڕشی سۆسیالیستین.

بەڵام ئەو کەسەی کە دەبێت پێڕەوی لێبکرێت، پێشڕەوی چەکداری هەموو چەوسێنەران و زەحمەتکێشان، واتا پرۆلیتاریایە. "سەرۆکایەتی"ی فەرمانبەرانی دەوڵەت، ئەتوانرێت و ئەبێت دەستوبرد و هەر ئێستا بگۆڕێت بە ئەرکێکی سادەی "سەرپەرشتیاران و ژمێریاران" واتا بگۆڕدرێن بە ئەرکێک کە هەر ئێستا بە تەواوی لە توانای ئەو کەسانەدا بێت، کە بەگشتی خاوەنی ئاستێک لە زانیاری

شارنشینەکان بن و لە بەرامبەر"کرێکی کرێکارێک"دا بە تەواوی ئەنجامی بدەن.

ئێمە، کرێکاران، بە پشتبەستن بە ئەزموونە کرێکارییەکەی خۆمان و بە دارشتنی دیسپلینێکی توند و ئاسنین، کە پشتیوانییەکەی دەسەلاتی دەوڵەتی کرێکارانی چەکدار بێت و لەسەر بنەمای ئەوەی کە سەرمایەداری تا ئێستا هێناویەتە ئاراوە، بەرهەمهێنانی گەورە رێکدەخەین و رۆڵی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەگۆرین بۆ رۆڵی جێبەجێکەرانی سادەی دەستورەکانی خۆمان و "سەرپەرشتیاران و ژمێریاران" لەگەڵ لێپرسراوێتی و شایانی گۆرین بە مافێکی کەم ( کە دیارە چەندان جۆر و بەشی شارەزایانی هونەریش لەهەر ئاستێکدا دەخرێتە پاڵیان)- ئەمەیە ئەرکی پرۆلیتاری ئێمە و ئەمەیە ئەو شتەی کە لەسەروبەندی شۆرشی پرۆلیتەریدا ئەتوانرێت و دەبێت کارەکەی لێوە **دەستپێبکەین**. دەستپێکردنی کار بەم شێوەیە و لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی گەورە، خۆبەخۆی کارەکە بەرەو "پوکانەوە"ی لەسەرخۆری هەر جۆرە دەزگایەکی کارگێری و سەرهەڵدانی تەدریجی ئەو جۆرە سیستەمە دەچێت- سیستەم بە واتای واقیعی سیستەمێک کە لەگەڵ کۆیلەیەتی کرێکادا هاوشێوە نەبێت- کە لەگەڵ بوونی ئەم ئەرکانەدا سەرپەرشتیاری و ژمێرباری، رۆژ لەدوای رۆژ سادە دەبێتەوە و لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەگوێرەی خۆیان ئەنجام دەدرێن و دواتر دەبنە بەشێک لە خوو، سەرەنجام، وەک ئەرکە **تایبەتییەکانی** توێژێکی تایبەتی کەسەکان، ناهێڵدرێت.

یەکێــک لە سۆســیال دیمــوکراتە لێهاتووەکــانی ئەڵمانیــا، لە حەفتاکـانی سـەدەی رابـردوودا، **پۆستی** بە نمـوونەیەک لە دەزگـای ئـابووریی سۆسیالیسـتی نـاوبردووە. ئەمە زۆر راسـتە. ئێسـتا پۆسـت دەزگایەکی ئابوورییە، کە بەشێوەی قۆرخکاری دەوڵـەتی **سەرمایەداری** رێکخـراوە. ئیمپریـالیزم بە تەدریجـی هەمـوو تراسـتەکان دەکـاتە پێکهـاتەیەکی لەم جـۆرە. لێـرەدا لەسـەر زەحمەتکێشـانی "سـادە" کە قورسی کارەکە کەمەریانی چەماندووتەوە و برسـێتی دەچێـژن، هەمـان بیرۆکراتــی بــۆرژوازی هەیە. بەڵام میکــانیزمی کــارگێڕی کــۆمەڵایەتی کاروبارەکـان ئیتـر لێـرەدا ئامـادەکراون. ئەوەنـدە بەسـە سـەرمایەداران سـەرنگونبکرێن، بەرگـری ئەم ستەمپیشـانە بە مشـتێکی ئاسـنینانەی کرێکــارانی چەکــدار لەبەریەکهەڵوەشــێتەوە، دەزگــای بیرۆکراتیکــی دەوڵـەتـی ئێسـتا تێکبشـکێندرێت- تـا لە بەرامبەرمانـدا میکانیزمێـک سەرهەڵبدات، کە لەلایەنی هونەرییەوە بە ئاستێکی بەرز ئامادەکرابێـت و لە بوونی "مشەخۆر" بێبەش بێت، میکانیزمێک کە خودی کرێکـارانی یەکگرتوو ئەتوانن بەکاریبهێنن و بۆ ئەم مەبەستە شارەزایانی هونەری، سەرپەرشتیار و ژمێریار بخرێتە کـار و بە **هەموو** ئەوان و هەروەهـا بە **هەموو** فەرمانبەرانی دەوڵەتی "بەشێوەیەکی گشتی، کرێـی کرێکارێـک" بـدەن. ئەمەیە ئەو ئەرکە دیـاریکراوە و کـردەوەییەی کە دەسـتبەجێ لەبـــارەی ســـەرجەم تراســـتەکانەوە شـــایانی جێبەجێکـــردنە، بە ئەنجامدانیشی زەحمەتکێشان لە کۆتی چەوسانەوە رزگار دەکات و ئەو ئەزموونەی کە کۆمۆنە بە کردەوە دەستی بۆ برد (بەتایبەتی لە بواری پێکهاتەی دەوڵەت)دا لەبەرچاو دەگرێت.

نزیکترین ئامانجی ئێمە ئەمەیە، کە سیفەتێکی وەک پۆست بە **سەرجەم** هێڵی ئابووری بدەین، تا لە شارەزایانی هونەری، سەرپەرشتیاران و ژمێریاریان و هەروەها **سەرجەم** خاوەن پۆستە کۆنترۆلکراوەکان و رابەری پرۆلیتاریای چەکدار، کرێیەک وەربگرن زیاتر نەبێت لە "کرێی کرێکارێک". ئەمەیە ئەو دەوڵەتە و ئەمەیە ئەو پایە ئابوورییەی کە ئامانجی دەستبەجێمانە. ئەمەیە کە لە ئەنجامی لەناوبردنی پەرلەمانتاریزم و مانەوەی دامەزراوە هەڵبژاردەییەکان دێتە دی، ئەمەیە ئەو شتەی کە چینە زەحمەتکێشەکان لە گەندەڵبوونی ئەم کارگێڕییە بەدەست بۆرژوازی، دەپارێزێت.

## ٤- رێکخراوکردنی یەکێتی نەتەوە

"لە نامیلکەیەکی کورتی رێکخراوی نەتەوە، کە کۆمۆنە کاتی نەبوو تەواوی بکات، بە روونییەکی تەواوەوە دەوترێت کە کۆمۆنە دەبێت شێوەیەکی سیاسی بێت تەنانەت لە بچوکترین گوندیشدا..." وا بڕیار بوو کۆمۆنارەکان هەڵبژێردراوانی "نوینەرانی نەتەوە"بن لە پاریس .

..."ئەو ئەرکە کەمە بەڵام زۆر گرنگەی کە لەو کاتەدا هێشتا لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندا دەمێنێتەوە، نابێت هەڵبوەشێتەوە، دەربڕینێکی لەم جۆرە شێواندنێکی ئەنقەستانە بوو- بەڵکو دەبوایە بخرایەتە ئەستۆی کۆمۆنە، واتا هەڵسوڕێنەرە تەواو بەرپرسیارەکان"...

..."یەکێتــی نەتەوە، نەدەبــوایە لەنــاو ببرێــت، بەڵکــو بەپــێچەوانەوە دەبــوایە بەهــۆی سیســتەمی کۆمــۆنەییەوە رێکبخرایە. یەکێتی نەتەوە دەبوایە لە رێگای نەهێشتنی ئەو دەســەڵاتە دەوڵەتیــیەوە جێبەجێبکــرایە، کە خــۆی وەک دەرخەری ئەم یەکێتیــیە دەخســتەڕوو، بەڵام دەیویســت سەربەخۆ بێت لە نەتەوە و بکەوێتە سەرووی کۆمەڵگاوە. ئەم دەسەڵاتە دەوڵەتییە، لە راستیدا تەنیا "کێمێکی مشەخۆر" بوو لەسەر پەیکەرەی دەوڵەت"... "ئەرکەکە بریتیبوو لەمە کە ئورگانە تەواو ستەمگەراکەی دەسەڵاتی دەوڵەتــی پێشــوو لەناوببرێت و ئەرکی ئاراستەکردنی یاساکانیش لە سنووری کاری ئەو دەســەڵاتە دەربکێشــرێت، کە ئیـدیعای لەســەروو کۆمەڵگا بوونەوەیەی دەکرد و بدرایەتە دەست خزمەتکارە بەرپرسەکانی کۆمەڵگا."

ئەم خاڵە کە ئۆپۆرتۆنیستە سۆسیال دیموکراتەکانی ئێستا تا چ رادەیەک بێتوانان لە تێگەیشتنی ئەم تێبینیانەی مارکس، یان لەوانەیە باشتر بێت بڵێین نەیانویست تێیبگەن، مەسەلەیەکە، کە زۆر باشتر لە کتێبی بەناوبانگ لە سەر شێوازی هیراستراتی برنشتاینی هەڵگەڕاوە، بەناوی "بنەماکانی سۆسیالیزم و ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی" دەیخاتە روو. برنشتاین لەبارەی هەمان ئەو وتانەی مارکسەوە دەنووسێت، ئەم بەرنامەیە "لەلایەنە سیاسییەکەیدا، لەسەرجەم خاڵە سەرەکییەکانیدا، لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ فیدرالیزمی پرۆدۆنیــدا

هەیە... سەرباری ئەو جیاوازی بۆچوونەکانی تر کە لە نێوان مارکس و پرۆدۆنی "وردە بۆرژوا" (برنشتاین وشەی "وردە بۆرژوا" دەخاتە ناو جووت کەوانەوە، تا گاڵتەی پێبکات) هەیە، لەم خاڵانەدا شێوەی بیرکردنەوەیان بە جۆرێک لە نزیکە لەیەک، کە لەوە نزیکتر مومکین نییە". دواتر برنشتاین درێژەی پێدەدات و دەڵێت دیارە گرنگی شوراکانی شارەوانی زۆتر دەبێت بەڵام "بەڕای من جێی گومانە کە یەکەمین ئەرکی دیموکراسی بریتیبێت لە هەڵوەشاندنەوە (auflönung)ی دەوڵەتە هاوچەرخەکان و گۆڕین و جێگرتنەوەی umwandlung)پێکهاتیان بەو شێوەیەی کە مارکس و پرۆدۆن بۆی دەچوون، واتا پێکهێنانی ئەنجوومەنی نەتەوە لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەنجوومەنە ویلایەتی و ناوچەییەکان، کە بەگوێرەی خۆی لە نوێنەرانی کۆمۆنەکان پێکبێن- بەشێوەیەک کە سەرجەم شێوەی پێشووی نوێنەرایەتییە نەتەوەییەکان بەتەواوی نەهێڵدرێن" (برنشتاین، "بنەماکان"، چاپی ئەڵمانی ١٨٩٩، ل١٣٤، ١٣٦ ).

کێشەیە بۆچوونەکانی مارکس لە بارەی "هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت واتا مفتەخۆر" لەگەڵ فیدرالیزمی پرۆدۆنیدا تێکەڵبکرێن! بەڵام ئەمە رێککەوت نییە، چونکە ئۆپۆرتۆنیستێک تەنانەت بە خەیاڵیشیدا نایەت کە لێرەدا مارکس بە هیچ شێوەیەک لەبارەی فیدرالیزمی دژ ناوەندەوە نەدواوە، بەڵکو مەبەستی لەناوبردنی دەزگای کۆنی دەوڵەتی بۆرژواییە، کە لە سەرجەم وڵاتە بۆرژوازییەکاندا هەیە.

ئۆپۆرتۆنیست تەنیا ئەو شتە بە زەینیدا دەگوزەرێت، کە لە دەوروبەرە گشتییە وردە بۆرژوازیەکەیی و داچوونی "ریفۆرمیست"کەی

چواردەوری خۆیدا دەیبینێت، ئەویش تەنیا "شوراکانی شارەوانی"یە! بەڵام لەبارەی شۆڕشی پرۆلیتاریاوە، ئۆپۆرتۆنیست تەنانەت بیرلێکردنەوەیشی لە زەینی خۆیدا دەرکێشاوە.

ئەمە گاڵتەجاڕییە. بەڵام مایەی سەرنجە کە لەم خاڵەدا هیچ کەس وەڵامی برنشتاینی نەداوەتەوە. زۆرێک وتەی برنشتاینیان رەتکردوەتەوە، بەتایبەت پلیخانۆف لە بڵاوکراوە روسییەکان و کاوتسکی لە بڵاوکراوەکانی ئەوروپا، بەڵام نە ئەم و نە ئەو کەسیان سەبارەت بەو بەلارێدابردنەی برنشتاین لە وتەکانی مارکسدا کردوویەتی، هیچیان **نەوتووە**.

ئۆپۆرتۆنیستەکان بەرادەیەک شێوازی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانە و بیری شۆڕشیان لە مێشکی خۆیان دەرکێشاوە، کە "فیدرالیزم" دەخەنە پاڵ مارکس و مارکسیان لەگەڵ پرۆدۆنی بونیادنەری ئانارشیزمدا لێ تێکدەچێت. بەڵام کاوتسکی و پلیخانۆف کە دەیانەوێت مارکسیستی ئەرتۆدۆکس و لایەنگری تیۆری مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بن، لەم لایەنەوە بێدەنگەی لێدەکەن! یەکێک لە رەگەزە زۆر نزمەکانی بۆچوونی پەیوەست بە جیاوازی نێوان مارکسیزم و ئانارشیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە، کە هەم تایبەتمەندی کاوتسکییەکانە و هەم ئۆپۆرتۆنیستەکان، پێویستەدووبارە لەبارەیەیانەوە بدوێین.

لەو ئاماژانەی سەرەوەی مارکسدا سەبارەت بە ئەزموونی کۆمۆنە، شوێنەوارێکیش لە فیدرالیزم نییە. هاوڕایی بۆچوونی مارکس لەگەڵ پرۆدۆندا رێک لەو خاڵەدایە کە برنشتاینی ئۆپۆرتۆنیست نایبینێت و

جیاوازی بۆچوونی مارکس لەگەڵ پرۆدۆندا، ڕێک دەکەوێتە ئەو خاڵەی کە برنشتاین پێیوایە لەیەکدەچن.

هاوڕایی بۆچوونی مارکس لەگەڵ پرۆدۆندا لەمەدایە، کە هەردووکیان لایەنگری "لەناوبردن"ی دەزگای دەوڵەتی هاوچەرخن. ئەم لێکچوونە کە مارکسیزم لەگەڵ ئانارشیزمدا هەیەتی (پرۆدۆن و باکۆنین هەردووکیان) نە ئۆپۆرتۆنیستەکان ئارەزووی بینینی دەکەن و نە کاوتسکیستەکان، چونکە ئەوان لەم خاڵەدا لە مارکسیزم دوور کەوتوونەتەوە.

جیاوازی بۆچوونی مارکس، چ لەگەڵ پرۆدۆن و چ لەگەڵ باکۆنین، ڕێک لەهەمان مەسەلەی فیدرالیزمدایە (بەدەر لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا). فیدرالیزم بەرهەمی پرەنسیپی بۆچوونی وردە بۆرژوازیانەی ئانارشیزمە. مارکس لایەنگری ناوەندێتییە. لەو ئاماژانەی کە لەوەوە هێناومانەتەوە، بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری بۆچوونی ناوەندێتی نەبووە، تەنیا کەسانێک کە "باوەڕی خورافی" وردە بۆرژوازی دەربارەی دەوڵەت ڕۆچۆتە ناو زەینیانەوە، ئەکرێت لەناوبردنی دەزگای بۆرژوازی لەگەڵ لەناوبردنی ناوەندێتیدا بە هەڵە وەربگرن!

بەڵام ئەگەر پرۆلیتاریا و جووتیارانی هەژار، دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستەوە بگرن، تا دوا رادەی ئازادی لە کۆمۆنەکاندا ڕێکخراوبن و هەڵسوڕانی سەرجەم کۆمۆنەکان لە کاروباری گورزلێدان لە پەیکەرەی سەرمایە و تێکشاندنی بەرگری سەرمایەداران و گێڕانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی ڕێگاکانی ئاسن، کارگەکان، زەوی و هتد بۆ **سەرجەم** نەتەوە، لەگەڵ هەموو کۆمەڵگادا **یەکگرتووبن**. لەو حاڵەتەدا

ئایا ئەمە ناوەندێتی نابێت؟ ئایا ئەمە خۆی پتەوترین ناوەندێتی دیموکراتی و ئەویش ناوەندێتی پرۆلیتەری نابێت؟

برنشتاین تەنانەت توانای وێنای ئەوەیشی نییە، کە ناوەندێتی خۆبەخشانە، کۆبوونەوەی خۆبەخشانەی کۆمۆنەکان بەشێوەی نەتەوەیەک و یەکێتی خۆبەخشانەی کۆمۆنە پرۆلیتەرییەکان بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی و دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی مومکینە.

برنشتاین، وەک هەر کەسێکی کورتبینی تر، ناوەندێتی وەک شتێک لە زەینی خۆیدا وێنا دەکات، کە تەنیا لەسەرەوە دروست دەکرێت و تەنیا فەرمانبەرە دەوڵەتی و سەربازییەکان ئەتوانن بیسەپێنن و بیپارێزن.

مارکس، وەک بڵێیت ئیمکانی بەلارێدابردن لە بۆچوونەکانی خۆیدا پێشبینکردووە، هەروا ئاماژەی پێدەدات، کە تاوانبارکردنی کۆمۆنە بەوەی گوایە ویستویەتی یەکێتی نەتەوە لەناوببات و دەسەڵاتی ناوەندێتی هەڵوەشێنێتەوە، بەلارێدابردنێکی ئەنقەستانەیە. مارکس هەروا دەستەواژەی "رێکخستنی یەکێتی نەتەوە" بەکار دەبات، تا ناوەندێتی ئاگایانە، دیموکراتیک، پرۆلیتەری بخاتە بەرامبەر ناوەندێتی بۆرژوازی، سەربازی و بیرۆکراتییەوە.

بەڵام... ئەو کەسەی نەیەوێت ببیستێت، لەهەر نابیستێک خراپیرە. ئۆپۆرتۆنیستە سۆسیال دیموکراتییەکانی ئێستا، هەمان ئەو کەسانەن کە نایانەوێت لەبارەی لەناوچوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و نەهێشتنی مشەخۆرەوە شتێک ببیستن.

## ٥- لەناوبردنی دەوڵەتی مشەخۆر

ئـێمە لەسـەرەوە وتەکـانی مارکسـمان هێنـایەوە و ئێسـتا دەبێـت بەجێیەکی بگەیەنین.

مارکس دەنووسێت:

"چارەنووسی ئاسایی هەر داهێنانێکی مێژوویی نـوێ ئەمەیە کە بە هەڵە وەک شـێوە کۆنەکـان و تەنـانەت بەسـەرچووەکانی ژیـانی کۆمەڵایەتی سەیردەکرێت، کە دامەزراوە نـوێیەکە لێکچـوونێکی کەم تـا زۆری لەگەڵیـدا هەیە. هەر بەم جـۆرەش کۆمـۆنەیەکی نـوێ کە دەسـەڵاتی دەوڵەتـی لەبەیەک هەڵدەوەشـێنێتەوە (لەناودەبـات ، bricht) وەک زیندووکردنەوەی کۆمۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاسـت، وەک یەکێتـــی دەوڵەتە بچوکەکـــان (وەک مۆنتیســـکیۆ، ژیروندیســتەکان)... وەک شـێوەیەکی زیـادەڕۆیی تێکۆشـان دژی ناوەندێتییەکی تەواو"...

"دەبوایە سیستەمی کۆمۆنە سەرجەم هێزەکانی بگێڕایەتەوە بـۆ بەدەنـدەی کۆمەڵگـا، کە تائێسـتا ئەم کـێمە مشـەخۆرییە، واتـا "دەوڵەت" کە گـوایە خـواردن ئەبەخشـێتە کۆمەڵگـا و ڕێگـرە لەبەردەم بزووتنەوەی ئازادی کۆمەڵایەتی، بپێچایەتەوە. تەنیـا هەر بەم کـارە مـومکین بـوو کـاری زینـدووکردنەوەی فەڕەنسـا بەرەو پێشەوە ببرێت"...

"سیستەمی کۆمۆنە دەبوایە بەرهەمهێنـانی گونـدی بخسـتایەتە ژێـر رابەری مەعـنەوی شـارە سـەرەکییەکانی هەر پارێزگـایەک و لەوێـدا کرێکـارانی شـاری بکرانـایەتە نـوێنەری سروشـتی ئەم

بەرهەمهێنەرانە. تەنیا بەو کارەیە خودی بوونیەتە کۆنەکە بەرەو خۆبەڕێوەبەری ئەم کارە دەبات، دیارە ئەم بەڕێوەبردنە خۆبەڕێوەبەرییەی کاروبارە ناوخۆییەکان ناکەونە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتێک کە خەریکە سەرهەڵدەدات"...

"لەناوبردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی" کە "کێمێکی مشەخۆر" بوو، "لەناوبردن"ی، "تێکدان"ی ئەو دەسەڵاتە دەوڵەتییەی کە ئیتر بووەتە سەربار" – ئەمەیە ئەو دەستەواژەیەی مارکس لەکاتی قسەکردن لە دەوڵەت و لەکاتی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەزموونی کۆمۆنەدا بەکاریدەهێنێت.

هەموو ئەمانە بابەتێکن، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا نووسراون و ئێستا لە راستیدا دەبێت بکەویتە هەڵکۆڵین تا مارکسیزمێکی بەلاڕێدانەبراو بخرێتە بەر دەم رای جەماوەرێکی فراوانەوە. ئەنجامگیرییەکانی مارکس لە شاهیدی کۆتاییەکانی شۆڕشێکی گەورەدا، کە خۆی بینویەتی، رێک لەکاتێکدا فەرامۆش دەکرێن، کە قۆناغی شۆڕشە گەورەکانی دواتری پرۆلیتاریا هاتۆتە پێشەوە.

"جۆراوجۆری ئەو شیکردنەوانەی بەهۆی کۆمۆنەوە سەریانهەدا، هەروەها جۆراجۆری ئەو بەرژەوەندیانەی کە لەودا رەنگیدایەوە، سەلماندنی کە کۆمۆنە شێوەیەکی سیاسی بێڕادە توندپێچ بوو، لەکاتێکدا سەرجەم شێوەکانی پێشووی دەوڵەت لە جەوهەردا ستەمگەرا بوون. رازی سەرەکی کۆمۆنە لەوەدایە کە: کۆمۆنە لە

جەوهەریـدا **دەوڵەتـــی چینـــی کرێکــار** و ئەنجـامی خەبـاتی چینـــی بەرهەمهێـــنەرە لەدژی چینـــی دەستبەســـەراگر، ســـەرەنجام کۆمـــۆنە شیوەیەکی سیاسی کەشفکراو بوو، کە بە بوونی ئەو رزگـاری ئـابووری کار ئەیتوانی ببێتە کردەوە"...

"بـێ بـوونی ئەم دوایـن مەرجەیـان، سیسـتەمی کۆمـۆنە دەبـووە کارێکی مەحاڵ و فریوخواردوو"...

خۆشـخەیاڵان سـەرقاڵی "دۆزیـنەوە"ی ئەو جـۆرە شـێوە سیاسـیانە بوون، کە دەبوایە بە هۆیانەوە گۆڕانکاری سۆسیالیستی بهاتایەتە دی. ئانارشیســـتەکان هەر جـــۆرە پێکهـــاتێکی سیاســـیان رەتـــدەکردەوە، ئۆپۆرتۆنیستەکانی سۆسیال دیموکراتی ئێستا، پێکهـاتە سیاسـییەکانی بـــۆرژوازی دەوڵەتـــی دیمـــوکراتی پەرلەمانیـــان وەک ســـنورێک کە تێپەڕانـدنی رێگاپێـدراو نیـیە و لە سـوجدەبردن بـۆ ئەم "ئـایکۆنە" نـــۆرەبڕێ دەکەن و هەر جـــۆرە هەوڵـــدانێک بـــۆ **تێکشـــکاندنی** ئەم پێکهاتەیە بە ئانارشیزم دادەنێن.

مارکس لە تەواوی رەوتی مێژوویی سۆسـیالیزم و خەبـاتی سیاسـی ئەنجامگیرییەکی وەهای دەرکێشاوە، کە دەبێت دەوڵەت هەڵبوەشێتەوە و شـێوەیەکی تێپەڕبـوونی ئەم هەڵوەشـاندنەوەیە (واتـا تێپەڕبـوون لە دەوڵەتەوە بـۆ کۆمەڵگـای بـێ دەوڵەت) بریتیبـوو لە "پرۆلیتاریـای رێکخـراو وەک چینـــی دەســـەڵاتدار" بەڵام مـــارکس نەچـــووە ســـەر **دۆزینەوەی ئەو پێکهاتە** سیاسییە لە داهـاتوودا. ئەو بە سـەرنجدانێکی وردی مێژووی فەرەنسا و ئەزمـوون و شـیکردنەوەکەیەوە وەسـتایەوە و

بەو ئەنجامە گەیشت کە ڕووداوەکانی ١٨٥١ دەیدات: کارەکە بەرەو **وێرانبوونی** دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی دەچێت.

کاتێک بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جەماوەری پرۆلیتاریا بەرپابوو، مارکس سەرباری ناکام مانەوەی ئەم بزووتنەوەیە و سەرباری ماوە کورتی و لاوازییە دیارەکانی، کەوتە شیکردنەوەی ئەم خاڵە کە ئەم بزووتنەوەیە چ شێوەیەکی **دۆزیوەتەوە**.

کۆمۆنە ئەو فۆرمەیە کە لەلایەن شۆڕشی پرۆلیتەرییەوە "سەرەنجام خرایەڕوو" و بە بوونی ئەو ڕزگاری ئابووریی کار ئەتوانێت جێبەجێ بکرێت.

کۆمۆنە یەکەمین هەوڵی شۆڕشی پرۆلیتەری بوو بۆ **وێرانکردنی** دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی و ئەو پێکهاتە سیاسییە "سەرەنجام دۆزراوەیە" کە ئەتوانێت و دەبێت **بخرێتە شوێنی** وێرانکراوەکە.

لەوەی دواتر دەیخەینە ڕوو، دەیبینین کە شۆڕشەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ ی ڕوسیا، کارەکانی کۆمۆنە لە بارودۆخێکی تردا و لە هەلومەرجێکی تردا درێژە پێدەدات و شیکردنەوە مێژووییە داهێنانەکانی مارکس پشتڕاست دەکاتەوە.

## بەشی چوارەم:
## درێژەی بابەت. ڕوونکردنەوە تەواوکەرییەکانی ئەنگلس

مـارکس لەبـارەی گرنگـی ئەزمـوونی کۆمـۆنە، چەنـد مەسـەلەیەکی سـەرەکی خسـتۆتە ڕوو. ئەنگلـس چەنـدان جـار گەڕاوەتەوە سـەر ئەم مەســـەلانە و هاوکـــاتی ڕوونکـــردنەوەی ئەزمـــوون، شـــیکردنەوە و ئەنجامگیرییەکانی مارکس، هەندێک جار بە لێهـاتوویی و ڕوونییەکـی وا لاکـانی **تـری** ئەم مەسـەلەیە ڕوونـدەکاتەوە، کە ئەرکە لەسـەرمان بە تایبەت لەسەر ئەم ڕوونکردانەوە بوەستین.

### ١–پرسی نیشتەجێبوون

ئەنگلس لە نووسـراوەکەی خۆیـدا دەربـارەی پرسـی نیشـتەجێبوون (١٨٧٢) ئەزموونێکی تری کۆمۆنە لەبەرچـاو دەگرێـت و چەنـدان جـار لەسەر ئەرکەکانی شـۆڕش سـەبارەت بە دەوڵـەت رادەوەسـتێت. مـایەی سەرنجە کاتێک مەسەلەکە بەشێوەیەکی دیاریکراو دەهێنرێتە پێشـەوە، لەلایەکەوە شـێوەی لێکچـووی دەوڵـەتـی پـرۆلیتەری لەگەڵ دەوڵـەتـی ئێســتادا، واتــا ئەو هاوشــێوەییەی کە ڕێگــادەدات لەهەردوو لایەنەوە باسی دەوڵـەت بکرێت و لەلایەکـی تـرەوە جیاوازییەکـانی نێوانیـان یـان تێپەڕبوون بەرەو لەناوبردنی دەوڵـەت، دیاری بکرێن.

"دەبێت چۆن پرسـی نیشـتجێبوون چارەسـەربکرێت؟ لە کۆمەڵگـای ئێســـتادا ئەم پرســـە بەتەواوی وەک هەر پرســـێکی کـــۆمەڵایەتی تـــر

چارەسەر دەکرێت، واتا لە ڕێگای هاوکێشەی تەدریجی ئـابووری نێـوان خســتنەڕو و داخــوازی، ئەمە ئەو ڕێگاچــارەیە کە بەردەوام پرســەکە ســەرلەنوێ دووبــارە دەکــاتەوە، واتــا هــیچ ڕێگاچــارەیەک بەدەســتەوە نــادات. بەڵام ئەوەی کە ئایــا شۆڕشــی کــۆمەڵایەتی چــۆن ئەم پرســە چارەسەر دەکات، مەسەلەیەکە کە تەنیا پەیوەندی بە بـارودۆخی کـات و شــوێنەوە نەبــووە، بەڵکــو پەیوەســتە بە چەنــد پرســێکی لەویــش فراوانتر، کە یەکێک لەوانە، پرسی نەهێشتنی بەرامبەرکێی نێـوان شـار و گوندە. لەو ڕوانگەیەوە، کە کاری ئێمە نییە سیستەمێکی خەیاڵی بۆ ڕێکخســتنی کۆمەڵگــای داهــاتوو دابنێــین، بــۆیە وەســتان لەســەر ئەم مەســەلەیەش کــارێکی بهێــودە دەبێــت. تەنیــا خاڵێــک کە ســەلمێنراوە بریتییە لەوەی کە لە شارە گەورەکاندا بە ئاسـتێکی تەواو، باڵەخـانەی پێویست هەیە کە بتوانێت بە کەڵک لێوەرگرتنێکی مەعقول، دەستوبرد هاوکاری ئەوانە بکرێت کە بەواقیعی **پێویستیان پێیەتی**. ئاسـاییە کە ئەم کـــارە تەنیـــا لەو ڕێگـــایەوە مـــومکینە کە ئەم باڵاخانـــانە لە خاوەنەکانی ئێسـتایان بسـێنرێنەوە و کرێکـارانی بـێ خـانەولانە لەگەڵ ئەو کرێکـارانەی کە ئێسـتا لە مـاڵە قەرەباڵغەکانـدا دەژیــن، تیاینـدا نیشـتەجێ بکـرێن. هەر ئەوەنـدەی کە پرۆلیتاریـا دەسـەڵاتی سیاسـی بەدەســـتەوەگرت، ئەم کـــارەیش کە بەرژەوەنـــدی کۆمەڵایەتییەکـــان دەیخوازێـــت، بەهەمـــان ڕادە ئاســـان دەبێـــت وەک ســـەرجەم دەستبەسەراگرتنی خاوەنـدارێتییەکان و بەدەسـتەوەگرتنی شـوێنەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن دەوڵەتـی ئێسـتاوە (چاپی ئەڵمـانی ١٨٨٧، ل ٢٢).

لێرەدا گۆڕانکاری پێکهاتی دەسەڵاتی دەوڵەتی لێکنەدراوەتەوە، بەڵکو تەنیا سەرنج خراوەتە سەر جەوهەری کارەکە. لێسەندنەوەی خاوەنداریێتی و دەستبەسەراگرتنی خانووەکان کارێکە، کە بەهۆی رێنمایی دەوڵەتی ئێستایشەوە ئەنجام دەدرێت. دەوڵەتی پرۆلیتەریش ئەگەر لەروانگەیەکی رواڵەتییەوە سەری مەسەلەکە بکەین، "رێنمایی دەدات" دەستبەسەر خانووەکاندا بگیرێت و شوێنەکان رێکبخرێن. بەڵام ئاساییە کە دەزگای جێبەجێکردنی پێشوو و فەرمانبەرانی دەوڵەتی کە پاشکۆی بۆرژوازین، بۆ جێبەجێکردنی رێنماییەکانی دەوڵەتی پرۆلیتەری گونجاو نین .

"دەبێت سەرنج بدرێت کە خاوەنداربوونی واقیعی سەرجەم ئامرازەکانی کار و سەرجەم پیشەسازی لەلایەن زەحمەتکێشانەوە، رێک بەرامبەرە بەو شتەی کە پرۆدۆن پێی دەڵێت "دووبارە کرینەوە". لە حاڵەتی دووەمیاندا کرێکار دەبێتە خاوەنی نیشتەجێبوون یان پارچەیەک زەوی جووتیاری یان ئامرازێکی کار، بەڵام لە حاڵەتی یەکەمیاندا، ماڵەکان، کارگەکان و ئامرازەکانی کار دەبنە خاوەنداریێتی گشتیی "خەڵکی زەحمەتکێش". قورسە بتوانرێت بوترێت کە ئەم خانوانە، کارگانە و هتد لانیکەم لە قۆناغی گواستنەوەدا، بەبێ دووبارە کرینەوە بخرێتە بەردەست کەسەکان یان دامەزراوەکان. بەم جۆرە هەم هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریێتی زەوی بەناچار نەبووەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کرێی زەوی، بەڵکو بەشێوەیەکی تر ئەوە دەخاتە بەردەم کۆمەڵگا. کەواتە دەستبەسەراگرتنی پراتیکیانەی سەرجەم

ئامرازەکانی کار لەلایەن خەڵکی زەحمەتکێشەوە، بە هیچ شێوەیەک شوێنگرتنەوەی مانەوەی کرێی و بەکرێدان نین" (ل٦٨).

پرسێک کە لەم قسەوباسانەوە قسەیان لەسەرکرا، واتا بنەما ئابوورییەکانی پوکانەوەی دەوڵەت، ئێمە لە بەشی داهاتوودا تاوتوێی دەکەین. ئەنگلس زۆر بە حەزەرەوە بابەتەکە دەخاتە ڕوو، دەڵێت "قورسە بوترێت" کە دەوڵەتی پرۆلیتەری خانووەکان "لانیکەم لە قۆناغی تێپەڕبووندا" بێبەرامبەر بداتە تاکەکان. بەکرێدانی خانووە گشتییەکانی خەڵک بە خێزانە جیاکان، هەم وەرگرتنی کرێ بەها دروست دەکات و هەم کۆنترۆڵێکی دیاریکراو و ریزبەندییەک لە دابەشکردنی خانووەکان. هەموو ئەوانە پێویستیان بە بوونی جۆرێکی دیاریکراوی دەوڵەتە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پێویستی بەوە نییە دەزگا سەربازی و بیرۆکراتییە تایبەتەکان یان خاوەن پیشە کارگێڕییەکان مومتازەکان هەبن. بەڵام فەراهەمکردنی بارودۆخێک، کە بتوانرێت لەودا خانووەکان بێ بەرامبەر بدرێنە کەسەکان، پێویستی بە "پوکانەوە"ی دەوڵەت.

لەکاتێکدا ئەنگلس لەم بارەوە ئەدوێت، کە بلانکیستەکان لەدوای کۆمۆنە بەهۆی کاریگەری ئەو ئەزموونانەی لەوەوە بەدەستهاتبوو، ڕوویانکردبووە ڕێبازی مارکسیزم، هاوکات بابەتی ئەم ڕێبازە بەم شێوەیە فۆرمۆڵەبەندی دەکات:

"پێویستی هەنگاونانی سیاسی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆرییەکەی، وەک تێپەڕبوون بەرەو هەڵوەشاندنەوەی چینەکان و بەدوای ئەویشدا هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت"... (ل ٥٥).

لەوانەیە هەندێک لە دۆستان رەخنەی دەربڕین یان "لەناوبەران"ی بۆرژوازیی "مارکسیزم" لە نێوان ئەم **پشتراستکردنەوەیەی** "هەڵوەشانەوەی دەوڵەت" و رەتکردنەوەی ئەم فۆرمۆڵە وەک یەکێک لە فۆرمۆڵە ئانارشیستییەکان، ناکۆکییەک ببینن، کە لە بەشی سەرەوەی هێنراوەی کتێبی "ئانتی دورینگ"دا قسەی لەسەر کراوە. سەیر نییە، ئەگەر ئۆپۆرتۆنیستەکان، ئەنگلسیش بخەنە ریزی "ئانارشیستەکان"، ئێستا تۆمەتبارکردنی ئینتەرناسیۆنالیزم بە ئانارشیزم لەلایەن سۆسیال شۆڤێنیستەکانەوە دەم بە دەم بڵاوتر دەبێتەوە.

ئەوەی کە هاوشانی هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریتی، دەوڵەتیش هەڵدەوەشێتەوە، خاڵێکە کە مارکسیزم هەمیشە کردوویەتییە وانە، بەشە بەناوبانگەکەی "ئانتی دورینگ" کە پەیوەندی بە "پوکانەوەی دەوڵەت"ەوە هەیە، ئانارشیستەکان تەنیا بەوە تۆمەتبار ناکات، کە ئەوان لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتن، بەڵکو بە مەوعیزەدانی بۆچوونێک تۆمەتباریان دەکات، کە بەرامبەر ئەوە گوایە دەکرێت دەوڵەت "بە شەوێک" هەڵبوەشێنرێتەوە .

لەبەر ئەوەی ئێستا باڵادەستەکانی "سۆسیال دیموکراسی" پەیوەندییەکانی مارکسیزم و ئانارشیزم لەبارەی پرسی لەناوبردنی

دەوڵەت بەتەواوی بەلارێدا دەبەن، بۆیە بیرخستنەوەی یەکێک لە پلمیکەکانی مارکس و ئەنگلس لەگەڵ ئانارشیستەکاندا، بەسود دەبێت.

## ٢–جەدەل لەگەڵ ئانارشیستەکان

ئەم جەدەلە دەگەڕێتەوە بۆ ١٨٧٣. مارکس و ئەنگلس چەند وتارێکیان لەدژی پرۆدۆنیستەکان، "ئۆتۆنۆمیستەکان" یان "دژە ئۆتۆریستەکان" دەدەنە کۆمەڵەیەکی سۆسیالیستی ئیتالی، کە وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەی لە ١٩١٣ لە "سەردەمی نوێ "Neue Zeit) دا بڵاوکرایەوە.

مارکس ئانارشیستەکان، کە سیاسەت رەتدەکەنەوە، دەداتە بەر گاڵتە و دەنووسێت:

"ئەگەر خەباتی سیاسی چینی کرێکار شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەخۆوە دەگرێت، ئەگەر کرێکارەکان لەبری دیکتاتۆری بۆرژوازی، دیکتاتۆری شۆڕشگێڕانەی خۆیان بەرپا بکەن، بەم کارە ئاڵودەی گوناهێکی قورسی سوکایەتیکردن بە پرەنسیپ بوون، چونکە بۆ دابینکردنی پێداویستییە زۆر و ناچارییەکانی بژێوی خۆیان و بۆ ئەوەی کە بەرگری بۆرژوازی تێکبشێکنن، لەبری ئەوەی کە چەک توڕدەن و دەوڵەت هەڵبوەشێننەوە، شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و تێپەڕبوون دەدەنە دەوڵەتNeue Zeit)) ، -١٩١٣-١٩١٤، ساڵی ٣٢، بەرگی١ ، ل٤)

تەنیا لەدژی ئەم جۆرە "هەڵوەشاندنەوە"یەی دەوڵەتە، کە مارکس رادەپەڕێت و وتەی ئانارشیستەکان رەتدەکاتەوە! ئەو بە هیچ جۆرێک نەیاری ئەوە نەبووە، کە لەدوای هەڵوەشاندنەوەی چینەکان دەوڵەتیش هەڵدەوەشێتەوە یان ئەوەی کە لەگەڵ نەمانی چینەکاندا دەوڵەتیش نامێنێت، بەڵکو نەیاری ئەوە بووە کە کرێکاران دەستبەرداری دەستبردن بۆ چەک و بەکارهێنانی هێزی توندوتیژی رێکخراو **واتا دەوڵەت**، ببن، کە ئامانج لێی "تێکشاندنی بەرگری بۆرژوا" بێت.

مارکس بۆ ئەوەی واتای خەباتەکەی لەگەڵ ئانارشیزمدا ئاڵوگۆڕ پێنەکەن، تەئکید لەسەر "پێکهاتی شۆڕشگێڕانە و **تێپەڕبوون**"ی دەوڵەت دەکاتەوە، کە بۆ پرۆلیتاریا پێویستە. پرۆلیتاریا دەوڵەتیان تەنیا بەشێوەیەکی کاتی پێویستە. لەوەدا کە **ئامانج** هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بێت، ئێمە بە هیچ شێوەیەک جیاوازیمان لەگەڵ ئانارشیستەکاندا نییە. ئێمە پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، کەڵکوەرگرتنی کاتی لە ئامرازەکان، هۆیەکان و شێوەکانی بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی **دژی** چەوسێنەران پێویستە، مارکس یەکلاکەرەوەترین و روونترین شێوازی خستنەڕووی پرسەکە لەدژی ئانارشیستەکان هەڵبژێرێت: ئایا کرێکاران لە کاتی لابردنی نیلی سەرمایەداری دەبێت "چەک فرێدەن" یان بە مەبەستی لەناوبردنی بەرگری سەرمایەداران، لەدژیان بەکاریبێنن؟ بەڵام بەکارهێنانی سیستەماتیکی چەک لەلایەن چینێکەوە دژی چینێکی تر، چ واتایەکی هەیە جیا لە "شێوەی تێپەڕبوون"ی دەوڵەت؟

با هەر سۆسیال دیموکراتێک لەخۆی بپرسێت کە ئایا لەم جەدەلە لەگەڵ ئانارشیستەکاندا، پرسی دەوڵەتی **بەو جۆرە** خسۆتە روو؟ یان زۆربەی زۆری حیزبە رەسمییەکانی سۆسیالیستی ئینتەرناسیۆنالی دووەم، پرسەکەیان **بەم جۆرە** خستۆتە روو؟

ئەنگلس بەردەوام ئەندێشەکانی بە وردییەکی زیاتر و بەشێوەیەکی سادەتر دەخستە روو. ئەو پێش هەموو شتێک سەرلێشێوازی فکری پرۆدۆنیستەکانی دەدایە بەر گاڵتە، کە خۆیان بە "دژە ئۆتۆریست" دادەنا، واتا هەرجۆرە ئۆتۆریتەیەک، هەر جۆرە پێرەوی و هەر جۆرە دەسەڵاتێکیان رەتدەکردەوە. ئەنگلس دەیوت بۆ نموونە کارگە، رێگای ئاسان یان کەشتییەک لە ناوەڕاستی دەریا لەبەرچاو بگرن، مەگەر روون نییە کە هیچ یەکێک لەم دەزگا هونەرییە ئاڵۆزانە، کە بنەماکەیان لەسەر بەکارهێنانی مەکینە و هاوکاری رێکخراوانەی کەسانێکی زۆر دارێژراوە، بەبێ پێرەوییەکی دیاریکراو و بەبێ بوونی ئۆتۆریتەیەکی دیاریکراو یان دەسەڵاتێک ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات؟

ئەنگلس دەنووسێت:

> ... "کاتێک من ئەم بەڵگانە لە دژی تووڕەترین دژە ئۆتۆریستەکان دەخەمە روو، ئەوانە تەنیا ئەتوانن ئەم وەڵامەی خوارەوەم پێبدەنەوە: "بەڵێ، ئەمە راستە، بەڵام لێرەدا قسە لەسەر ئەو ئۆتۆریتەیە نییە کە خۆمان ئەیدەینە نوێنەرەکانی خۆمان، **بەڵکو لەسەر ئەو کاروبارانەیە** کە پێمانداون. ئەم کەسانە پێیانوایە کە بەگۆڕینی ناوی شتێک، خودی شتەکەیان گۆڕیوە" ...

بەم شـێوەیە ئەنگلـس دەیسـەلمێنێت کە ئۆتـۆریتە و ئۆتۆنـۆمی چەمکێکـــی ڕێـــژەین و بوارەکــــانی بەکارهێنانیــــان لە قۆنــــاغە جۆراوجۆرەکـــــانی گەشـــــەی کۆمەڵایەتیــــدا دەگۆڕێــــت و ئەگەر ڕەهایەتییەکیان بۆ دابنێین، ناعەقڵانییە، ئەوەیشی بۆ زیـاد دەکـات کە سەبارەت بەکارهێنانی ئـامێر و بەرهەمهێنـانی گەورە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێت. دواتر لە دەلالەتە گشتییەکان بۆ ئۆتـۆریتەوە دەچێتە سەر پرسی دەوڵەت:

"ئەگەر مەبەستی ئۆتۆنۆمیستەکان تەنیـا وتنـی ئەو خـاڵە بێـت، کە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی ئایندە تەنیا تا ئەو ئاسـتە ڕێگـا بە ئۆتـۆریتە دەدات، کە بـارودۆخی بەرهەمهێنـان بەشـێوەیەکی ناچـاری بیهێنێـتە دی، لەو حاڵەتەدا مومکین بوو لەگەڵیاندا لەناوبچێت. بەڵام تەنیـا لە کاروبارە تەواو واقیعییەکانەوە، کە بوونی ئۆتـۆریتە دەکـاتە ناچـاری، نابینانن و بە توندییەوە دژی وشەکە تێدەکۆشن.

بـۆچی دژە ئۆتۆریسـتەکان، لە هەراو هوریــای دژ بە ئۆتــۆریتەی سیاسی، واتا لەدژی دەوڵەت ناوەستەوە؟ سەرجەم سۆسیالیسـتەکان هاوڕای ئەم بابەتەن، کە لە ئەنجامی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئاییـندەدا، دەوڵەت و هاوشـانی ئەو، ئۆتـۆریتەی سیاسـی لەنـاو دەچـن، بەو واتــایەی کە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکـان لایەنە سیاسـییەکەی خۆیـان لەدەستداوەو و دەبـنە ئەرکێکـی کـۆمەڵایەتی سـادە، کە ئامـانج لێـی پاراســتنی بەرژەوەنــدییەکانی کۆمەڵگــایە. دژە ئۆتۆریتەکــان داوا

دەکەن کە دەوڵەتی سیاسی، پێش هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی دەوڵەتیان بەرهەمهێناوە، بە گورزێک لەناوبەرن. ئەوان داوا دەکەن، کە یەکەمین کاری شۆڕشی کۆمەڵایەتی نەهێشتنی ئۆتۆریتە بێت.

ئایا ئەم جەنابانە هیچ کاتێک شۆڕشیان دیوە؟ بێگومان شۆڕش بە ئۆتۆریتەترین شتی مومکینەکانە. شۆڕش کارێکە کە بەشێک لە دانیشتوان بەهۆی تفەنگ، سەرەنێزە، تۆپ، واتا بەو ئامرازە بێڕادە بە ئۆتۆریتانە ئیرادەی خۆیان دەسەپێنن بەسەر بەشێکی تردا و حیزبی سەرکەوتوو وەک پێویست ناچارە دەسەڵاتی خۆی بەهۆی ئەو تۆقاندنانەوە بپارێزێت، کە چەکەکانیان لە دڵی کۆنەپەرستاندا دروستیدەکات. ئەگەر کۆمۆنەی پاریس لە بەرامبەر بۆرژوازیدا پشتی بە ئۆتۆریتەی خەڵکی چەکدار نەبەستایە، ئایا ئەیتوانی تەمەنی لە یەک ڕۆژ زیاتر بوایە؟ بە پێچەوانەوە، ئایا ئێمە ئەو مافەمان نییە کە کۆمۆنە بە هۆی زۆر کەم کەڵکوەرگرتن لە ئۆتۆریتەکەی خۆی، سەرزەشت بکەین؟ کەواتە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە. یان دژە ئۆتۆریتەکان خۆیشیان نازانن چ دەڵێن، لەم حاڵەتەدا تەنیا شڵەژانی فکر بەرهەمدەهێنن، یان ئەوەی کە ئەم بابەتە ئەزانن، لەم حاڵەتەدا خیانەت لە پرۆلیتاریا دەکەن. لە هەر دوو حاڵەتەدا تەنیا خزمەتی کۆنەپەرستی دەکەن" (ل٣٩).

لەم بەشەدا قسە لەو پرسانە کراوە، کە دەبێت هاوتای مەسەلەی پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئابووری لە سەردەمی پوکانەوەی دەوڵەتدا، لێکبدرێنەوە (بەشی داهاتوو بۆ ئەم بابەتە تەرخانکراوە).

بەم جۆرەیە پرسی پەیوەست بە گۆڕینی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەرکە سیاسییەکانەوە بۆ ئەرکە کارگێڕییەکان و هەروەها پرسی پەیوەست بە "دەوڵەتی سیاسی". دەستەواژەی دووەمیان کە بەتایبەتی لەوانەیە تێگەیشتنی هەڵە دروست بکات، ئاماژەیەکە بۆ پرۆسەی پوکانەوەی دەوڵەت، دەوڵەتی پوکاوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا ئەتوانێت پێیبوترێت دەوڵەتی ناسیاسی.

لەم وتەیەی ئەنگلسدا، دووبارە بەرجەستەترین خاڵەکان، چۆنێتی خستنەڕووی پرسەکە لەدژی ئانارشیستەکانە. سۆسیال دیموکراتەکان کە دەیانەوێت بە شوێنکەوتووانی ئەنگلس بژمێردرێن، لە ١٨٧٣ ەوە ملیۆنان جار لەگەڵ ئانارشیستەکاندا جەدەلیان کردووە، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە ئەبوایە و شایستەی مارکسیستەکانە. وێناکردنی ئانارشیستی لەبارەی هەڵوەشانەوەی دەوڵەت، ناروون و **ناعاقڵانییە** - ئەمە شێوازێکە کە ئەنگلس پرسەکە دەخاتە ڕوو. ئەوەی ئانارشیستەکان ناتوانن ببینن، هەمان سەرهەڵدان، گەشەی شۆڕش و ئەو ئەرکە تایبەتانەیە، کە لەبارەی کاروبارەکانی هێزی توندوتیژی، ئۆتۆریتە، دەسەڵاتی حکومەت یان دەوڵەتەوەیە.

ڕەخنەی ئاسایی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەمڕۆ لە ئانارشیزم تا ئاستی گاڵتەیەکی وردە بۆرژوازیانەی ئاشکرا دابەزیوە: "ئێمە دەوڵەتمان قبوڵە بەڵام ئانارشیستەکان قبوڵیان نییە!" ئاساییە کە ئەو جۆرە گاڵتەپێکردنە ناتوانێت نەبێتە هۆی تورەیی کرێکارانێکی کەم تا زۆر بیرکەرەوە و شۆڕشگێڕ. ئەنگلس شتێکی تر دەڵێت: ئەو

دەریــدەخات کە هەمــوو سۆسیالیســتەکان نەمــانی دەوڵەتیــان وەک ئەنجـامێکی شۆڕشــی سۆسیالیســتی قبـوڵە. دواتــر ئەو بەشـێوەیەکی تایبەت پرسی شۆڕش، واتا پرسێک دەخاتە روو، کە بەگشتی سۆسیال دیموکراتەکــان بەهــۆی ئۆپۆرتــۆنیزمەوە پشــتگوێیدەخەن و گــوایە "بەکارخسـتنەکەی" بەتەنیـا دەدەنە پـاڵ ئانارشیسـتەکان. ئەنگلـس بە خســـتنەڕووی ئەم پرســـە گـــاکە لە شـــاخەکانییەوە دەگرێـــت، ئەو دەپرسـێت: ئایـا کۆمـۆنە نەدەبـوایە **زیـاتر** کەڵکـی لە **دەسـەڵاتی شۆڕشـگێڕانەی** دەوڵەت، واتـا پرۆلیتاریـای چەکـدار و رێکخـراو وەک چینی دەسەڵاتدار، وەربگرتایە؟

سۆســـیال دیموکراســـی رەســـمی بەگشـــتی یەخەی خۆیـــان لە خســـتنەڕووی ئەرکە تایبەتییەکـــانی پرۆلیتاریـــا لە شۆڕشـــدا، یـــان بەشێوەیەکی سادە بە زەردەخەنەیەکی کورتبینـانەوە، دەربـاز ئەکەن، یان لە باشترین حاڵەتدا، بە دەربڕینە فرودەرییەکان و چەنەبازییەکان: "لەداهـاتوودا دەردەکەوێـت". بەم شـێوەیە ئانارشیسـتەکان ئەم مـافە بەدەســـتدێنن، کە بەم سۆســـیال دیموکراتـــانە بڵـــێن خیانەتـــان لە ئەرکەکانی خۆتانکردووە، کە بریتییە لە پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕانەی کرێکـاران. ئەنگلـس کەڵکـی لە ئەزمـوونی دوایـن شۆڕشـی پـرۆلیتەری وەرگرتووە تا ئەم پرسە بەشێوەیەکی تەواو تایبەت تاوتوێ بکـات، کە پرۆلیتاریا چ سەبارەت بە بانکەکان و چ سەبارەت بە دەوڵەت، دەبێت چ شێوازێک بگرێتەبەر و دەبێت چۆن هەڵبسورێت.

## ٣- نامە بۆ بیبل

یەکێک لە بەرجەستەترین، ئەگەر هەرە بەرجەستەتریان نەبێت، ئەو قسەوباسەیە کە لە نووسراوەکانی مارکس و ئەنگلس سەبارەت بە دەوڵەت هاتووە، بەشی خوارەوە نامەیەکی ئەنگلسە لە بەرواری ١٨-٢٨ ی مارکسی ١٨٧٥بۆ بیبلی نووسیوە. وەک رستەیەکی ناڕەزایەتی دەبێت بڵێم، کە تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگادارین، ئەم نامەیەی بیبل بۆ یەکەمین جار لە بەرگی دووەمی یادداشتەکانی خۆیدا (Aus meinem Leben) چاپیکردووە، کە لە ١٩١١ واتا دوای ٣٦ ساڵ لە نووسین و ناردنی بڵاوکراوەتەوە.

ئەنگلس لە نامەکەی خۆیدا بۆ بیبل هاوکاتی رەخنەگرتن لە هەمان پرۆژەی بەرنامەی گۆتا، کە مارکسیش لەنامە بەناوبانگەکەی خۆی بۆ براکە، رەخنەی لێگرتووە، بەشێوەیەکی تایبەت ئاماژە بە دەوڵەت دەکات و دەڵێت:

"دەوڵەتی جەماوەری ئازاد گۆڕاوە بە دەوڵەتی ئازادی. لە روانگەی واتا زمانەوانییەکەی ئەم وشانەوە، دەوڵەتی ئازاد دەوڵەتێکە کە بەنیسبەت تاکەکانی وڵاتەکەی خۆیەوە، ئازادی هەڵسوڕانی هەیە، واتا دەوڵەتێکە بە حکومەتێکی ستەمگەرەوە. دەبێت سەرجەم ئەم وڕێنانە لەبارەی دەوڵەتەوە بخرێنە لاوە، بەتایبەت لەدوای کۆمۆنە، کە ئیتر دەوڵەتێک بەواتای تایبەتی وشەکە نەبوو. ئانارشیستەکان "دەوڵەتی جەماوەری"یان زیاد لەڕادەبەدەر دایەوە بە چاوی ئێمەدا و ئێستایش لەکاتێکدا کە لە

کتێبـــی مـــارکس دژی پـــرۆدۆن و دواتـــر لە "مانیڤێســـتی کۆمۆنیست"دا بە روونی دەوترێت، کە بەجێگیربـوونی سیسـتەمی کۆمەڵایەتی سۆسیالیسـتی، ڕێکخـراوی دەوڵەت خـۆ بەخـۆ لەنـاو دەچێـت [sich auflost] و نامێنێـت. لەو شـوێنەوە کە دەوڵەت تەنیا دامەزراوەیەکی تێپەڕە، کە دەبێـت لە خەبـات و لە شـۆڕش بـۆ سـەرکوتکی تونـدانەی نەیـارانی خـۆی کەڵکـی لێوەربگرێـت، لەبەر ئەوە قسـەکردن لەبـارەی دەوڵەتـی جەمـاوەری ئـازاد هـیچ واتایەکی نییە، چونکە پرۆلیتاریـا هێشـتا **پێویسـتی** بە دەوڵەتە، پێویستییەکەی لە روانگەی بەرژەوەندییە ئازادییەکـانەوە نەبـووە، بەڵکـو بـۆ سـەرکوتکردنی نەیارەکـانی بـووە. کاتێـک ئەتـوانین لەبارەی ئـازادییەوە قسـە بکەیـن، کە ئیتـر دەوڵەتـیش بە واتـای تـایبەتی وشـەکە بـوونی نەبووبێـت. بەم جـۆرە ئـێمە ئەتـوانین پێشنیاز بکەین لە هەموو شوێنێکدا لەبری وشەی **دەوڵەت** وشەی "هاوبەشـێتی "Gemeinwesen دابنرێـت، کە وشـەیەکی کـۆنی ئەڵمـانی زۆر شایسـتەیە و لەگەڵ وشـەی فەڕەنسـی "کۆمـۆنە"دا دێتەوە". (چاپی ئەڵمانی، لل ٣٢١-٣٢٢)

پێویســـتە بزانرێـــت کە ئەم بەرنـــامەیە پەیوەنـــدی بە بەرنـــامەی حیـــزبێکەوەیە، کە مـــارکس لە نامەکـــانی خۆیـــدا، کە تەنیـــا چەنـــد هەفتەیەک دوای ئەم نامەیە نووسـیویەتی (نـامەی مـارکس بە بەرواری ٥ی ئایـاری ١٨٧٥ه)، ڕەخـنەی لێگرتـووە و هەروەهـا دەبێـت ئەوەش بزانرێـت کە لەو کـاتەدا ئەنگلـس لەوانەیە لە لەنـدەن ژیانبێـت. کەواتە ئەنگلـس، کە لە دوایـن دەربڕینـی نـامەکەی خۆیـدا وشـەی "ئـێمە"

بەکاردەهێنێت، بێگومان لەلایەن خۆی و مارکسەوە پێشنیاز بۆ رابەری حیزبی کرێکارانی ئەڵمانیا دەکات وشەی "دەوڵەت" لە **بەرنامەکە لاببرێت** و لەبری ئەوە وشەی "**هاوبەشێتی**" بخرێتە شوێنی.

ئەگەر پێشنیازێکی لەو جۆرە دەستکاریکردنە بۆ سەرانی "مارکسیزم"ی ئێستا، کە بەئاسانی لەلایەن ئۆپۆرتۆنیستەکانەوە بەتاڵکراوەتەوە، بکرێت، ئەوا چ هەراوهوریایەک لەبارەی "ئانارشیزم"ەوە بەرێناکەن!

با هەراوهوریا بکەن، لە بری ئەوە بۆرژوازی ستایشیان دەکات.

بەڵام ئێمە سەرقاڵی کارەکەی خۆمان دەبین. لەسەروبەندی پیاچوونەوە بە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا، بەدڵنیاییەوە دەبێت تێبینییەکانی ئەنگلس و مارکس لەبەرچاوبگرێن تا لە راستییەوە نزیکتر بێت، مارکسیزم لەم لادانانە پارێزراو بێت و زیندووبکرێتەوە تا خەباتی چینی کرێکار لە رێگای ئەودا باشتر رێنوێنی بکرێت. لە نێوان بەلشەفیکەکاندا هیچ کەسێک نادۆزرێتەوە کە دژی تێبینییەکانی ئەنگلس و مارکس بێت. کێشەیەک کە دێتە پێشەوە لەوانەیە لە سەر مەسەلەی چاکسازییەکە بێت. لە زمانی ئەڵمانیدا بۆ "هاوبەشێتی" دوو وشە هەن، ئەنگلس ئەو وشەیەی هەڵبژاردووە کە بەواتای رێکخراوی هاوبەشی لەیەک دابڕاو **نییە**، بەڵکو کۆمەڵە و سیستەمێکی ئەم رێکخراوانەیە. لە زمانی روسیدا وشەیەکی لەوجۆرە بوونی نییە، لەوانەیە بە ناچاری وشەی فەرەنسی "کۆمۆنە" دابنرێت، گەرچی ئەم وشەیەش کەموکوڕی هەیە.

لەلایەنی تیۆرییەوە، گرنگترین خاڵێک لە وتەکەی ئەنگلس ئەمەیە کە "کۆمۆنە بە واتای تایبەتی وشەکە دەوڵەت نەبوو". لەدوای شیکردنەوەکەی سەرەوە ئەم خاڵە بەتەواوی مەفهومە. کۆمۆنە لایەنە دەوڵەتبوونەکەی **لەدەستدەدات**، چونکە لەسەری پێویست دەبێت کە کەمایەتییەکی دانیشتووان (چەوسێنەران) سەرکوت بکات، نەک کەمایەتی، کۆمۆنە دەزگای بۆرژوازی لەناوبرد، خودی جەماوەر لەبری هێزێکی **تایبەت** بۆ سەرکوتکردن هاتنە مەیدانەوە. هەموو ئەوانە - دوورکەوتنەوەیە لە دەوڵەت بەواتای تایبەتی وشەکە. ئەگەر کۆمۆنە بەردەوامبوایە، ئەوکات شوێنەواری دەوڵەت خۆبەخۆ "بەرەو پوکانەوە دەچوو" و لەسەر کۆمۆنە پێویست نەدەبوو دامەزراوەکانی "هەڵبوەشێتەوە" چونکە بە تەدریج ئەم دامەزراوانە بێکار دەبن و خۆیان لەکار دەکەون.

"ئانارشیستەکان "دەوڵەتی جەماوەری" دەدەنەوە بە چاوماندا"، مەبەستی ئەنگلس لەم وتەیە، پێش هەمووان باکۆنین و هێرشەکانی ئەوە بۆ سەر سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا. ئەنگلس ئەم هێرشانە تا **ئەو شوێنە** بە راست دەزانێت کە "دەوڵەتی جەماوەری"یش بەهەمان رادەی "دەوڵەتی جەماوەری ئازاد" بێواتا و بەهەمان ڕادە دەلالەتی دوورکەوتنەوەیە لە سۆسیالیزم. ئەنگلس هەوڵدەدات خەباتی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا لەدژی ئانارشیزم هاوئاهەنگ بکاتەوە، ئەم خەباتە بخاتە سەر رێگای پرەنسیپێکی دروست و لە خورافاتی ئۆپۆرتۆنیستی بۆ "دەوڵەت" دەربازی بکات. بەداخەوە! نامەی ئەنگلس ٣٦ ساڵی تەواو خزێنرایە کونجی فەرامۆشییەوە. ئێمە لە خوارەوە

دەبینین کە تەنانەت لەدوای بڵاوبونەوە ئەم نامەیەش، هێشتا کاوتسکی بە پێداگیرییەوە، لە راستیدا هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە کە ئەنگلس هۆشیاری لەسەر دەدا.

بیبل لە بەرواری ٢١ ی ئەیلولی ١٨٧٥دا وەڵامی نامەکەی ئەنگلسدا نووسی و هاوکات ئاماژەی بەوەداوە کە لەگەڵ بۆچوونەکانیدا دەربارەی پێشنیازی بەرنامەکە "بەتەواوی هاوڕایە" و لیبکنخت بەهۆی ئیمتیازدانەکانییەوە سەرزەنشت دەکات (ل ٣٣٤ـ چاپی ئەڵمانی یادداشتەکانی بیبل، بەرگی دووەم). بەڵام بە گەڕانەوە بۆ نامەکەی بیبل لەژێر ناوی "ئامانجەکانی ئێمە" چەند بۆچوونێکی تەواو نادروست لەبارەی دەوڵەتەوە دەبینین:

> "دەبێت دەوڵەت لە دەوڵەتێک کە بنەماکەی لەسەر پێگەی دەسەڵاتداری چینەکان بنیاتنراوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی جەماوەری Unsere Ziele) "، ١٨٨٦، ل١٤)

ئەمە ئەو شتەیە لە چاپی نۆیەم (نۆیەم!)ی نامیلکەکەی بیبل نووسراوە! سەیر نییە کە دووبارەکردنەوەی تەواوی پێداگیرانەی بۆچوونە ئۆپۆرتۆنیستییەکان بۆ دەوڵەت، ئەم بۆچوونانەی ئاخنیبووە ناو سەراپای بوونیەتی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا، بەتایبەت کاتێک روونکردنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ئەنگلس خزێنرابوونە گۆشەی فەرامۆشییەوە و بارودۆخەکەش بۆ ماوەیەک ئایدیای شۆڕشگێڕانەی "لەبیر بردبووەوە."

## ٤– رەخنە لە پرۆژەی بەرنامەی ئارفورت

لەسەروبەندی فێرکردنەکانی مارکس لەبارەی دەوڵەتەوە، ناتوانرێت رەخنە لە بەرنامەی ئارفورت لەبەرچاونەگیرێت، کە ئەنگلس لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٨٩١ بۆ کاوتسکی ناردبوو و تەنیا ١٠ ساڵ دواتر لە "سەردەمی نوێ Neue Zeit دا بڵاوکراوەتەوە، چونکە ئەم قسەوباسانە بەشێوەیەکی گشتی تەرخانکراون بۆ بیروبۆچوونە ئۆپۆرتۆنیستییەکانی سۆسیال دیموکراتی لە پرسی پێکهاتەی دەوڵەتدا .

هاوکات ئاماژەش بەم خاڵە بدەین، کە ئەنگلس لە پرسەکانی پەیوەست بە ئابووریشەوە چەند تێبینییەکی گرانبەهای داوە، کە دەریدەخات بە چ وردییەک و قوڵییەکەوە چاودێری گۆڕانکارییەکانی سەرمایەداری نوێی کردووە، لەم ئاراستەیەوە چۆن توانیویەتی تا رادەیەکی دیاریکراو ئەرکەکانی سەردەمی ئێمەش، واتا سەردەمی ئیمپریالیستی، پێشبینیکات. ئەمەش تێبنییەکەیە: لەبارەی وشەی "بێپلانی " (Planlosigkeit) کە لە پرۆژەی بەرنامەکەدا بۆ وەسفکردنی سەرمایەداری بەکارهاتووە، ئەنگلس بەم جۆرە دەنووسێت:

> "کاتێک ئێمە لە کۆمپانیا هاوبەشەکانەوە بەرەو قۆناغی تراستەکان هەنگاو دەنێین، کە سەرجەم رشتەکانی پیشەیازی دەکاتە پاشکۆ و قۆرخکاری خۆی، ئەوکات لێرەدا ئیتر نەک هەر بەرهەمهێنانی تایبەتی، بەڵکو بێپلانی لەناو دەچێتNeue Zeit) "، ساڵی ٢٠، بەرگی ١، ١٩٠١-١٩٠٢، ل٨).

لێرەدا، لە روانگەی هەڵسەنگاندنی تیۆریانەی سەرمایەداری نوێوە، واتا ئیمپریالیزم، بنەڕەتیترین خاڵ لەبەرچاوگیراوە و ئەویش گۆڕینی سەرمایەداریە بۆ **سەرمایەداری** قۆرخکاری. دەبێت تەئکید لەسەر وشەی دووەمیان بکرێتەوە، چونکە یەکێک لە باوترین هەڵەکان، ئەم دەربڕینە بۆرژوا– ریفۆرمیستیەیە کە گوایە سەرمایەداری قۆرخکاری یان سەرمایەداری قۆرخکاری دەوڵەتی، **ئیتر** سەرمایەداری نییە و لەبەر ئەوە ئەتوانێت ئەوە بە "سۆسیالیزم"ی دەوڵەتی و لەو جۆری ئەوە ناوبنرێت. دیارە هیچ کاتێک تراستەکان بەگوێرەی پلان کاریان نەکردووە– ئێستایش کار ناکەن و لە بنەڕەتیشەوە ناتوانن بکەین. سوڵتانەکانی سەرمایەداری پێشتر رادەی بەرهەمهێنان لە پێوانەیەکی نەتەوەیی و تەنانەت لە ئاستێکی نێونەتەوەییدا حساب دەکەن و بەگوێرەی پلانێک رێکیدەخەن، دووبارە سەروکارمان لەگەڵ **سەرمایەدارییە**، گەرچی لە قۆناغێکی نوێدایە، بەڵام بێگومان سەرمایەدارییە. "نزیکی" **لەو جۆرە** سەرمایەداریە لە سۆسیالیزم دەبێت بۆ نوێنەرانی راستەقینەی پرۆلیتاریا بەڵگەیەک بێت لە نزیکی و ئاسانی و کردەوەبوون و شایەنی دوانەخستنی شۆڕشی سۆسیالستی، بە هیچ شێوەیەک نابێت بکرێتە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی سەبارەت بە رەتکردنەوەی ئەم شۆڕشە و وەرچەرخان بەرەو سەرمایەداری، کە سەرجەم ریفۆرمیستەکان پێوەی سەرقاڵن و بە گومانەوە هەڵسوکەوت بکرێت.

با بگەڕێینەوە بۆ پرسی دەوڵەت. ئەنگلس لەم حاڵەتەدا بیرخستنەوەیەکی سێ لایەنەی زۆر گرانبەها دەخاتە روو: یەکەم

لەبارەی کۆماری، دووەم لەبارەی پەیوەندییەکانی پرسی نەتەوە لەگەڵ پێکهاتەی دەوڵەتدا، سێیەم لەبارەی خۆبەڕێوەبەرێتی.

لەبارەی کۆمارییەوە، ئەنگلس چەقی قورسایی رەخنەکەی خۆی خستۆتە سەر بەرنامەی ئارفورت. ئەگەر لەبیرمان بێت، کە بەرنامەی ئارفورت لەناو سەرجەم سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەیدا چ گرنگییەکی بەدەستهێنا و چۆن بووە سەرمەشقێک بۆ سەرجەم ئینتەرناسیۆنالی دووەم، ئەوکات بێ زیادەڕۆیی ئەتوانین بڵێین رەخنەی مارکس لێرەدا ئاراستەی ئۆپۆرتۆنیزمی سەرجەم ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەمە.

ئەنگلس دەنووسێت :

"

خواستە سیاسییەکانی ئەم پرۆژەیە کەموکوڕیەکی گەورەیان هەیە، **ئەوەی** لە واقیعدا دەبێت بوترێت لەودا **بوونی نییە**" (تەئیکیدی سەر وشەکە هی ئەنگلسە)

دواتر روونەدەکرێتەوە کە دەستوری ئەڵمانیا لە راستیدا کۆپی دەستورێکی کۆنەپەرستانەی ١٨٥٠ یە و رایشتاگ، هەر وەک ویلهلم وتویەتی "داپۆشەری حکومەتی رەهایە" و ئەگەر بمانەوێت لەسەر بنەمای ئەو دەستورە کە رووپەکی یاسایی دەبەخشێتە بوونی دەوڵەتە بچوکەکان و یەکێتی دەوڵەتە بچوکەکانی ئەڵمانیا "هەموو ئامرازەکانی کار بکەینە موڵکی گشتی" ، " پوچییەکی ئاشکرا" دەبێت.

ئەنگلس کە باش دەزانێت ناتوانرێت لە بەرنامەکەدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی خواستی کۆماری بۆ ئەڵمانیا بخرێتە روو، بۆی زیادە دەکات، کە "هێنانەپێشەوی ئەم مەسەلەیە مەترسیدارە". بەڵام ئەنگلس بەشێوەیەکی پاکوپوخت لەگەڵ ئەو بۆچوونە ئاساییەی "هەمووان" بڕوای پێدەهێنن، نایەتەوە، ئاوا درێژەی پێدەدات: "بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم حاڵەتانەدا و بە هەر چۆنێکە دەبێت کارەکە بەرەوپێشەوە ببرێت. تا چ رادەیەک ئەم کارە پێویستە، مەسەلەیەکە کە ئۆپۆرتۆنیزم، تایبەت کە ئێستا لە بەشێکی گەورەی چاپەمەنییەکانی سۆسیال دیموکراتیدا باوە[einreissende] ، بە باشی دەریدەخات. لەترسی نوێکردنەوەی یاسای دژە سۆسیالیستەکان یان خستنەوەبیری هەندێک تێبینی پێشوو، کاتێک لە قۆناغی باڵادەستی ئەم یاسایەدا هەبوو، ئێستا دەیانەوێت حیزب سیستەمی یاسایی ئێستای ئەڵمانیا بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم خواستەکانی خۆیان لا بەس بێت"...

ئەنگلس بۆ ئەم فاکتە بنەڕەتییە، کە کاری سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا لەسەر بنەمای ترس لە نوێبوونەوەی یاسای ئاوارتە بووە، گرنگییەکی تەواوی پێدەدات و بێ پەروا ناوی دەنێت ئۆپۆرتۆنیزم، چونکە لە ئەڵمانیادا کۆماری و ئازادی بوونی نییە، سەودای رێگای "ئاشتیانە" بە سەودایەکی تەواو کاڵوکرچ ناودەبات. ئەنگلس بە رادەیەکی زۆر ئەوە لەبەرچاودەگرێت کە دەستوپێی خۆیان نەبەستن. ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە کە لەو وڵاتە کۆمارییەکان و لەو وڵاتانەی کە ئازادییەکی فراوانیان هەیە گەشەیەکی ئاشتیانە بەرەو

سۆسـیالیزم ، "ئەتوانرێـت وێنـا بکرێـت" (تەنیـا وێنـاکردن"!) بەڵام دووبارەی دەکاتەوە کە لەئەڵمانیا...

" لە ئەڵمانیـا کە حکـومەت تەقـریبەن خـاوەنی دەسـەڵاتێکی رەهـایە، بەڵام رایشـتاک و هەروەهـا هـیچ یەکێـک لە دامەزراوە هەڵبژاردراوەکـان خـاوەنی دەسـەڵاتی واقیعـی نـین، راگەیانـدنی شیعارێکی لەو جۆرە، ئەویش بێ ئەوەی پێویست بێت، هاوشـێوەی لێکردنەوەی گەڵایەکی دارهەنجیرە بۆ دەرکەوتنی دەسەڵاتی رەها."

"سیاسەتێکی لەو جۆرە سەرەنجام تەنیا لەتوانایدایە حیـزب بە رێگایەکی هەڵەدا بەرێت. پرسە گشتی و تەجریدە سیاسـییەکان لە ریـزی یەکەمـدا دادەنـێن و بەم شـێوەیە پرسـە هەنـوکەیی و دیاریکراوەکان، کە هەر بەهاتنە پێشەوەی یەکەمین رووداوی گەورە و یەکەمین ئەزمەی سیاسی، خۆ بەخـۆ دەچـنە بەرنـامەی رۆژەوە، پەردەپۆش دەکەن. دەکرێت چ ئەنجامێـک لەم کـارە بێـتە دەسـت، جیـا لەوەی کە حیـزب لەناکـاو لە سـاتە یەکلاکەرەوەکانـدا بێتوانا دەبێت و لەناوخۆیدا بەرامبەر ئەم پرسە یەکلاکەرەوانە، ناڕۆشنی و پەرتەوازەیـی زاڵـدەبێت، چـونکە هـیچ کاتێـک گفتوگـۆ لەسـەر ئەم پرسانە نەکراوە...

فەرامۆشـکردنی ئەم تێبینیـیە پڕبەهـا و بنەڕەتیـانە، لەبەر بەرژەوەندییەکانی ئێستا، ئەم هەوڵدانە بۆ مەرامە هەنوکەییەکـان و خەبات بۆ گەیشتن بەو مەرانە، بەبێ لەبەرچـاوگرتنی پێشـهاتەکانی دواتـر، ئەم بەقوربـانیکردنەی بـزووتنەوەی داهـاتوو لەپێنـاو بەرژەوەنـدییەکانی ئێسـتادا، لەوانەیە پـاڵنەرێکی "راستگۆیانە"شـی

> هەبووبێـــــت. بەڵام ئەمە ئۆپۆرتـــــۆنیزمە و بە ئۆپۆرتـــــۆزمیش دەمێنێـتەوە. مـن لەو بـاوەڕەدام کە ئۆپۆرتـۆنیزمی "راسـتگۆ" لە سەرجەم جۆرەکانی تر مەترسیدارترە...
>
> ئەگەر شتێک مـایەی هـیچ جـۆرە دڵەڕاوکێیەک نەبێت، ئەوەیە کە حیزبـی ئـێمە و چینـی کرێکـار تەنیـا کاتێـک ئەتوانێـت بە دەســـەڵات بـــگەن، کە پێکهـــاتەیەکی سیاســـی وەک کۆمـــاریی دیموکراتیـک بـوونی هەبێـت. ئەم کۆمـارە، بەو جـۆرەی شۆڕشـی گەورەی فەرەنسا خستیەڕوو، تەنانەت بۆ دیکتـاتۆری پرۆلیتاریـاش لە ئاستی پێکهاتەیەکی تایبەتدایە"....

ئەنگلـس لێـرەدا بە روونییەکـی تـایبەتەوە ئایـدیایەکی سـەرەکی دووبـارە دەکـاتەوە، کە لە سـەرجەم نووسـراوەکانی مارکسـدا وەک هێڵێکی سوور بەدەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە کۆماری دیموکراتیـک نزیکتـرین رێگـای گەیشـتنە بە دیکتـاتۆری پرۆلیتاریـا. چـونکە ئەم کۆمارە، هاوکاتی ئەوەی کە بە هـیچ شـێوەیەک دەسـەڵاتی سـەرمایە و لەگەڵ ئەوەدا سـتەمگەری جەمـاوەر و هەروەهـا ململانێـی چینەکـان لەناونابات، بە ناچاری دامێنەی ئەم خەباتە بەجۆرێک فراواندەکاتەوە، وەهـا ئاشـکرا و یەکـلای دەکـاتەوە، کە کاتێـک بـواری دابینکردنـی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی جەماوەری ستەملێکراو هاتۆت، ئەم بـوارە بەتەواوی و یەکـــلاکەرەوە وەک دیکتـــاتۆری پرۆلیتاریـــا و رابەری پرۆلیتاریـا بەسـەر ئەم جەمـاوەرەوە، جێبەجـێ بکـات. ئەمـانەش لای سـەرجەم ئینتەرناسـیۆنالی دووەم- ریـزی "وتە فەرامۆشـکراوەکان"ی

مارکسیزمە و ئەم فەرامۆشییەش لەلایەن مێژووی حیزبی مەنشەفیکەکان، لەماوەی یەکەمین شەش مانگی شۆڕشی روسیای ١٩١٧ دا، بە زۆر بە روونی خراوەتە روو.

ئەنگلس لەبارەی پرسی کۆماری فیدرالی، بە بۆنەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانە، دەنوسێت:

"ئایا دەبێت چ شتێک بخرێتە شوێنی ئەڵمانیای ئێستا؟" [لەگەڵ ئەو دەستورە کۆنەپەرستییە پاشایەتییە و لەگەڵ ئەو دابەشبوونە بەسەر دەوڵەتە بچوکەکاندا، کە بەهەمان رادە کۆنەپەرستانەیە و لەبری ئەوەی کە تایبەتمەندییەکانی "پرۆسیاگەری"Prussianism لە ئەڵمانیا، واتا لە یەکەیەکدا چارەسەر بکات، هەمیشەیی پێدەبەخشێت]. "بەرای من پرۆلیتاریا تەنیا ئەتوانێت پێکهاتەیەکی کۆماری یەکپارچە و دابەشنەبوو بەکاربێنێت. کۆماری فیدرالی تائێستایش بەگشتی لە سەرزەوییەکی فراوانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پێویستە، گەرچی لە رۆژهەڵاتدا ئیتر ئەم جۆرە کۆمارە دەبێتە رێگر. کۆمارییەکی لەو جۆرە بۆ ئینگلتەرا، کە چوار نەتەوە لە دوو دوورگەدا دەژین و لەگەڵ بوونی تاکە پەرلەمانێکدا سێ سیستەمی یاسادانانیان هەیە، دەبێتە هەنگاوێک بەرەو پێشەوە. لەم کۆمارە لە وڵاتێکی بچوکی سویسرای ئێستادا، دەمێکە بووەتە رێگر و ئەگەر بوونی کۆماری فیدرالی لەم وڵاتەدا تائێستایش مایەی تەحمولە، هۆکەی ئەوەیە کە سویسرا رازییە بە نواندنی رۆڵی ئەندامێکی پاسیفی سیستەمی دەوڵەتی ئەوروپایی. فیدرالیزەکردنی ئەڵمانیا بەشێوەی سویسرا هەنگاوێک دەبێت بۆ دواوە. شێوەی

تایبەتی دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە دەوڵەتێکی تەواو یەکپارچەدا، لەم دوو خاڵەی خوارەوەدایە: یەکەم، ئەوەی کە هەر دەوڵەتێکی جیا کە دێتە ناو یەکێتییەکەوە، خۆی خاوەنی یاساداناني وڵات، لێپرسینەوەیەکی تایبەت و سیستەمێکی قەزایی تایبەتە، دووەم، ئەوەی کە لەلایەنی ئەنجومەتی نەتەوەییەوە، ئەنجومەنێکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی دەوڵەتەکان هەیە و لەودا هەر کانتۆنێک، هەر لە بچوک تا گەورە، وەک کانتۆنێک دەنگ دەدات" پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە ئەڵمانیا تێپەڕبوونێکە بەرەو دەوڵەتێکی تەواو یەکپارچە. "شۆڕش لەسەرەوە" کە لە ١٨٦٦ و ١٨٧٠ روویدا، نابێت بەرەو دواوەوە بگەڕێتەوە، بەڵکو دەبێت "بە بزووتنەوە لە خوارەوە" تەواو بکرێت"

ئەنگلس سەبارەت بە پرسی پێکهاتەکانی دەوڵەت، تەنیا بێمەیلی ناخاتە روو، بەڵکو بەپێچەوانەوە تا دوایین ئاستی وردبوونەوە، هەوڵدەدات هەمان پێکهاتەکانی گواستنەوە شیبکاتەوە، تا لە هەر بارێکەوە، جیاجیایانە بەگوێرەی تایبەتمەندییە دیاریکراوە مێژووییەکانیان، ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت کە ئایا شێوەی گواستنەوەی ئێستا، گواستنەوەیە **لە چ شتێکەوە بۆ چ شتێک**.

ئەنگلسیش وەک مارکس، لە روانگەی پرۆلیتاریا و شۆڕشی پرۆلیتەری بەرگری لە ناوەندێتی دیموکراتیک و کۆماری یەکپارچە و دابەشنەبوو دەکات. ئەو کۆماری فیدرالی یان بە ئاوارتە و رێگر لە رێگای بەرەوپێشچوون، یان بە گواستنەوە لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری

ناوەندی، دەزانێت، کە لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا بە "هەنگاوێک بۆ پێشەوە" دادەنرێت. لە نێوان ئەم هەلومەرجە تایبەتەدایە، کە پرسی نەتەوەیی دێشتە پێشەوە.

لە نووسراوەکانی ئەنگلس، هەروەک مارکس، لەگەڵ ئەوەی کە هەردووکیان رەخنەیەکی توند لە تایبەتمەندی کۆنەپەرستانەی دەوڵەتە بچکوکەکان دەگرێت، چونکە ئەم تایبەتمەندییە کۆنەپەرستانەیە لە بوارە تایبەت و دیاریکراوەکاندا پرسی نەتەوەیی پەردەپۆش دەکەن، لە هیچ شوێنێکدا، تەنانەت شوێنەوارێک بۆ مەیلی روو وەرگێڕان لە پرسی نەتەوەیی نادۆزرێتەوە، هەمان مەیلێک کە بەزۆری لەناو مارکسیستەکانی هۆڵەندا و پۆلۆنیادا هەیە، کە مەبەستیان خەباتێکی مەشروعە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی بەرتەسکی وردە بۆرژوازیی دەوڵەتە بچوکەکانی "خۆیان"دا.

تەنانەت لە بەریتانیا، کە بەهۆی هەلومەرجی جوگرافیایی و هاوبەشی زمانەوە، هەروەها مێژووی سەدان ساڵە، پرسی نەتەوەیی بەشە بچوک بچوکەکانی بەریتانیا، بەرواڵەت وەک "کۆتایهاتوو" دێتە بەرچاو، تەنانەت لەوێدا ئەنگلس ئەم فاکتە ئاساییە لەبەرچاو دەگرێت کە پرسی نەتەوەیی هێشتا چارەسەرنەکراوە، بۆیە کۆماری فیدرالی بە"هەنگاوێک بۆ پێشەوە" دەزانێت. ئاساییە، لەم بارەوە تەنانەت شێوێنەوارێک لەوەی خۆی لە رەخنەی کەموکورییەکانی کۆماری فیدرالی یان لە راگەیاندنە تەواو یەکلاکەرەوەکان و خەبات لە پێناو کۆمارێکی یەکگرتووی ناوەند و دیموکراتیک، بواردبێت نادۆزرێتەوە .

بەڵام ئەنگلس بۆ ناوەندێتی دیموکراتیک، بە هیچ شێوەیەک بەو تێگەیشتنە بیرۆکراتیکە رازی نییە: کە ئایدیۆلۆژیستەکانی بۆرژوازی، وردە بۆرژوازی و هەروەها ئانارشیستەکان، کە خۆیان لە ریزی ئەوەی دووەمیانن، بەکاریدەهێنن. ناوەندێتی لە روانگەی ئەنگلسەوە بە هیچ شێوەیەک ئەو خۆبەڕێوەبەرییە فراوانییە ناوخۆییە ناسڕێتەوە کە لە حاڵەتی بەرگرییەکی خۆبەخشانەی"کۆمۆنەکان" و ناوچەکان لە یەکێتی وڵات، هەر جۆرە بیرۆکراتیزم و هەر جۆرە "فەرماندەییەک" لە سەرەوە بەتەواوی لەناو دەبات.

ئەنگلس هاوکاتی فراوانکردنی بۆچوونەکانی بەرنامەیەکی مارکسیستی لەبارەی دەوڵەتەوە، دەنووسێت:

"کەواتە کۆمارێکی یەکپارچە، بەڵام نەک بە واتای کۆماری ئێستای فەڕەنسا، کە شتێکی بەدەر لە ئیمپراتۆری بێ ئیمپراتۆر نییە، کە لە ساڵی ١٧٩٨ەوە دامەزراوە. لە ١٧٩٢ تا ١٧٩٨ هەریەک لە شارۆچکەکانی فەڕەنسا و هەر کۆمۆنێک [Gemeinde]، بەگوێرەی نموونەی ئەمریکا لە خۆبەڕێوەبردییەکی تەواو بەهرەمەند بوو، ئەمە شتێکە کە ئێمەش دەبێت هەمانبێت. ئەوەی کە دەبێت چۆن خۆبەڕێوەبەرێتی رێکبخرێت و چۆن ئەتوانرێت بەبێ بیرۆکراتی کارەکان بەرەو پێشەوە ببرێن، بابەتێکە کە ئەمریکا و یەکەمین کۆماری فەڕەنسا بۆمانی خستۆتە ڕوو و سەلماندوویەتی، ئێستایش کەنەدا، ئوسترالیا و کۆلۆنیاڵەکانی تری ئینگلتەرا دەیخەنەڕوو. ئەم جۆرە خۆبەڕێوەبەرییانەی ویلایەت و کۆمۆنەکان،

بـۆ نمـوونە، لەچـاو فیـدرالیزمی سویسـراوە دامەزراوەیەکـی زۆرتـر ئـازادترن. راسـتە کە سویسـرا کـانتۆن لە بەرامـبەر بۆنـدا" ]واتـا لەبەرامبەر کۆی دەوڵەتی فیدرالیدا[ "سـەربەخۆییەکی زیـاتری هەیە، بەڵام لە هەمانکاتـدا لە بەرامـبەر بەش ]بتسـیرک Bezirk] و کۆمـۆنیش سـەربەخۆیە. حکـومەتی هەر کانتۆنێـک بـۆ بەشـەکان و لقەکـان [Bezirksstatthalter] بەرپرسـی نـاوچە دیاریـدەکات و ئەمەش شتێکە کە لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکانـدا هەیە، دەبێت ئێمە لە داهاتوودا لە وڵاتەکەی خۆماندا بە هەمان لێبڕاوییەوە نەیـانهێڵین، کە لانـدراتەکان و رگیرونگسـراتەکانی پرۆسـیا "( کۆمیسـیۆنەکان، سەرپەرشـتاریی پۆلیسـتی نـاوچە، پارێزگاکـان و بەگشـتی ئەو فەرمـانبەرانەی لەسـەرەوە دیـاریکراون) "لادەبەیـن". بەگـوێرەی ئەم بۆچـوونە، ئەنگلـس پێشـنیاز دەکـات، کە مـاددەی بەرنـامەی خۆبەرێـوەبەری بەم جـۆرە دابرێـژرێتەوە: "جێبەجێکردنـی خۆبەرێوەبەرییەکی تەواو لە هەرێمەکان" [لە دەوروبەر]"، بەشەکان و کۆمۆنەکـان لەلایەن ئەو فەرمـانبەرانەی لە رێگـای هەڵبژاردنـی گشتییەوە دادەنرێن، هەڵوەشاندنەوەی سـەرجەم پۆسـتە نـاوچەیی و ویلایەتەکان کە دەوڵەوە داینـاون."

من لە رۆژنـامەی "پەراڤـدە" (ژمـارە ٦٨، ٢٨ی ئایـاری ١٩١٧) کە لەلایەن کرنسـکی و وەزیـرە "سۆسیالیسـت"ەکانی تـرەوە راگیـراوە، ئاماژەم بەم مەسەلەیە کردووە، کە نوێنەرانی بە حسـاب سۆسیالیسـت بە حساب دیموکراسی بە حساب شۆرشگێڕ بە شێوەیەکی ئابڕووبەرانە لە ماددەی ناوبراودا (بە دڵنیاییەوە نەک هەر تەنیا لەم مـاددەیەدا) لە

**دیموکراسی**[٤] لایانداوە. دیارە کەسانێک کە بە پەیمانی "ئیئتلاف" خۆیان بە بۆرژوازی ئیمپریالیستەوە گرێداوە، گوێی بیستنی ئەم رەخنانەیان نییە.

هێنانەوەبیری ئەم خاڵە زۆر گرنگە، کە ئەنگلس ئەو گومانە خورافییە بێڕادە باوەی- بەتایبەت لە نێوان دیموکراسی وردە بۆرژوازیدا، کە گوایە کۆماری فیدرالی بە دڵنیاییەوە ئازادییەکی زۆرتری لە کۆمارییەکی ناوەندێتی تێدایە، بە هاوکاری چەندان راستی و نموونەی زۆر وردەوە رەتدەکاتەوە. ئەم گومانە راست نییە و ئەو فاکتانەی کە ئەنگلس لەبارەی کۆماری ناوەندێتی فەرەنساوە لە ١٧٩٢-١٧٩٨ و کۆماری فیدرالی سویسرا دەیانخانە روو، ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوە. کۆماری ناوەندێتی بە راستی دیموکراتیک هەمیشە زیاتر لە کۆمارێکی فیدرالی ئازادترە. یان بە دەربڕینێکی تر: **گەورەترین** ئازادی ناوخۆیی، ناوچەیی و هتد، کە مێژوو بەخۆیەوەی بینیووە، لەلایەن کۆماری **ناوەندێتییەوە** دراوە، نەک کۆماری فیدرالی.

لە بانگەشە و روونکردنەوەکانی حیزبی ئێمە بەرامبەر ئەم راستییە و بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر بە سەرجەم پرسی کۆماری فیدرالی و ناوەندێتی و خۆبەڕێوەبرێتی ناوخۆیی سەرنجێکی تەواوی پێنەدراوە و نادرێت.

---

[٤] - بگوڕێرەوە بۆ لینین "پرسی مەبدەئی

## ٥-پێشـــەکی ١٨٩١ بـــۆ کتێبـــی "جەنگـــی نـــاوخۆیی لە فەڕەنسا"ی مارکس

لە پێشەکی چاپی سێیەمی کتێبی "جەنگی ناوخۆیی لە فەڕەنسا"، (ئەم پێشـەکییە بە بەرواری ١٨ ئـازاری ١٨٩١ه و بـۆ یەکەم جـار لە گۆڤـاری "سـەردەمی نـوێ "Neue Zeit بڵاوکـراوەتەوە) ئەنگلـس لە کاتێکـدا کە چەنـد تێبنییەکـی سـەرنجڕاکێش لەبـارەی پرسـەکانی پەیوەندار بە هەڵوێست بەرامبەر دەوڵەت دەخاتەڕوو، وانەکانی کۆمۆنە زۆر بە روونـی پـوختە دەکـات. ئەم پـوختەیە، کە لێواولێـوە بە ئەزموونەکـانی نووسـەر لە قۆنـاغی بیسـت سـاڵەی دوای کۆمـۆنە و بەتـایبەت لەدژی "بـاوەڕی خـورافی سـەبارەت بە دەوڵەت" کە لە ئەڵمانیادا باو بوو، لەم پرسەدا کە قسەی لەسەر دەکرێت، ئەتوانرێت بە دوا **وتەی** مارکسیزم دابنرێت.

ئەنگلس دەڵێت:

> "کرێکـاران لە فەڕەنسـا، دوای هەر شۆڕشـێک چەکـداربوون"، "بۆیە بۆرژواکان کە جڵەوی کاروباری دەوڵەتیـان بەدەسـتەوە بـوو، چەکـداماڵینی کرێکارانیـان بە یەکەمـین ئەرکـی خۆیـان دەزانـی. لەوێـوە کە دوای هەر شـۆڕێک، کرێکـارانی تێـدا سـەردەکەوت، خەبـاتێکی نـوێ دەسـتپێدەکرد و بە شکسـتی کرێکـاران کۆتـایی دەهات"...

ئەم ئەنجامگیرییە لەئەزموونی شۆرشە بۆرژوازییەکان، زۆر پوخت و بەهەمان رادە پڕ واتایە. هاوکات کرۆکی بابەتەکە لە بارەی پرسی دەوڵەتیشەوە بەشێوەیەکی قوڵا دەرکێشراوە (**ئایا چینی چەوساوە چەکی هەیە یان نا**؟). ئەمە کرۆکی مەسەلەکەیە، کە چ ئەو پرۆفیسۆرانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی، چ دیموکراتە وردە بۆرژوازییەکان، زیاتر لە شتێکی چاوپۆشی لێدەکەن. لە شۆڕشی ١٩١٧ ی روسیادا، تسیرێتیلی "مەنشەفیک" و "هەروەها مارکسیست" ئەم شانازییە (شانازی کافینیاک!)ی بەنسیب بوو، کە ئەم رازەی شۆڕشە بۆرژوازییەکان بخاتەڕوو. تسیرێتیلی لە وتە "مێژوویی"یەکەی ١١ی حوزەیرانیدا، بڕیاری بۆرژوازی بۆ چەکداماڵینی کرێکارانی پتروگرادی هاتە سەر زمان. دیارە ئەم بڕیارە، هەم بڕیاری خۆی و هەم پێویستی "دەوڵەت"ی بەگشتی، دەخستەڕوو!

گوتارە مێژووییەکەی تسرەتلی لە ١١ی حوزەیران بۆ هەر مێژوونووسێکی شۆڕشی ١٩١٧ دەبێتە یەکێک لە تۆمارە زۆر روونەکان، کە دەریدەخات چۆن ئیئتلافی سۆسیال شۆرشگێڕەکان و مەنشەفیکەکان لەژێر سەرپەرشتی جەنایی تسیرێتیلی دا بەرەو بۆرژوازی وەرچەرخاوە و کەوتۆتە بەرەی **نەیاری** پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕەوە.

ئاماژەیەکی تری ئەنگلس، کە ئەویش پەیوەندی بە پرسی دەوڵەتەوە هەیە، پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە. ئەزانین کە سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا، بەو رادەیەی کە گەندەڵی دامێنگیری دەبێت و زیاتر دەبێتە ئۆپۆرتۆنیست، رۆژ لەدوای رۆژ تەعبیرێکی کورتبینانە و

خـوار و خـێچ لە فۆرمـۆڵە بەناوبـانگەکەی "راگەیانـدنی ئـایین وەک کارێکی تایبەتی" دەکات. بەدەربڕینێکی تر، ئەم فۆرمۆڵە بەشێوەیەک تەعبیـری لێـدەکرێت کە گوایـا **بـۆ حیزبـی** پرۆلیتاریـای شۆڕشـگێڕ **بەهەمانشێوە** بـابەتی ئـایین کـارێکی تـایبەتییە!! لەدژی ئەو خیـانەتە تەواوەوە بە بەرنامەی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا بوو کە ئەنگلس راپەڕی. هاوکـــات ئەنگلـــس لە ١٨٩١ دا تەنیـــا **تـــوخمە زۆر لاوازەکـــانی** ئۆپۆرتـۆنیزمی لەنـاو حیـزبەکەی خـۆی دەبینـی و لەبەر ئەمەشـە لە وتەکانی خۆیدا زۆرترین حەزەری دەکرد.

"لەو شـوێنەوە کە لە کۆمـۆنەدا، تەقـریبەن کرێکـاران یـان نوێنەرانی بە ئیعتیبـاری کرێکـاران کۆدەبـوونەوە، لەبەر ئەوە بڕیارنامەکانشـیان لایەنێکـی تەواو پرۆلیتەریـان هەبـوو. یـان لەو بڕیارنامـانەدا ئەو ریفۆرمـانە رادەگەیەنـران کە بـۆرژوازی کۆماریخواز بەهۆی ترسە چروکـانییەکەی خـۆیەوە، خـۆی لە جێبەجێکردنیان لادەدا، لەکاتێکدا کە ئەو ریفۆرمە نـاوبراوانە پـێگەی پێویسـتی هەڵسـوڕانی ئـازادانەی چینـی کرێکاریـان پێکـدەهێنا. هێنـانەدی بنەمـایەکە کە بەپێـی ئەو ئـایین لە پەیوەنـد بە دەوڵەتەوە کـارێکی تەواو تـایبەتە، دەگەڕێـتەوە بۆ ئەمە. یان ئەوەی کە کۆمۆنە ئەو بڕیارنامانەی دەردەکـرد کە راستەوخۆ بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکاریان دەنواندەوە و تا رادەیەکیش بە قـوڵی زیـانی بە سیسـتەمی کـۆمەڵایەتی کۆن دەگەیاند"...

ئەنگلس بە مەبەست تەئکیدی لەسەر وشەی "لە پەیوەند بە دەوڵەتەوە " دەکردەوە و ڕێک گورزەکەی لە دڵی ئۆپۆرتۆنیزمی ئەڵمانیا دەدا، کە ئایینی **بۆ حیزب** بە کارێکی تایبەتی دادەنا و بەم شێوەیە حیزبی پرۆلیتەری شۆرشگێڕ تا ئاستی نزمترین وردە بۆرژوازییەکانی "ئازادی بیر" دەهێنایە خوارەوە، کە ئامادەن مەسەلەی ئازادبوون لە هەر جۆرە ئاینێک بە ڕێگاپێدراو دابنێن، بەڵام دەست لە ئەرکی خەبات حیزبی دژی ئەفیونی ئایینی بشۆن، کە جەماوەر گێژ دەکات .

مێژوونووسانی داهاتووی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، لەسەروبەندی لێکۆلینەوە لەبارەی ریشەی تێکشاندنە نەنگینەکانی ١٩١٤ دا، گەلێک بەڵگەی سەرنجراکێشیان دەستدەکەوێت، کە دەربڕینە فریودەرانەکانیان لە وتارەکانی کاوتسکی، پێشەوای ئایدیۆلۆژیستی حیزبدا هەن و دەرگایەکی فراوان بە رووی ئۆپۆرتۆنیزم دەخەنە سەرپشت، دەستپێکردووە و کۆتایی بە هەڵوێستی حیزب بەرامبەر "بزووتنەوەی جیابوونەوە لە کەنیسە -Los¬ von Kirche¬Bewegung) "لە ١٩١٣ دا دێنێت.

بەڵام با بچینە سەر ئەو بابەتەی، کە ئەنگلس چۆن بیست ساڵ دوای کۆمۆنە، وانەکانی بۆ پرۆلیتاریای خەباتگێڕ پوخت کردووەتەوە.

ئەوەش ئەو وانانەن کە ئەنگلس لە ریزی یەکەمدا دایاندەنێت:

"ئەو دەسەڵاتە ستەمگەرانەیەی حکومەتی ناوەندی پێشوو، واتا سوپا، پۆلیسی سیاسی، بیرۆکراسی کە ناپیلۆن لە ١٧٩٨ دا هێنابوویە دی و لەوە بە دواوەوە هەر دەوڵەتێکی نوێ وەک ئامرازێکی کارساز بە میرات دەیبرد و لەدژی نەیارانی خۆی بەکاریدەهێنا، دەسەڵاتێک بوو، کە دەبوایە بەهەمانشێوە کە لە پاریسدا دارما، لە هەموو شوێنەکانی فەرەنسایشدا دابرمایە.

دەبوایە هەر لە سەرەتای کارەوە کۆمۆنە لەوە تێبگەیشتایە، کە چینی کرێکار دوای گەیشتن بە دەسەڵات، ناتوانێت بە دەزگای دەوڵەتی کۆن کاروبارەکان بەڕێوەبەرێت و چینی کرێکار، بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی تازە بەدەستهاتووی خۆی سەرلەنوێ لەدەست نەدات، دەبێت لەلایەکەوە سەرجەم دەزگای کۆنی ستەمگەری، کە تا ئەو کاتە لەدژیان بەکاردەهێنرا، لەناوبرێت، لەلایەکی ترەوە پێگەی خۆی بەرامبەر دانراوەکان و فەرمانبەرانی دەوڵەتی خۆی بەهێزبکات، بە راگەیاندنی ئەوەی کە ئەوان بێ هەڵاواردن، هەموو کاتێک شایانی گۆڕینن"...

ئەنگلس بەردەوام پێداگیری لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە نەک هەر رژێمی پاشایەتی، بەڵکو لە **کۆماری دیموکراتیکشدا** دەوڵەت هەر بە دەوڵەتی دەمێنێتەوە، واتا نیشانەی تایبەتمەندییە سیاسییەکانی خۆی، کە بریتیین لە گۆڕینی خاوەن پیشەکان، واتا "خزمەتگوزارانی کۆمەڵگا" و ئۆرگانەکان بە سەروەرانی کۆمەڵگا، دەپارێزێت.

"لە دژی ئەم گۆڕینەی دەوڵەت و ئۆرگانە دەوڵەتییەکان، لە خزمەتگوزارانی کۆمەڵگاوە بۆ سەروەرانی کۆمەڵگا، کە بۆ هەر

دەوڵەتێکی تا ئێستا شێتکی ناچارییە، کۆمۆنە بێ هەڵە دوو شێوازی بەکارهێنا. یەکەم، بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی کارگێڕی، قەزایی و فەرهەنگیی نەتەوە، کەسانێکی دیاریدەکرد کە لەرێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە هەڵدەبژێردران و هاوکات مافێکی دانا کە بەهۆی ئەوەوە ئەم هەڵبژێردراوانە لەهەر کاتێکدا بەگوێرەی بڕیاری ئەوانەی هەڵیانبژاردوون، بانگ دەکرێنەوە. دووەم، هەر ئەو مافەی بە سەرجەم خاوەن پۆستەکان، چ گەورە و بچوک، دەدا کە کرێکارەکانی تر وەریاندەگرت. بەشێوەیەکی گشتی ئەو مافەی کە کۆمۆنە دەیدا شەش هەزار فرانک بوو. بەم جۆرە، تەنانەت ئەگەر ئیعتیبارنامەکانی ئیمپراتیفیش لەبەرچاو نەگرین، کە نوێنەران لە دەستەکانی نوێنەرایەتیدا بۆ رێگری لە دۆخێکی وا دایاننابوو، رێگیرییەکی دڵنیا بۆ بەرگرتن بە پۆستپەرستی دروست ببوو"...

لێرەدا ئەنگلس دەگاتە ئەو ئاستە سەرنجڕاکێشە، کە دیموکراسی پایەدار لە لایەکەوە بەرەو سۆسیالیزم **دەچێت**، لەلایەکی ترەوە سۆسیالیزم **دەخوازێت**، چونکە دەبێت بۆ لەناوبردنی دەوڵەت ئەرکە خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان بگۆڕێن بەو جۆرە کاروبارە سادانەی کۆنترۆڵ و ژمێریاری، کە لە توانای زۆربەی زۆری دانیشتواندا بێت و دواتر لە توانای تاک بە تاکی هەموو دانیشتواندا بێت. بەڵام بەتەواوی لەناوبردنی پێگەخوازی، پێویستی بەوەیە کە پلە "شانازییەکان" لە دەزگای دەوڵەتیدا، گەرچی بێ دەستتێوەردانیش بێت، بەپێچەوانەی ئەو شتەی **هاوکات** لە ئازادترین وڵاتەکانی سەرمایەداریدا دەبینرێت،

**نەتوانرێت** وەک پێپلیکانەک بۆ گەیشتن بە پلەوپایە پڕ داهاتەکانی ناو بانک و کۆمپانیا هاوبەشەکان، کەڵکی لێوەربگیرێت.

بەڵام ئەنگلس توشی ئەو گوناهە نابێت، کە بۆ نموونە، هەندێک لە مارکسیستەکان لەبارەی پرسی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان تووشبوون و دەڵێن: "گوایە مافێکی لەو جۆرە لە قۆناغی سەرمایەداریدا مومکین نییە و لە قۆناغی سۆسیالیزمدا زیادەیە. بەڵگەیەکی لەو جۆرە بە رواڵەت زیرەک و لە راستیدا نادروست ئەتوانرێت لەبارەی هەر دامەزراوەیەکی دیموکراتیک، لەوانەش، لەبارەی دانی کەمێک ماف بە فەرمانبەرانی دەوڵەتی دووبارە بکرێتەوە، چونکە دیموکراتیزم تا دواین قۆناغی جێگیربوون، لە قۆناغی سەرمایەداریدا مومکین نییە و لە قۆناغی سۆسیالیزمیشدا هەر جۆرە دیموکراسییەک **بەرەو پوکانەوە دەچێت**.

ئەمە سەفستەیەکە وەک ئەو گاڵتە کۆنەی کە دەیانووت، ئایا مرۆڤ بە کەمبوونەوەی موویەکی سەری، کەچەڵ دەبێت؟

گەشەکردنی دیموکراسی تا **دواین قۆناغ**، وردکردنەوەی شێوەکانی ئەم گەشەکردنە، تاقیکردنەوەی ئەم **پێکهاتانە** بەکردەوە، هەموو ئەوانە لە ئەرکەکانی رێکخستنی خەباتی رێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتین. هیچ دیموکراسییەک، ئەگەر بەجیا وەربیگرین، سۆسیالیزم ناهێنێتە دی، بەڵام لە ژیاندا هیچ کاتێک دیموکراسی "بەجیا وەرگیراو" نییە، بەڵکو "بە یەکەوە وەرگیراو"ە، کاریگەری خۆیشی دەخاتە سەر ئابووری و لە بنەڕەتەوە ئەوە خێرا دەکات، خۆیشی دەکەوێتە ژێر

کـاریگەری گەشـەی ئـابوورییەوە و هتـد. **ئەوە** دیـالەکتیکی زینـدووی مێژووە.

ئەنگلس درێژەی پێدەدات:

"ئەم تەقینەوەیە[Sprengung] ی دەسەڵاتی دەوڵەت کۆن و جێگرتنەوەی بە دەسەڵاتێکی نوێ و بەراستی دیموکراسی، بە وردی لە بەشی سێیەمی "جەنگی ناوخۆیی"دا روونکراوەتەوە. بەڵام لێرەدا وەسـتانێکی کـورت لەسـەر بەشـێک لە تایبەتمەنـدییەکانی ئەم جێگـۆڕکێیە پێویسـت بـوو، چـونکە بەتـایبەتی ئەڵمانیـادایە کە ئەو باوەڕە خورافییەی بەرامبەر دەوڵەت لە جیهانی فەلسـەفی رابـرووەوە هاتووە و سەرجەم زەینی بۆرژوازی و تەنـانەت زۆرێـک لە کرێکـارانی گرتـوۆتەوە، کە بەگـوێرەی رێنمـایی فەیلەسـوفەکان، دەوڵەت "دەرکەوتنی ئایدیا" یان عەرشی خـودایە لەسـەر زەوی، دەوڵەتە ئەو جۆرە مەیدانەیە، کە لەودا حەقیقەت و عەدالەتی جاویدانی هاتوونەتە دی یان دەبێت بەدیبێن. ئەمەیە سەرچاوەی ستایشێکی خورافیـانەی دەوڵەت و سـەرجەم ئەوەیە کە پەیوەنـدی بە دەوڵەتەوە هەیە. ئەم ستایشکردنە خورافییە بەو هـۆیەوە بە ئاسـانی ریشـە دادەکوتن، کە تاکەکان هەر لە منداڵیانەوە بەو فکرانە گۆشـدەکرێن، کە گـوایە ئەو کاروبار و بەرژەوەنـدیانەی بـۆ سـەرجەم کۆمەڵگـا وەک یەک وان، بە هیچ جۆرێک ناکرێت بێنە دی و بپـارێزرێن، مەگەر وەک پێشـوو واتـا لەلایەن ئەو دەوڵەت و فەرمـانبەرانەوە بێـت، کە پۆسـتێکی پـڕ داهاتیـان پێبەخشـراوە. تاکەکـان پێیـانوایە ئەگەر یەخەی خۆیـان لە کۆتی لە بڕوابوون بە پاشای میرایەتی دەربـازبکەن و ببـنە لایەنگـری کۆمـاری دیموکراتیـک، ئەوا هەنگـاوێکی بێـڕادە بوێرانەیـان بەرەو

پێشوه ناوه. کاتێک له ڕاستیدا دەوڵەت هیچ نییه جیا له دەزگایەکی سەرکوتنی چینێک بەدەست چینێکی تر و کۆماری دیموکراتیش لەم لایەنەوه به هیچ شێوەیەک له پاشایەتی کەمتر نییه. دەوڵەت له باشترین حاڵەتەیشدا بەڵایەکە که پرۆلیتاریا، پاش سەرکەوتن، وەک میراتێک بۆ تێکۆشان لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی چینایەتی دەیبات. پرۆلیتاریای سەرکەوتوویش، هاوشێوەی کۆمۆن، ناچار دەبێت ڕاستەوخۆ خراپترین لایەنەکانی ئەم بەڵایه لەناوبەرێت، تا نەوەیەی له هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی نوێ و ئازادا پێدەگەن، بتوانێت سەرجەم خاشاکی دەوڵەت لەناوبەرن."

ئەنگلس هۆشداری ئەوه دەداته ئەڵمانییەکان، که نەکا به بۆنەی جێگیرتنەوەی پاشایەتی به کۆماری، پرەنسیپەکانی سۆسیالیزم له پرسی دەوڵەتدا به گشتی فەرامۆش بکەن. ئێستا هۆشدارییەکانی ئەو، وەک وانەیەکی ڕاستەوخۆن بۆ جەنابانی تسێرێتیلییەکان و چێرنۆڤییەکان، که له پراتیکی "ئیئتلافی" خۆیاندا باوەڕێکی خورافیان بەرامبەردەوڵەت دەربڕیووه و خورافیانه ستایشی لێدەکەن.

دوو سەرنجی تر: ١- ئەنگلس که دەڵێت دەوڵەت له قۆناغی کۆماری دیموکراتیکیشدا هەروەک "دەزگایەک بۆ سەرکوتی چینێک بەدەستی چینێکی تر" دەمێنێتەوه و لەم لایەنەوه له قۆناغەکانی پاشایەتی "کەمتر نییه"، بەپێچەوانەی ئەوەی که هەندێک له ئانارشیستەکان "تێیدەگەن"، واتاکەی به هیچ شێوەیەک ئەمه نییه که شێوەی ستەمگەری به نسبەت پرۆلیتاریاوه جیاوازی نییه. ئەو شێوەیەی که له خەباتی چینایەتی و ستەمگەری چینایەتیدا فراوانتره،

ئازادتر و ئاشكراتره، بۆ پرۆلیتاریا له خەباتیدا بۆ نەهێشتنی چینەكان بەگشتی، ئاسانكارییەكی گەورەتر فەراهەم دەكات.

٢- بۆچی تەنیا نەوەیەكی نوێ ئەتوانێت سەرجەم ئەم خاشاكەی دەوڵەت لەنابەرێت؟ خاڵێكە كە پەیوەندی هەیە بە پرسی سەركەوتن بەسەر دیموكراسیدا وئێمەش ئێستا تاوتوێی دەكەین.

## ٦- ئەنگلس لەبارەی سەركەوتن بەسەر دیموكراسیدا

ئەنگلس بەبۆنەی خستنەڕووی مەسەلەی ناڕوونیی زانستیانەی ناونیشانی "سۆسیال-دیموكرات"، بەپێویستی زانیووە روونكردنەوە بدات.

ئەنگلس، له حەفتاكاندا، له پێشەكییەك بۆ كۆمەڵێك وتاری جۆراوجۆری خۆی سەبارەت بە چەند قسەوباسی جیاواز و بەگشتی لەبارەی پرسی "نێونەتەوەییەوە Internationales aus dem Volkstaat) بە بەرواری سێی كانوونی یەكەمی ١٨٩٤، واتا ساڵ و نیوێك پێش مردنەكەی، دەنووسێت كە لەهەموو وتارەكاندا وشەی "كۆمۆنیست" بەكار دەهێنێت نەك "سۆسیال دیموكرات" چونكە لەو كاتەدا پرۆدۆنیستەكان له فەرەنسا و لایەنگرانی لاسال له ئەڵمانیا خۆیان بە سۆسیال دیموكرات ناو دەبرد.

ئەنگلس درێژەی پێدەدات ... "لەبەرئەمە ماركس و من بە هیچ شێوەیەك نەمانتوانیووە بۆ خستنەڕووی بۆچوونە تایبەتییەكانمان خودی دەستەواژەیەك بەكار بهێنین كە تا بەم رادەیە لاستیكییە. ئێستا رەوتی بارودۆخەكە بە جۆرێكی تره و ئەم وشەیە ("سۆسیال دیموكرات") لەوانەیە بتوانێت گونجاو بێت[mag passieren] ،

گوایە وشەی ناوبراو بۆ حیزبێک کە بەرنامە ئابوورییەکەی بەگشتی هەر تەنیا بەرنامەیەکی ئابووری نەبووە، بەڵکو راستەوخۆ کۆمۆنیستییە، بۆ حیزبێک کە ستراتیژە سیاسییەکەی سەرکەوتنێکی سەراپاییە بەسەر دەوڵەتدا و بەگوێرەی ئەمە سەرکەوتنە بەسەر دیموکراسیدا، دووبارە بە نەگونجاو [unpassend, unsuitable] دەمێنێتەوە. بەڵام ناوی حیزبە سیاسییە واقیعییەکان (تەئکیدی سەر وشەکە هی ئەنگلسە) هیچ کاتێک لەگەڵ ئەواندا ناگونجێت، حیزب گەشە دەکات، ناو دەمێنێتەوە."

ئەنگلسی دیالەکتیست تا دواین رۆژەکانی ژیانی بە دیالەکتیک وەفادار بوو. ئەو دەڵێت من و مارکس ناوێکی بەرز و لە روانگەی زانستییەوە وردمان بۆ حیزب هەیە- بەڵام ئەو حیزبە واقیعییە، واتا حزبێکی جەماوەری پرۆلیتەری بوونی نەبوو. ئێستا (کۆتایی سەردەی نۆزەدەیەم) حیزبێکی واقیعی هەیە، بەڵام ناوەکەی لە رووی زانستییەوە دروست نییە. عەیب نییە، "دەگونجێت" هەرئەوەندە بێت کە حیزب **گەشە بکات**، هەر ئەوەندە بێت کە ئەم ناروونییە زانستییەی ناوی حیزب لەخۆی شارەوە نەبێت و نەبێتە رێگری ئەوەی کە حیزب بە ئاراستەیەکی دروستدا گەشە بکات!

لەوانەیە خۆشخوویەک بیەوێت ئێمەی بەلشەفیکیش وەک ئەنگلس هێور بکاتەوە و بڵێت: ئێمە حیزبێکی واقیعییەمان هەیە، بە شێوەیەکی باڵا گەشە دەکات، وشەیەکی بێواتا و ناشیرنی وەک "بەلشەفیک"یش بەرەهایی هیچ شتێک رووناکاتەوە، بەدەر لەو راستییەی کە بە رێکەوتن ئێمە لە کۆنگرەی بروکسڵ-لەندەن لە ١٩٠٣ دا زۆربە بووین، "دەگونجێت"... لەوانەیە ئێستا کە راوەدونانەکانی

مـــانگی تەمـــووز  و ئـــابی حیزبمـــان بەنـــاو "بەلشـــەفیک"، لەلایەن کۆمـــاریخواز و دیمـــوکراتە "شۆڕشـــگێڕە" وردە بۆرژواکـــانەوە، تـــا ئەو رادەیە لەلایەن جەمـــــــاوەرە بەرێزکـــــــردووە و ســــــەرباری ئەوەش دەریخســـتووە کە حیزبـــی ئـــێمە هاوکـــاتی گەشـــەی واقیعـــی خـــۆی، چ هەنگـــاوێکی گەورە و مێژوویـــی بەرەو پێشـــەوە نـــاوە، منـــیش لەبـــارەی پێشنیازی مانگی ئازاری خۆم بۆ گۆڕینی نـاوی حیـزب، گومـان بـکەم. لەوانەیە پێشنیازی "رێککەوتنێک" بۆ هاوڕێکانی خۆم بکەم: حیزب ناو بنێین کۆمۆنیست و وشەی بەلەشەفیک بخەینە کەوانەوە...

بەڵام پرسی ناوی حیزب گرنگییەکی کەمتری لە پرسـی هەڵوێسـتی پرۆلیتەری شۆڕشگێڕ سەبارەت بە دەوڵەت هەیە.

لە ئەرگۆمێنتی گشـتی سـەبارەت بە دەوڵەت، بەردەوام ئەو هەڵەیە دووبـارە دەبێـتەوە، کە لێـرەدا ئەنگلـس هۆشـیاری لەسـەر دەدات و ئـێمەش پێشـتر لەگەڵ بـابەتەکەدا ئاماژەمـان پێـدا، واتـا، بەردەوام فەرامۆشی دەکەن کە لەناوبردنی دەوڵەت لەنـاوبردنی دیموکراسیشـە و پوکانەوەی دەوڵەتیش پوکانەوەی دیموکراسییە.

دەربڕینێکی لەو جۆرە لە یەکەم نیگادا زۆر سەیر و نا مەفهوم دێتە بەرچاو. لەوانەیە لای ئەو کەسانەش ئەو ترسـە سـەرهەڵبدات، کە ئایـا لە چاوەڕوانی هاتنی ئەو جۆرە سیسـتەمە کـۆمەڵایەتییەدا نـین، کە لە بنەڕەتەوە پێڕەوی کەمـایەتی لە زۆرایەتـی لەبەرچـاو ناگرێـت؟ چـونکە دواجار دیموکراسی هەر پشتڕاستکردنەوەی ئەو پرەنسیپەیە؟

نەخێر. دیموکراسی **هاوتا** نییە بەپێڕەوی کەمـایەتی لە زۆربـایەتی. دیموکراســی بــریتییە لە دەوڵەتێــک کە دان بە پێــڕەوی کەمــایەتی لە زۆربایەتی دەنێت، واتا پێکهـاتێکە بـۆ **بەکارهێنـانی هێـزی تونـدوتیژی**

سیستمانیکی چینێک لەسەر چینێکی تر، واتا لە بەشێکی جەماوەر دژی ئەوانی تر.

ئێمە لەناوبردنی دەوڵەت دەکەینە دواین ئامانجی خۆمان، واتا لەناوبردنی هەرجۆرە بەکارهێنانێکی هێزی توندوتیژی ڕێکخراو، سیستماتیکە و بەگشتی هەر جۆرە بەکارهێنانێکی هێزی توندوتیژی بەرامبەر تاکەکان. ئێمە چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە نین، کە لە بنەڕەتەوە پێڕەوی کەمایەتی لە زۆربایەتی لەبەرچاو نەگرێت. بەڵام ئێمە کە لەپێناو سۆسیالیزمدا تێدەکۆشین، یەقینین کە سۆسیالیزم لەگەڵ گەشەی خۆیدا، دەگاتە قۆناغی کۆمۆنیزم و لەبەر ئەمەش هەرجۆرە پێویستییەکی بەکارهێنانی هێزی توندوتیژی بەرامبەر کەسەکان بەگشتی و **پێڕەوی** کەسێک لە کەسێکی تر و بەشێک لە دانیشتووان لەبەشی تر لەناو دەچێت، چونکە کەسەکان **بەبێ بەکارهێنانی هێزی توندوتیژی و بێ پێڕەویکردن ڕادێن** هەلومەرجی سەرەتایی ژیانی کۆمەڵایەتی لەبەرچاوبگرن.

ئەنگلس بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەمان ڕەگەزی ڕاهاتنە، کە قسە لە **نەوەیەکی** نوێ دەکات، واتا لەو نەوەیەی "لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی نوێ و بەدەستهێنانی ئازادی نەشونمادا سەرجەم خاشاکی دەوڵەت لەناوبەرن" هەر جۆرە دەوڵەتێک و لەوانەش دەوڵەتی کۆماری دیموکراتیک.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش، پێویستە مەسەلەی پایە ئابوورییەکانی پوکانەوەی دەوڵەت شیبکرێتەوە.

## بەشی پێنجەم:
## پایە ئابوورییەکانی پوکانەوەی دەوڵەت

مـارکس لە"رەخـنە لە بەرنـامەی گۆتـا"دا زۆرتـرین روونکـردنەوەی لەسـەر ئەم پرسـە داوە (نـامە بـۆ بـراکە، ٥ی ئایـاری ١٨٧٥، کە تـا سـاڵی ١٨٩١ لە گۆڤـاری "سـەردەمی نوێNeue Zeit ، ٩،١ "چـاپ نەبـوو، بڵاونەکـرایەوە، دواتـر وەک نـامیلکەیەکی سـەربەخۆ بە زمـانی روسی بڵاوکرایەوە). بەشە پلـمیکەکەی ئەم بەرهەمە بەرجەسـتەیە، کە رەخـنەیە لە لاسـالیزم، بەشـێکە کە بە شـێوەیەکی سـەلمێنەر، واتـا ئەزموون و شیکردنەوە تیشک دەخاتە سەر پەیوەنـدی نێوان گەشـەی کۆمۆنیزم و پوکانەوەی دەوڵەت.

### ١- خستنەڕووی پرسەکە لەلایەن مارکسەوە

ئەگەر نامەی ٥ی ئایاری ١٨٧٥ی مارکس بـۆ بـراکە و نـامەی ٢٨ی ئازاری ١٨٧٥ی ئەنگلس بۆ بیبل، کە پێشتر لێکدرانەوە، بەشـێوەیەکی سـەرپێی بەراوردیـان بکەیـن بەیەک، وا دەردەکەوێـت کە مـارکس زۆر زیاتر لە ئەنگلس "دەوڵەتی"یە و جیاوازی بۆچوونەکانی نێوان ئەم دوو نووسەرە لەبارەی دەوڵەتەوە گەلێک زۆرن.

ئەنگلـس بـۆ بیبـل پێشـنیاز دەکـات کە بەتەواوی دەسـتبەرداری بێهودەییەکـان لەسـەر دەوڵەت بـبن و وشـەی دەوڵەت بەتەواوی لە بەرنـامەدا لاببرێـت و وشـەی "رێکخـراوی هـاوبەش" بخـرێتە شـوێنی،

تەنانەت ئەنگلس ئەوە دەخاتە روو کە کۆمـۆنە ئیتـر بەواتـای تـایبەتی وشەکە دەوڵەت نەبووە. لەکاتێکدا مارکس تەنانەت قسـە لە "دەوڵەتـی ئاییـندەی کۆمەڵگـای کۆمۆنیسـتی" دەکـات، واتـا وەک ئەوە وایە، کە پێویستی دەوڵەت تەنانەت لە قۆناغی کۆمۆنیستیدا پشتڕاستبکاتەوە .

بەڵام بۆچـــوونێکی لەو جـــۆرە لە بنـــاخەوە نادروســـتە. لێکـۆڵینەوەیەکی نزیکتـر دەریـدەخات کە مـارکس و ئەنگلـس لەبـارەی دەوڵەت و پوکـانەوەکەی بەتەواوی هـاوڕای یەکتـرن و دەسـتەواژەکەی ســـەرەوەی مـــارکس پەیوەســـتە بەهەمـــان **مـــایەی پوکـــانەوەبوونی** دەوڵەتەوە.

دیارە، ناتواترێت لەبارەی دیاریکردنی ساتی ئاییندەی "پوکانەوە"ی دەوڵەتەوە هـیچ بوترێـت، یـان هەبێـت، بەتـایبەت کە ئەم پوکـانەوەیە رەوەندێکە بەدڵنیاییەوە دوور و درێژە. جیاوازییە رواڵەتییەکەی نێـوان وتەی مـارکس و ئەنگلـس، لە جیـاوازی نێـوان لێکۆڵەرەوانـدایە، کە ئەوانە بـۆ خۆیـان دیاریـدەکەن و هەروەهـا لە جیـاوازی نێـوان ئەو مەبەستەیە کە ئەوان بە دواوەیین .

ئەنگلس بە شـوێن ئەو مەبەسـتەوەیە کە سـەرجەم پـوچی خـورافە باوەکەی دەربارەی دەوڵەت (کە لاساریش کەم تیـایە هـاوبەش نەبـوو) بەشـێوەیەکی ئاشـکرا، دیـار و بە هێڵێکـی بەرجەسـتە پیشـانی بیبـل بـدات. مـارکس تەنیـا لە بـابەتەکەدا ئامـاژە بەم مەسـەلەیە دەکـات و ئاماژە بۆ باسێکی تر دەکات کە **گەشەی** کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە.

کۆی تیۆری مارکس بریتییە لە بەکارهێنانی تیـۆری گەشـەکردن بە پەیگیرتـرین، کـامڵترین، قـوڵترین و بەنـاوەڕۆکترین شـێوەیە، لەبـارەی

سەرمایەداری هاوچەرخەوە. ئاساییە لە بەرامبەر مارکسدا ئەم پرسە بێتە پێشەوە، کە تیۆری ناوبراو سەبارەت بە تێکشانی نزیکی سەرمایەداری و گەشەی **ئاییندەی** کۆمۆنیزمیزمی **ئاییندە** بەکار ببرێت.

ئایا لەسەر بنەمای چ **زانیارییەک** ئەتوانرێت پرسی گەشەکردنی ئاییندەی کۆمۆنیزمی ئاییندە بخرێتە روو؟

لەسەر بنەمای ئەم زانیارییانەی، کە کۆمۆنیزم لە سەرمایەدارییەوە **بنەچە دائەکوتێت**، رەوتی گەشەکردنەکەی لە رووی مێژووییەوە لە سەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرەنجامی کاری ئەو جۆرە هێزەیە، کە زادەی سەرمایەدارییە. مارکس کەمترین هەوڵیشی نەداوە کە یۆتۆپیست بێت و بکەوێتە ئایدیالی بەتاڵ لەبارەی ئەو شتانەی ناتوانرێت بزانرێن. مارکس پرسی کۆمۆنیزم بەهەمان شێوە دەخاتە روو، کە لیکۆڵەرەوەیەکی زانستی کۆمەڵایەتی، بابەتێکی گەشەکردنی، بۆ نموونە، یەکێک لە جۆرە نوێکانی دیاردەی بیۆلۆژی دەخاتە ڕوو، لە حاڵەتێکدا کە بزانین ئەم جۆرە چۆن سەریهەڵداوە و بە کام ئاراستەی دیاریکراودا گۆڕانکاری بەسەردا شێوەکەیدا دێت.

مارکس پێش هەموو شتێک ئەو بیرشێواوییەی کە بەهۆی بەرنامەی گۆتاوە سەبارەت بە پرسی پەیوەندییە دوولایەنەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا دروست دەبوو، ریشەکێش دەکات.

ئەو نووسی: ... "کۆمەڵگای ئێستا کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییە، کە لە سەرجەم کۆمەڵگا شارستانێتییەکاندا هەیە. ئەم کۆمەڵگایە، کەم تا زۆر، لە تێکەڵییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دابڕاوە، بەم هۆیەش کەم تا زۆر گۆڕانکاری لە تایبەتمەندی گەشەکردنی مێژوویی

هەر وڵاتێکدا کـردووە و کەم تـا زۆر گەشـەیکردووە. بەپـێچەوانەوە، "دەوڵەتـی ئێسـتا" کە لە سـنووری هەر وڵاتێکدا پێکهـاتێکی تـایبەتی هەیە. لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیای پرۆسیدا پـرۆژەی دەوڵەت بەتەواوی جیایە لەوەی لە سویسرا هەیە، لە بەریتانیا بەتەواوی جیـایە لەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەیە. کەواتە "دەوڵەتی ئێستا" حیکایەتێکە.

بەڵام لە نێـــوان دەوڵەتە جۆراوجۆرەکـــانی وڵاتە جۆراوجـــۆرە شارستانێتییەکاندا، سەرباری چەند هەمەجۆری پێکهـاتەکەی، خـاڵێکی هاوبەشـی هەیە و ئەویـش ئەوەیە، کە سـەرجەمیان لەسـەر زەمیـنەی کۆمەڵگـای ئێسـتای بـۆرژوازی بنیـاتنراون، کە کەم تـا زۆر بە هـۆی سەرمایەدارییەوە گەشەیانکردووە. بەم شێوەیە ئەم دەوڵەتانە هەنـدێک نیشـانەی هاوبەشـی گرنگیـان هەیە. ئەمە بەو واتـایەیە کە ئەتوانرێـت بوترێت "دەوڵەتی ئێستا" کە رەگەکەی لەنـاو کۆمەڵگـای بۆرژوازیـدایە، ناکۆکە بە ئایندە و لەناو دەچێت.

دواتـر پرسـەکە بەم جـۆرە دەخـرێتە روو: ئایـا لە کۆمەڵگـای کۆمۆنیستدا دەوڵەت چ ئاڵوگۆرێکی بەسەردا دێت؟ بە دەربڕینێکی تر، کـام یەک لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکـان لەو سـەردەمەدا دەمێنێـتەوە کە هاوشێوەی ئەرکە دەوڵەتییەکانی ئەمرۆ بن؟ ئەم پرسە تەنیـا دەکرێت وەڵامێکـی زانسـتی پێبـدرێتەوە، ئەگەر هەزاران جـاریش وشـەی "جەمـاوەر" و "دەوڵەت" بەیەکەوە بلکێنـرێن، دیسـان زەرەیەک نـابنە هاوکاری چارەسەری پرسەکە"...

بەم شـێوەیە مـارکس دوای ئەوەی سـەرجەم قسەوباسـەکانی پەیوەسـت بە "دەوڵەتـی جەمـاوەری" دەکـاتە مەسـخەرە، چـۆنێتی

پێشـنیازی پرسـەکە بەدەسـتەوە ئەدات و وەک بڵێـی هۆشـیاری ئەوە دەدات، کە بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی زانستیانە، تەنیا ئەتوانرێت پشـت بەو زانیاریانە ببەسترێت کە لەلایەن زانستەوە بەتەواوی سەلمێنرابن.

یەکەمـین خاڵێـک کە سـەرجەم تیـۆری گەشـەکردن و بەگشـتی سـەرجەم زانسـت زۆر بە وردە سـەلماندویەتی، هەر ئەو شـتەیە کە ئۆپۆرتۆنیستەکان فەرامۆشیان دەکرد و ئۆپۆرتۆنیستەکانی ئەمـڕۆیش، کە لە شۆڕشـی سۆسیالیسـتی هەراسـان بـوون، فەرامۆشـی دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە لە روانگەی مێژووییەوە، بێگومان دەبێـت قۆنـاغێکی تایبەت یان دەورانێکی تایبەت بـۆ **تێپەڕبـوون** لە سـەرمایەدارییەوە بـۆ کۆمۆنیزم بوونی هەبێت.

## ٢– تێپەڕبوون لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم

مـارکس بەم جـۆرە درێـژە بە وتەکەی خـۆی دەدات: ..."لە نێـوان کۆمەڵگـای سـەرمایەداری و کۆمۆنیسـتدا، دەورانێـک هەیە کە دەورانـی گـۆڕینی شۆڕشـگێڕانەی یەکەمە بـۆ دووەم. هاوتـای ئەم دەورانەیـش قۆنـــاغێکی تێپەڕبـــوونی سیاســـیش هەیە و دەوڵەت لەم دەورەیەدا ناتوانێـت بەدەر لە **دیکتـاتۆری شۆڕشـگێڕانەی پرۆلیتاریـا** هیچـی تـر بێت"...

ئەم ئەنجـــامگیرییەی مـــارکس لەســـەر بنەمـــای ئەزمـــوون و شیکردنەوەی ئەو رۆڵەیە کە پرۆلیاریا لە کۆمەڵگای ئێستای بۆرژوازیدا دەیگێڕێت، هەروەها لەسەر بنەمای زانیارییەکانی پەیوەست بە گەشەی ئەم کۆمەڵگایە و ناسازی بەرامبەرکێی پرۆلیتاریا و بۆرژوازییە.

لە رابردوودا پرسەکە بەم جۆرە دەخرایە روو: پرۆلیتاریا بۆ ئەوەی بە ئـازادی خـۆی بگـات، دەبێـت بـۆرژوازی لەناوبەرێـت، دەسـەڵاتی سیاسـی بەدەسـتەوەبگرێت و دیکتـاتۆری شۆڕشـگێڕانەی خـۆی بەرپابکات.

ئێستا پرسەکە کەمێک بەجۆرێکی تـر دەخـرێتە روو: تێپەڕبـوون لە کۆمەڵگای سەرمایەداری، کە بەرەو کۆمۆنیزم گەشـە دەسـێنێت، بەرەو کۆمەڵگـای کۆمۆنیسـتی بەبـێ یەک "قۆنـاغی تێپەڕبـوونی سیاسـی" ناکرێـت و دەوڵەت لەم قۆنـاغەدا تەنیـا ئەتوانێـت دیکتـاتۆری شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا بێت.

بەڵام هەڵوێسـتی ئەم دیکتـاتۆرییە بەرامـبەر دیموکراسـی چـۆن دەبێت؟

ئـێمە بینیمـان کە لە"مانیڤێسـتی کۆمۆنیسـت"دا دوو چەمـک بەشێوەیەکی سادە دەخرێنە پاڵ یەکتر: "گۆڕینی پرۆلیتاریـا بە چینـی دەسـەڵاتدار" و "بەدەسـتهێنانی دیموکراسـی". لەسـەر بنەمـای ئەو خاڵانەی سەرەوە، ئەتوانرێت بەشێوەیەکی وردتـر، ئەوە دیـاری بکرێـت کە دیموکراسی لە کاتی تێپەڕین لە سـەرمایەدارییەوە بـۆ کۆمـۆنیزم چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت.

لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بەو مەرجەی بە گونجـاوترین شـێوەی گەشـەیکردبێت، دیموکراسـییەکی کەم تـا زۆر لە کۆمـاری دیموکراتیـدا بـوونی هەیە. بەڵام ئەم دیموکراسـییە هەمیشـە لە مەنـگەنەی چەوسـانەوەی سـەرمایەداریدا گوشـراوە، لەبەر ئەوە، لە ناوەڕۆکـدا هەمیشە دیموکراسی بـووە بـۆ کەمـایەتی، واتـا تەنیـا بـۆ چینـە دارا و

تەنیا بۆ تاوانکاران. ئازادی کۆمەڵگای سەرمایەداری تەقریبەن هەمیشە هەر ئەوەیە کە لە کۆمارەکانی یۆنانی کۆندا هەبوون، واتا ئازادی بۆ کۆیلەداران. کۆیلەکانی کرێی ئەمڕۆ، بەهۆی هەلومەرجی چەوسانەوەی سەرمایەدارییەوە، ئەوەندە لەژێر قورسایی پێداویستی و هەژاریدان، کە "نە بواری پرژانە سەر دیموکراسییان هەیە" و "نە بواری پرژانە سەر سیاسەت" و کاتێک رووداوەکان رەوتێکی ئاسایی و ئارامیان هەیە، زۆربەی دانیشتووان دەکەونە دەرەوەی بەشداریکردنی ژیانی گشتی و سیاسی .

لەوانەیە ئەڵمانیا بەرجەستەتر لە هەر شوێنێکی تر ئەم راستییە پشتڕاست بکاتەوە، چونکە لەم وڵاتەدا ئازادییە یاساییە دەستوورییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر و بە شێوەیەکی جێگیر، لە ماوەی نیو سەدەدا (١٨٧١-١٩١٤) پایەدار بوون و سۆسیال دیموکراسی لەم ماوەیەدا توانی بۆ "کەڵکوەرگرتن لە ئازادییە یاساییەکان"، هەروەها ئەو رێژەی زۆرەی کرێکاران کە لە هیچ شوێنێکی تری جیهاندا نموونەی نەبووە، لە حیزبێکی سیاسیدا رێکخراو بکات و زیاتر لەهەر وڵاتێکی تر کار بکات.

بەڵام ئەم رێژە لە کۆیلاتی کرێ ئاگا و چالاک لەلایەنی سیاسییەوە، کە لە سەرجەمی ئەو رێژانەی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەبینرێن، بەرچاوترن، چەندەیە؟ یەک ملیۆن ئەندامی حیزبی سۆسیال دیموکرات، لە پانزە ملیۆن کرێکاری کرێ! سێ ملیۆن کەسی رێکخراو لە یەکێتییە پیشەییەکان، لە ١٥ ملیۆن!

دیموکراسی بۆ کەمایەتییەکەی کەم، دیموکراسی بۆ تاوانکاران، ئەمەیە دیموکراتیزمی کۆمەڵگای سەرمایەداری. ئەگەر کەمێک لە نزیکەوە سەرنج لە میکانیزمی دیموکراسی سەرمایەداری بدەین، ئەوکات لە وردەکارییە "بێ بەهاکان" و بە حساب بێ بەهاکانی مافی هەڵبژاردن (مەرجی نیشتەجێبوون، بێبەشی ژنان و هتد)، چ لە شێوازی کاری دامەزراوەکانی هەڵبژاردن، چ لە بواری رێگرییە کردەوەییەکانی سەر رێگای مافی کۆبوونەوەکان (بینا گشتییەکان بۆ "رووت و رەجاڵەکان" نییە) و چ لە دامەزراوە تەواو سەرمایەدارییەکانی چاپەمەنی رۆژانە و هتد و هتد، لە هەموو شوێنێکدا یەک بەدوای یەک بەرتەسکییەکانی دامێنەی سەرمایەداری دەبینین. ئەم سنوورداریە، بێبەشی، ئاوارتە و ئەو رێگریانەی کە دێنە سەر رێی هەژاران، لاوەکییانە دێنە بەرچاو، بەتایبەت بۆ کەسانێک کە خۆیان هیچکاتێک هەستیان بە پێویستی نەکردووە و لە ژیانی جەماوەری چینە ستەملێکراوەکان نزیک نەبوون (و نۆ لە ١٠ یان ٩٩ لە ١٠٠ی نووسەر و سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی لەم جۆرەن)، بەڵام ئەم سنوورداریانە لە گشتیدا هەژاران لە سیاسەت و بەشداری چالاکانە لە دیموکراسی بێبەش و کەنار دەکەن.

مارکس ئەم **ناوەڕۆکەی** دیموکراسیی سەرمایەداری بە باشترین شێوە خستۆتە روو، کە هاوکاتی تاوتوێکردن و شیکردنەوەی ئەزموونی کۆمۆنە دەڵێت: هەر چەند ساڵ جارێک رێگا بە ستەملێکراوەکان دەدەن، کە بڕیار بدەن کام یەک لە نوێنەرانی چینە

ستەمگەرەکان لە پەرلەماندا نوێنەری ئەوان بن و ئەوان سەرکوت بکەن!

بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی پرۆفیسۆرە لیبراڵ و ئۆپۆرتۆنیستەکانی وردە بۆرژوازی لەوەی ئەم دیموکراسی سەرمایەدارییەی کە بەناچاری سنووردارەبووە و لە پەنهانیدا دەستی رەتکردنەوە دەنێت بە سینەی هەژارانەوە، هەربۆیە سەراپا فریودەرانە و درۆیە، ئیتر گەشەی روو بە پێش بەشێوەیەکی سادە، راستەوخۆ و گونجاو ئەنجام نادرێت و "سات بە سات بەرەو دیموکراسییەکی روو بە فراوانبوون" ناڕوات. نەخێر. گەشەکردن بۆ پێشەوە، واتا گەشەکردن بەرەو کۆمۆنیزم لە رێگای دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە تێدەپەڕێت و لە رێگای ترەوە ناتوانێت تێپەڕێت، چونکە **تێکشاندنی بەرگری** سەرمایەداریی ستەمگەر لە ئەستۆی هیچ کەسێکی تردا نەبووە و لە هیچ رێگایەکی ترەوە مومکین نییە.

بەڵام دیکتاتۆری پرۆلیتاریا واتا رێکخراوکردنی پێشڕەوانی ستەملێکراوان بەشێوەی چینی دەسەڵاتدار بۆ سەرکوتکردنی ستەمگەران، ناتوانێت بەشێوەیەکی سادە تەنیا بە فراوانکردنی دیموکراسی بێتە بەرهەم. هاوکات لەگەڵ فراوانکردنێکی گەورەی دیموکراتیزم، کە **بۆ یەکەمین جار** دیموکراتیزم نەبووە بۆ تاوانکاران، بەڵکو دیموکراتیزم بووە بۆ هەژاران و جەماوەر، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەلایەنی ئازادییەوە سنوردارییەک بۆ ستەمگەران، چەوسێنەران و سەرمایەداران دادەنێت. دەبێت ئێمە ئەوانە سەرکوت بکەین، تا مرۆڤایەتی لە کۆتی کۆیلەیەکی کرێ رزگاری بێت، دەبێت

بەرگرییەکەیـــان بە زۆر لەبەریەک هەڵبوەشـــێتەوە، ئاســـاییە لەهەر شوێنێکدا سـەرکوت و کـاری تونـدوتیژی هەبـوو، لەوێـدا ئـازادی نیـیە، دیموکراسی نییە.

ئەنگلـس لە نـامەکەی خۆیـدا بـۆ بیبـل ئەم خـاڵە بەشـێوەیەکی درەخشان دەخاتە روو، بەشێوەیەک کە خوێنەر لەبیریەتی کە وتویەتی "پێویســـتی پرۆلیتاریـــا بە دەوڵەت لە روانـــگەی بەرژەوەنـــدییەکانی ئـازادییەوە نیـیە، بەڵکـو بـۆ سـەرکوتکردنی نەیارەکـانی خـۆیەتی، کاتێکیش ئەتوانرێت لەبارەی بوونی ئازادییەوە قسـە بکرێـت، ئیتـر ئەو کات دەوڵەتیش بوونی نابێت."

دیموکراسـی بـۆ زۆربەی زۆری جەمـاوەر و سـەرکوتکردنی تونـدانە، واتـــا بێبەشـــکردنی چەوســـێنەر و ســـتەمگەرەکانی جەمـــاوەر لە دیموکراســـی، ئەمەیە گۆڕانکـــاری شـــێوەی دیموکراســـی لە کـــاتی تێپەڕبوون لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم.

تەنیا لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا، کاتێک بەرگری سـەرمایەداران بە تەواوی تێکشاوە، سەرمایەداران لەناوچوون و چینەکـان نەمـاون (واتـا لە نێـوان تاکەکـانی کۆمەلگـادان لە لایەنـی پەیوەنـدییەکانیان لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، جیاوازییەک نییە) تەنیـا لەو کـاتەدا "دەوڵەت نامێنێـت و **ئەتوانرێـت باسـی ئـازادی بکرێـت**". تەنیـا لەو کـاتەدا دیموکراســـییەکی راســـتەقینەی تەواو و بەتەواوی بەتـــاڵ لە ئـــاوارتە مومکینە و بەکردەوە دێـتە دی. تەنیـا لەو کـاتەدا دیموکراسـی رێگـای **پوکانەوە** دەگرێتە بەر و لەبەر ئەم چۆنێتییە سـادەیەیە، کە تاکەکـان لە کـــۆتی کـــۆیلەیەتی ســـەرمایەداری و لە زۆرێـــک کارەســـات،

دەرندەییەکان، ناعەقڵانی و ئاڵودەییەکانی چەوسانەوەی سەرمایەداری رزگاریان بووە، وردە وردە **رادێن**، کە رێسا سەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە چەندان سەدە ناسیویەتی و لە ماوەی هەزاران ساڵدا لە نووسراوە جۆراوجۆرەکاندا دووبارە بوونەتەوە، بێ دەستبردن بۆ توندوتیژی، بێ ملکەچی و بەبێ دەزگایەکی تایبەت کە بۆ ناچارکردن، کە ناوی دەوڵەتە، لەبەرچاوبگیرێن.

دەستەواژەی "دەوڵەت **دەپوکێتەوە**" زۆر وریایانە هەڵبژێردراوە، چونکە هەم تەدریجی و هەم خۆبەخۆیبوونی پرۆسەکە دەخاتە روو. تەنیا عادەت ئەتوانێت ئەو جۆرە کاریگەرییە ببەخشێت و بێگومان کاریگەری دەبێت، چونکە لە دەوروبەری خۆماندا ملیۆنان جار ئەوەمان بینیوە کە تاکەکان، ئەگەر چەوسانەوەیەک بوونی نەبێت، ئەگەر شتێک بوونی نەبێت کە ببێتە هۆی ئاژاوە، نارەزایەتی و راپەرینی ئەوان، کە **سەرکوتکردنیان** بکاتە کارێکی پێویست، بە چ ئاسانییەک لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو رێسایەی ژیانی کۆمەڵایەتی رادێن، کە پێویستە بۆیان.

کەواتە، لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا سەروکارمان لەگەڵ دیموکراسییەکی بێسەروبەر، هیچ نەبوو و درۆزنە، دیموکراسی تەنیا بۆ تاوانکارانە، واتا بۆ کەمایەتی. دیکتاتۆری پرۆلیتاریا یان قۆناغی تێپەربوون بۆ کۆمۆنیزم، لەکاتی سەرکوتکردنی ناچارییانەی کەمایەتییەک واتا چەوسێنەران، بۆ یەکەمین جار دیموکراسی دەداتە جەماوەر، واتا بە زۆربە. تەنیا کۆمۆنیزم ئەتوانێت دیموکراسییەکی راستەقینەی تەواو بدات و بە هەر رادەیەک ئەم دیموکراسییە کاملتر

بـێن، بە هەمـان رادە خێراتـر ناپێویسـت و خۆبەخـۆ بەرەو پوکـانەوە دەچێت.

بە دەربڕینێکـی تـر، لە قۆنـاغی سـەرمایەداریدا سـەروکارمان لەگەڵ دەوڵەت، بەواتای تایبەتی وشەکە، واتا لەگەڵ دەزگایەکی تـایبەتی بـۆ سەرکوتکردنی چینێک بەدەست چینێکی تر و ئەویش زۆربە بەدەسـتی کەمـایەتی. ئاسـاییە بـۆ سـەرکەوتن لە کـارێکی وەک سـەروکوتکردنی سیستمانیکی چەوسـێنەرانە بەدەسـتی کەمـایەتییەکی چەوسـێنەر، دوا رادە بێـدادی و دڕەنـدەیی پێویسـتە، دەریاکـانی خـوێن پێویسـتن، کە لەهەمـان رێگایشـەوە مرۆڤـایەتی رێگـای خـۆی لە دۆخـی کـۆیلەیەتی، کۆیلەتی زەوی، کۆیلەیەتی کرێگرتەیدا دەگرێتەبەر.

دواتر، لەکاتی **تێپەڕبوون** لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمـۆنیزم **هێشـتا** سـەرکوتکردن پێویسـتە، بەڵام ئیتـر ئەمە سـەرکوتکردنی کەمـایەتی چەوسێنەرە بەدەستی زۆربەی چەوساوەکان. دەزگای تایبەت، دەزگـای تـایبەتی سـەرکوتکردن، واتـا "دەوڵەت" **هێشـتا** پێویسـتە، بەڵام ئەمە دەوڵەتێکـی تێـپەڕە، ئیتـر ئەمە بە واتـا تـایبەتیەکەی دەوڵەت نیـیە، چـونکە سـەرکوتکردنی کەمـایەتییەکی چەوسـێنەر بەدەسـتی زۆربەی کۆیلەکانی کرێی **دوێنێ**، کـارێکە بەڕادەیەک ئەوەنـدە ئاسـان، سـادە و سروشـتییە کە بە بەهـای خـوێنێکی زۆر کەمتـر لە سـەرکوتکردنی راپەرینی کۆیلەکان، سێرفەکان، کرێکـارانی کرێگـرتە تەواو بـووە و بـۆ مرۆڤایەتی زۆر هەرزانتر تەواو دەبێـت. ئەم کـارە لەگەڵ بڵاوکـردنەوەی دیموکراسی لەگەڵ زۆربە زۆرەی دانیشـتوواندا دێـتەوە کە پێویسـتی بە بوونی **دەزگایەکی تایبەت** بۆ سەرکوتکردن، بەرەو لەناوچوون دەچێت.

ئاساییە کە چەوسێنەران بەبێ بوونی دەزگایەکی لەرادەبەردەر ئاڵۆز بۆ سەرکوتکردنی جەماوەر ناتوانن ئەو مەبەستە بهێننە دی، **بەڵام جەماوەر** بە بوونی "دەزگا"یەکی زۆر سادە و تەقریبەت بێ "دەزگا" و بێ دەزگایەکی تایبەت بەهۆی کارێکی سادەی **رێکخراوکردنی جەماوەری چەکدار** (بە کەمێک چوونە پێشەوە ئەتوانین بڵێین لە جۆری شوراکانی نوێنەرانی کرێکاران و سەربازان) ئەتوانرێت چەوسێنەران سەرکوت بکرێن.

سەرەنجام، تەنیا کۆمۆنیزمە کە بەگشتی دەوڵەت ناپێویست دەکات، چونکە ئیتر **کەسێک نەماوەتەوە بۆ** سەرکوتکردن، واتا ئیتر وەک **چینێک** و خەباتێکی سیستماتیک لەدژی بەشێک لە دانیشتووان "هیچ کەس بوونی نییە". ئێمە یۆتۆپیست نین و بە هیچ جۆرێک ئیمکان و ناچاری زیادەڕەوییانە لەلایەن **تاکەکان** و هەروەها پێویستی لەناوبردنی **ئەم جۆرە** زیادەڕەوییانە رەتناکەینەوە. بەڵام یەکەم، بۆ ئەم کارە دەزگایەکی تایبەت، دەزگایەکی تایبەت بۆ سەرکوتکرن پێویست نییە، چونکە ئەم کارە خودی جەماوەری چەکدار بە سادەیی و ئاسانییەکی وا ئەنجامی دەدەن، کە هەر کۆمەڵێک کە تاکە شارستانییەکان، تەنانەت لە کۆمەڵگای بۆرژوازی ئەمڕۆیشدا، بەشەڕهاتووەکان لەیەکتر جیا دەکەنەوە یان رێگای دەستدرێژی بۆ سەر ژنان نادەن. دووەم، ئێمە ئەزانین کە هۆکارە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکانی زیادەڕەووی، دەبێتە هۆی دەرچوون لە رێساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەبێتە چەوسانەوەی جەماوەر و پێویستی و هەژاریانەی ئەوان. بە نەهێشتنی ئەم هۆکارە سەرەکییە، بەناچاری

زیادەڕەوویەکـان رووە و "پوکـانەوە" دەچـن. ئـێمە نـازانین خێرایـی و تەدیجی ئەم کارە چۆن دەبێت، بەڵام ئەزانـین کە ئەم پوکـانەوەیە روو دەدات. لەگەڵ پوکانەوەی ئەم جۆرە زیادەڕەوویـانە، دەوڵەتـیش **بەرەو پوکانەوە دەچێت**.

مارکس بەبێ ئەوەی دووچـاری یۆتۆپیـا بێـت، بەشـێوەیەکی وردتـر ئەوەی پێناسەکردووە، کە ئەتوانرێـت **ئێستا** لەبـارەی ئەم ئاینـدەیەوە قسە بکرێت، ئەمە جیاوازی نێوان دەوران (ئاست، قۆنـاغ) خـوارەوە و سەرەوەی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە.

## ٣– یەکەمین دەورانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی

مـارکس لە "رەخــنە لە بەرنــامەی گۆتــا"دا، ئایـدیاکەی لاســال، ســەبارەت بەوەی کرێکــاران لە هەلــومەرجی سۆســیالیزمدا بەرهەمــی "تەواو" یان "سەرجەم بەرهەمـی کـار"ی خۆیـان دەبەن بـۆ خۆیـان، بە وردی رەتـدەکاتەوە. مـارکس دەریـدەخات کە دەبێـت لە کـۆی کـاری کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵکایەکدا رادەیەک وەک زەخیـرە، رادەیەک بـۆ گەشەپێدانی بەرهەمهێنان، قەرەبووکردنەوەی ئامێرە "سواوەکان"، هتـد و هەروەها لە کەرەستەی مەسرەفیش رادەیەک بۆ بوجەی بەڕێوەبردنی وڵات، قوتابخانەکـان، نەخۆشـخانەکان، چـاودێری بەسـاڵاچووان و هتـد بخرێتە لاوە.

مـارکس لە بـری دەربـڕینە لێـڵ و نـامەفهوم و گشـتییەکەی لاسـال ("سەرجەم بەرهەمـی کـار– هـی ئەو کرێکـارە") بە دەربڕینێکـی روون شیدەکاتەوە، کە کۆمەڵگای سۆسیالیستی چۆن ناچار دەبێت کاروبـارە

ئابوورییەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت. مارکس دەچێتە سەر شیکردنەوە و تاوتوێکردنێکی تایبەتی هەلومەرجی **ژیانی** کۆمەڵگایەک کە لەودا سەرمایەداری بوونی نابێت، لەم بارەوە دەڵێت:

"لێرەدا" (لەکاتی لێکۆڵینەوەی بەرنامەی حیزبی کرێکار) "ئێمە سەروکارمان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا کۆمۆنیستییەدا نییە، کە لەسەر بنەمایەکی تایبەتی خۆی **گەشەی کردبێت**، بەڵکو لەگەڵ ئەو جۆرە کۆمەڵگایەیە کە تازە لە هەناوی هەمان کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە **سەرهەڵدەدات**، لەبەر ئەوە لە هەر ساتێکدا، لە لایەنی ئابووری، ئاکاری و هونەرییەوە هێشتا مۆر و نیشانەی ئەو کۆمەڵگا کۆنەی پێوەیە کە لە هەناوییەوە سەریهەڵداوە."

مارکس ئەم کۆمەڵگا کۆمۆنیستییەی کە تازە لە هەناوی سەرمایەدارییەوە پەیدا بووە و لەهەموو لایەکەوە مۆر و نیشانەی کۆمەڵگا کۆنەکەی پێوەیە ناو دەنێت "یەکەمین"دەوران یان دەورانی خوارەوەی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی.

ئێستا ئیتر هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەژێر دەستی تایبەتی تاکەکان دەرکێشراوە. هۆیەکانی بەرهەمهێنان هی سەرجەم کۆمەڵگایە. هەر یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا، کە بەشێکی دیاریکراو لە کاری پێویستی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدات، بەڵگەیەک لە کۆمەڵگا وەردەگرێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەوەندە رادەی کاری ئەنجامداوە و بەگوێرەی ئەم بەڵگەیە لە خەزێنە کۆمەڵایەتییەکاندا کەرەستەی مەسرەفی

بەرادەی بەرهەمــی کــارەکەی وەردەگرێــت. کەواتە لەدوای دانــانی ئەو رادەیە لە بەرهەمــی کــارەکە، کە بــۆ زەخیــرەی کــۆمەڵایەتی دەخــرێتە لاوە، هەر کرێکارێـــک لە کۆمەڵگـــادا هەمـــان رادە وەردەگرێـــت، کە داویەتییە کۆمەڵگا.

گوایە "یەکسانی" باڵادەستە.

بەڵام کاتێـــک لاســـال بە لەبەرچـــاوگرتنی ئەو جـــۆرە سیســـتەمە کۆمەڵایەتییە (کە بەگشتی پێـی دەوترێـت سۆسـیالیزم، بەڵام مـارکس پێی دەڵێت یەکەمین دەورانی کۆمۆنیزم) دەڵێت ئەمە "دابەشکارییەکی عــادیلانە" و "مــافی یەکســانی هەر تاکێــک بــۆ وەرگرتنــی بەرهەمــی یەکسانی کار"ە، تووشی هەڵە دەبێت و مارکس هەڵەکە ڕووندەکاتەوە.

مــارکس دەڵێــت لە واقیــع دا لێــرەدا لەگەڵ "مــافی یەکســان"دا بەرەوڕووین، بەڵام ئەمە هێشـتا یەک "مـافی بـۆرژوازی"یە، کە وەک هەر مافێکی تر **هەڵگری نایەکسانییە**. هەر مافێک بـریتییە لە بەکارهێنـانی رادیەکی یەکسان لە بەرامبەر ئەو تـاکە **جۆراوجـۆرانەی**، کە بەکـردەوە یەکسان نەبوون و لەگەڵ یەکتـردا یەکسـان نـین، لەبەر ئەمەش "مـافی یەکسـان" خـۆی نایەکسـانی بـووە و نـا عەدالەتیـیە. لە راسـتیدا هەر کەسێک بەشێک لە کاری کۆمەڵایەتی یەکسان بە بەشێکی تـر، ئەنجـام دا، بەشێکی یەکسان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی (لەدوای دانانی ئەو پێوانەیەی ئاماژەی بۆ کرا) وەردەگرێت.

بەڵام جەمــاوەر وەک یەک نـین، یەکێـک بەتوانـاترە، یەکێکـی تـر بێتوانا، یەکێک خێزاندارە، ئەوی تر نییە، یەکێک منداڵی زیاتر هەیە و ئەوی تر کەمتر و ئاوا.

ماركس ئەم ئەنجامگیرییە دەردەکێشێت: ..."لەگەڵ بوونی کاری یەکسان و هەروەها لەگەڵ بوونی هاوبەشی یەکسانانەی تاکەکان لە زەخیرەی کۆمەڵایەتی مەسرەف، لە راستیدا یەکێک لەوەی تر زیاتری وەرگرتووە و دەوڵەمەندتر دەبێت و بەم جۆرە. بۆ خۆپاراستن لەم کارە، لەبری ئەوەی مافەکان یەکسان بن، دەبێت نایەکسان بن"...

چونکە یەکەمین دەورەی کۆمۆنیزم هێشتا ناتوانێت عەدالەت و یەکسانی دابینبکات: جیاوازی لە ساماندا دەمێنێتەوە و ئەم جیاوازییە ناعەدیلانەیە، بەڵام **چەوسانەوەی** تاکێک لەلایەن تاکێکی ترەوە نامومکین دەکات، چونکە ناتوانرێت هۆیەکانی بەرهەمهێنان واتا کارگە، ئامێر، زەوی و هتد بکرێنە موڵکی تایبەتی. مارکس هاوکاتی سەلماندنی پوچی دەربڕینە نامەفهومە وردە بۆرژوازییەکانی لاسال لەبارەی "یەکسانی" و "عەدالەت" **بەگشتی رەوتی گەشەکردنی** کۆمەڵگای کۆمۆنیستی خستۆتە روو، دەڵێت ئەم کۆمەڵگایە **ناچارە** سەرەتا **تەنیا** ئەم "ناعەدالەتییە"ی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەژێر دەستی تاکە جیاجیاکاندایە نەهێڵێت و ئەم کۆمەڵگایە **ناتوانێت** دەمودەست ناعەدالەتییەکەی دواتریش نەهێڵێت، کە بریتییە لە دابەشکردنی کەرەستە مەسرەفییەکان، "بەگوێرەی کار" (نەک بەگوێرەی پێویستی).

ئابووریناسە نزمەکان، لەجۆری پرۆفیسۆرە بۆرژوازییەکان و لەوانەش توگانی "ئێمە" بەردەوام سەرزەنشتی سۆسیالیتەکان دەکەن، کە گوایە مەسەلەی نایەکسانیان فەرامۆشکردووە و "لەبیری ئەوەدان" ئەم نایەکسانە لەناوبەرن. سەرزەنشتێکی لەو جۆرە، وەک دەیبینین،

تەنیا دوارادەی نەزانینی جەنابانی ئایدیۆلۆژیستەکانی بۆرژوازی دەسەلمێنێت.

مارکس نەک هەر بەشێوەیەکی زۆر ورد نایەکسانی ناچاریانەی تاکەکان لەبەرچاو دەگرێت، بەڵکو ئەم پرسەشی لە بیرە کە تەنیا بوونی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە موڵکی گشتیی سەرجەم کۆمەڵگا (یان بە دەربڕینێکی باوتر، "سۆسیالیزم") هێشتا کەموکوڕییەکانی دابەشکردن و هەروەها نایەکسانی "مافی بۆرژوازی" **هەروەک خۆیانن دەمێننەوە، لەناونابات**، چونکە دەستکەوتەکان "بەگوێرەی کار" دابەشدەکرێن، .

مارکس درێژەی پێدەدات و دەڵێت: ... "بەڵام ئەم کەموکوڕیانە لە لە یەکەمین دەورانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا، واتا پێکهاتەیەی کە ئەم کۆمەڵگایە لەدوای ئازاری درێژماوەی لەدایکبوون، لە هەناوی کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە دێنە دەرەوە، بەناچاری دەمێننەوە. ماف هیچ کاتێک ناتوانێت بکەوێتە سەرووی سیستەمی ئابووری و ئەو گەشە فەرهەنگییەی کۆمەڵگا، کە ئەو وابەستەی ئەم کۆمەڵگایەیە"...

کەواتە لە یەکەمین دەورانی کۆمۆنیستیدا (کە بە گشتی پێی دەڵێن سۆسیالیزم) "مافە بۆرژوازییەکان" تەنیا تا رادەیەک هەڵدەوەشێنرێنەوە نەک بەتەواوی، تەنیا بەو رادەیەی کە گۆڕانکاری ئابووری بەدەستهاتوو رێگا دەدات، واتا تەنیا لە بوارەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان.دا "مافە ئابوورییەکان" هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە خاوەنداریێتی تایبەتی تاکەکان دەزانێت. سۆسیالیزم ئەم هۆیانە

دەگۆڕێت بۆ خاوەندارتێی **گشتی. لەم سنورەدا** - تەنیا لەم سنورەدا - "مافە بۆرژوازییەکان" ناهێڵدرێن.

بەڵام لە بەشێکی تردا وەک ڕێکخەر (دیاریکەر) دابەشکردنی بەرهەمەکان و دابەشکردنی کار لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دەمێنێتەوە. "ئەوەی کار نەکات نابێت بخوات"، ئەم بنەما سۆسیالیستییە لەم **کاتەدا ئیتر** هاتۆتە دی، "لەبەرامبەر کاری یەکسان، بەرهەمی یەکسان"، ئەم بنەما سۆسیالیستییەیش **لەم کاتەدا ئیتر** هاتۆتە دی. بەڵام ئەمە هێشتا کۆمۆنیزم نییە و هێشتا "مافە بۆرژوازییەکان" لەناو نەچوون، کە بە تاکە نایەکسانەکان لە بەرامبەر کاری نایەکساندا (لەراستید نایەکسان) بەرهەمێکی یەکسانیان پێدەدات.

مارکس ئەڵێت ئەمە "کەموکوڕی"یە بەڵام لە یەکەمین دەورانی کۆمۆنیستیدا کەموکورییەکی ناچارییە، چونکە بەبێ ئاڵودەبوون بە یۆتۆپیا ناتوانرێت وێنای ئەوە بکرێت، کە تاکەکان بە لەناوبردنی سەرمایەداری راستەوخۆ فێربن، کە **بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە پێوانەیەک** بۆ مافەکان، لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگادا کار بکەن، ئەگینا هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری **راستەوخۆ** پێداویستییە ئابووری گۆڕانکارییەکی **لەو جۆرە فەراهەم ناکەن**.

بەڵام بەدەر لە "مافە بۆرژوازییەکان" هیچ پێوانەیەکی تر بوونی نییە. لەم سنوورەیشدا پێویستی مانەوەی دەوڵەت وەک خۆی دەمێنێەوە، کە دەبێت هاوکاتی پاراستنی خاوەندارێتیی گشتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان، یەکسانی کار و یەکسانی دابەشکردنی

بەرهەمـــیش بپارێزێـــت، دەوڵەت بەرەو پوکـــانەوە دەڕوات، چـــونکە سەرمایەداری نەماوە، هیچ چینێک نەماوە، بۆیە ناتوانرێت هیچ **چینێک سەرکوت** بکرێت.

بەڵام هێشـتا دەوڵەت نەپوکـاتەوەتەوە، چـونکە پاراسـتنی "مـافە بۆرژواییەکان" کە دابینکەری نایەکسانییە واقیعییەکانە دەمێنێتەوە. بۆ پوکانەوەی دەوڵەت بە تەواوی ، پێویستی بە کۆمۆنیزمێکی تەواوە.

## ٤– دەورانی باڵای کۆمەڵگای کۆمۆنیستی

مارکس درێژەی پێدەدات:

"لە دەورانی سـەرەوەی کۆمەڵـگای کۆمۆنیسـتیدا، پـاش ئەوەی کۆتـایی بە ملکەچـی دیلیـانەی مـرۆڤ بـۆ دابەشـکردنی کـار دێـت، کاتێک بە تەنیشت ئەم بارودۆخەوە بەرامبەرکێی نێوان کاری فکری و بەدەنیش لەناو دەچێت، کاتێـک کـار، ئیتـر تەنیـا هەر هـۆیەکی بژێـوی نەبـووە، بەڵکـو خـۆی دەبێـتە یەکەمـین پێویسـتی ژیـانی مـرۆڤ، کاتێـک هاوشـانی گەشـەی هەمەلایەنەی تاکەکـان، هێـزە بەرهەرمهێرەکـانیش گەشـە دەکەن و کـۆی سـەرچاوەکانی سـامانی کـۆمەڵایەتی وەک لافـاو رێچکەدەگـرن، تەنیـا ئەو کـاتە ئەتوانرێـت بەسەر ئاسـۆی تەسـکی مـافە بۆرژوازییەکـان، لە هەمـوو لایەکەوە، ســـەرکەوێت و کۆمەڵگـــا ئەتوانێـــت لەســـەر پەرچەمەکەی خـــۆی بنووسـێت "لە هەر کەسـێکەوە بەگـوێرەی توانـاییەکەی، بـۆ هەر کەسێک بەگوێرەی پێویستییەکانی."

لە ئێســـتادایە کە ئەتـــوانین بە دروســـتییەکی تەواوەوە پەی بە وتەکـانی ئەنگلـس بەریـن، کە نـاعەقڵانیبوونی پێکهـاتی دوو وشـەی "ئـازادی" و "دەوڵەت" بێبەزەییـانە دەداتە بەر گـاڵتە. لەبەر ئەوەی دەوڵەت هەیە، ئازادی نییە، کاتێک ئازادی هەیە دەوڵەت نامێنێت .

پێگەی ئابووری پوکانەوەی دەوڵەت گەشەی بەرجستەی کۆمـۆنیزم بەو رادەیەیە، کە بەرامبەرکێی نێوان کاری فکری و بەدەنی، بەگوێرەی ئەمە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی نایەکسانی **کۆمەڵایەتی** ئێسـتا لەناودەچێت، ئەویش سەرچاوەیەک کە تەنیا بە گواسـتنەوە هۆیەکـانی بەرهەمهێنان بە خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی و تەنیا بە دەسـتبەردارکردنی سەرمایەداران ناتوانرێت دەستوبرد لەناوببرێت.

ئەم دەســـتبەردارکردنە **بـــواری** گەشـــەیەکی گەورە بـــۆ هێـــزە بەرهەمهێنەرەکان دەرەخسێنێت. کاتێک دەبینـین سـەرمایەداری ئێسـتا ئیتـر تـا چ رادەیەکـی چـاوەڕوان نەکـراو بـووەتە **رێگـر** لەبەردەم ئەو گەشەکردنەدا و لەسەر بنەمای تەکنیکێکی هـاوچەرخ کە ئێسـتا هەیە، بواری جێبەجێکردنی چەندان کاری زۆری بۆ بەرەو پێشـکەوتن ئەنجـام بدرێت، ئەوکات مـافی ئەوەمـان هەیە بە پشـت ئەسـتوربیەکی هەرچـی زیاترەوە بڵێین دەستبەردارکردنی سەرمایەداران بەناچـاری گەشـەیەکی گەورە بـــۆ هێزەکـــانی بەرهەمهێنـــانی کۆمەڵگـــای مرۆڤـــایەتی فەراهەمـدەکات. بەڵام ئەوەی کە ئەو گەشـەی ئامـاژەی بـۆ کـرا، بە چ خێـراییەک بەرەوپێشـەوە دەچێـت و کەی دەبێـتە هـۆی نەهشـێتنی دابەشبوونی کار، لەنـاوچوونی بەرامبەرکێـی کـاری فکـری و بەدەنـی و

گۆڕینی کار بە "یەکەمین پێویستی ژیان"، مەسەلەیەکە ئێمە نایزانین و **ناتوانین** بیزانین.

هەر بەم جۆرەش ئێمە ئەو مافەمان هەیە، تەنیا لە بارەی حەتمییەتی پوکانەوەی دەوڵەتەوە قسە بکەین و درێژەکێشانی ئەم پرۆسەیە و پەیوەستبوونەکەی بە خێرایی گەشەی **دەورانی بالآی** کۆمۆنیزم بخەینە روو و پرسی بەڵێندان یان شێوە تایبەتمەندییەکانی ئەم پوکانەوەیە تەواو بە وەڵام نەدراوەیی بهێڵینەوە، چونکە هیچ بەڵگەیەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسانە **بوونیان نییە**.

دەوڵەت کاتێک ئەتوانرێت بە تەواوی بپوکێتەوە، کە کۆمەڵگا پرەنسیپی "لە هەر کەسێکەوە بەگوێرەی تواناییەکەی، بۆ هەر کەسێک بەگوێرەی پێویستییەکانی" خرابێتە بواری جێبەجێکردنەوە، واتا کاتێک تاکەکان ئەوەندە لەگەڵ پێڕەویکردن لە رێسا بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی راهاتبێتن و کارەکانیان ئەوەندە بەهرەبەخش بێت، کە خۆبەخشانە **بەپێی تواناییان** کار بکەن .

"ئاسۆی بەرتەسکی مافە بۆرژوازییەکان" کە تاکەکان ناچار دەکات پەشۆک و ماندووانە، بە وەرزییەوە سەرقاڵی ئەژمارکردنی ئەوە بن نیو سەعات زیاتر لەوەی تر کار نەکەن یان کەمتر لەوەی تر کرێ وەرنەگرن. ئەم ئاسۆ بەرتەسکە لەو کاتەدا ئیتر پشتگوێ دەخرێت. دابەشکردنی بەرهەمەکان لەو کاتەدا پێویستی بە بەشکاری لەلایەن کۆمەڵگاوە نابێت، هەر کەسێک ئازادانە "بە گوێرەی پێویستییەکەی" لێی دەبات.

له روانــــگەی بــۆرژوازییەوە، ئەکرێــت بە ئاســـانی پێکهـــاتێکی کــــۆمەڵایەتی لەو جـــۆرە بە "یۆتۆپیـــــای تەواو" ناوببرێـــــت و بە زەردەخەنەیەکەوە بوترێت سۆسیالیستەکان پەیماندەدەن، کە هەموو کەسێک ئەو مافەی هەیە بێ هیچ جۆرە کۆنترۆڵێکی کارەکانیان، چەندی بوێت لە شکولاتە، سەیارە، پیانۆ و هتد لە کۆمەڵگای وەربگرێت. زۆربەی "زانایان"ی بۆرژواز تائێستایش بەم زەردەخەنەیەوە ئۆباڵی خۆیان بەتاڵدەکەنەوە و بەم کارە، هەم بێئاگایی خۆیان و هەم بەرگرییەکی ئامانجەرانەی خۆیان لە سەرمایەداری دەخەنە دەردەبڕن.

بێئاگایی- چونکە بە بیری هیچ سۆسیالیستێکدا نەهاتووە "پەیمان" بدات دەورانی باڵای گەشەی کۆمۆنیزم دەستوبرد دێتە دی و **پێشبینی** سۆسیالستە گەورەکان لەبارەی زوو هاتنی ئەو دەورانەوە، مەرجی جێبەجێکردنەکەی نە بەهرەکێشی ئێستای کارە و نە تاکی ئاسایی **ئێستا** کە ئەتوانێت، هاوشێوەی خوێندکارەکەی داستانی "بێهودە"ی پۆمیالۆفسکی"تەنیا بۆ خۆشی" زیان بە خەزێنەی سامانی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت و داوای شتی مەحاڵ بکات.

تـــا ئەو کـــاتەی کە دەورانـــی "بـــاڵا"ی کۆمـــۆنیزم نەهـــاتووە، سۆسیالیستەکان خوازیاری ئەوەن، کە لەلایەن کۆمەڵگا و لە **لایەن دەوڵەتەوە** کار و رادەی بەکاربردن **بەتوندترین جۆر** کۆنترۆڵبکرێت و دەبێت تا دواین رادە ئەم کۆنترۆڵە لە دەستبەردارکردن و ژێر کۆنترۆڵنانی سەرمایەداران لەلایەن کرێکارەوە بەرێبخرێت و لەلایەن **دەوڵەتی کرێکارانی چەکدارەوە** جێبەجێ بکرێت، نەک لەلایەن دەوڵەتی فەرمانبەران.

بەڵام، بەرگــری ئامانجــدەرانەی ئایدیۆلۆژیســتەکانی بــۆرژوا (و شـــــەریفەکەیان، لەوانە تســـــیرێتیلییەکان، چێرنۆڤییەکـــــان و هاوبەشەکانیان) لە سەرمایەداری، تەنیا بریتییە لەوەی کە بێنوبەردە و گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئاییندەیەکی دوورە دەست بخەنە جێگای پرســـە دەســـتوبردن و هەنوکەییەکـــانی ئێســـتای سیاســـەتی رۆژ: دەستبەردارکردنی سەرمایەداران، گۆڕینی **سەرجەم** تاکەکانی وڵات بۆ کـارکەران و خزمەتگـوزارانی "ســەندیکا"**یەکـی** گەورە، واتـا ســەرجەم دەوڵەت و بەســتنەوەی ســەرجەم کـاری هەمـوو ئەم ســەندیکایانە بە دەوڵەتـی واقیعـیەن دیموکراتیـک، واتـا **بە دەوڵەتـی شورای نوێنەری کرێکاران و سەربازان**.

لە راستیدا کاتێک پرۆفیسۆرێکی شارەزا و بەدوای ئەودا کەسێکی ئاسایی و بەدوای ئەودا جەنابانی تسیرێتیلییەکان، چێرنۆڤییەکان و لە پۆتۆپیـا شـێتانەکەیی و ئەو بەڵێنـانە فرێـودەرانەی بەلشـەفیکەکان و قسەکردن لەبارەی "خستنەکار"ی سۆسیالیزم، مەبەستیان هەموو ئەو دەورانە یـان دەورانـی بـاڵای کۆمـۆنیزمە، کە هـیچ کەسـێک پەیمـانی "خســتنەکار"ی نەداوە و بیریشــی لێنەکـردووەتەوە، چـونکە بەگشــتی "بەکارخستن"ی مەحاڵە.

لێرەدا ئێمە گەیشـتینە هەمـان بـابەتی جیـاوازیی زانسـتی نێـوان سۆســیالیزم و کۆمــۆنیزم، کە ئەنگلــس لە ئەرگــۆمێنتە نــاوبراوەکەی خۆیدا سەبارەت بە نادروستبوونی ناوی "سۆسیال دیموکرات" ئامـاژەی پێداوە. لەلایەنی سیاسییەوە، لەوانەیە جیاوازی نێوان دەورانـی یەکەم یان خوارەوە و دەورانی بـاڵای کۆمـۆنیزم بە تێپەڕبـوونی کـات بـووەتە

جیــــاوازییەکی گەورە، بەڵام تائێســــتا لە قۆنــــاغی ســــەرمایەداریدا پشتڕاســتکردنەوەی ئەم خــاڵە هەزەلیــیە و دانــانی لە ریــزی یەکەمــی کارێــک، کە تەنیــا لە توانــای هەنــدێک لە ئانارشیســتەکاندایە (ئەویــش ئەگەر هێشــتا لە نێــوان ئانارشیســتەکاندا کەســانێک هەبــن، کە لەدوای گـــۆڕینی "پلیخانۆفیـــانە"ی کروپـــوفکینس، گـــراڤە، کـــارنیلیزن و "ئەستێرەکان"ی ئانارشیزم بە سۆسیال شۆڤێنیزم یــان بە ئانارشیســتە سەنگەرنشــینەکان (ئەم دەســتەواژەیە هــی "گــێ"یە، کە بەشــێکن لەو ئانارشیست دەگمەنانەی ویژدان و ئابڕووی خۆیــان پاراســتووە) دیســان هیچ فێر نەبووبێتن.

بەڵام جیاوازی زانســتی نێــوان سۆســیالیزم و کۆمــۆنیزم ئاشــکرایە. ئەوەی بە گشــتی پێــی دەڵــێن سۆســیالیزم، مــارکس نــاوی دەنێــت "یەکەم" یــان خــوارەوەی کۆمەڵگــای کۆمۆنیســتی. لەو شــوێنەوە کە هۆیەکــانی بەرهەمهێنــان دەبــنە مــوڵکی **گشــتی**، هەر بــۆیە لێرەیشــدا وشەی "کۆمۆنیزم" ئەتوانرێت بەکار بهێنرێت، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەوە فەرامۆشــنەکرێت، کە ئەمە کۆمــۆنیزمێکی تەواو **نییە**. گرنگــی گەورەی روونکردنەوەکــانی مــارکس لەمەدایە، کە ئەو لێــرەدا هەم دیــالەکتیکی ماتێریالیســـتی، واتـــا تیـــۆری گەشـــەکردن، بەجـــۆرێکی وا پـــایەدار بەکاردەهێنێـــت و کۆمـــۆنیزم وەک شـــتێک کە گەشـــەکردنەکەی لە ســـەرمایەدارییەوە دەســـتپێدەکات، شـــیدەکاتەوە. مـــارکس لە بـــری پێناســـەیەکی سکولاســـتیکی هێنـــراو و "داهێنـــراو" و بێنـــوبەردەیەکی بێســـود لەســـەر وشـــەکانی ("سۆســـیالیزم چیـــیە؟ کۆمـــۆنیزم چیـــیە؟)

شیکردنەوە و تاوتویێ بۆ شتێک دەکات، کە ئەتوانێت ناوی لێبنرێت ئاستەکانی گەشەی ئابووریی کۆمۆنیزم.

کۆمۆنیزم لە یەکەمین دەورانی خۆیدا یان لە یەکەمین ئاستی خۆیدا هێشتا **ناتوانێت** لەلایەنی ئابوورییەوە بەتەواوی گەشەیکردبێت و بە تەواوی لە عادەت و کاریگەری سەرمایەداری دابڕابێت. لێرەدایە ئەم دیاردە سەرنجڕاکێشە کە لە یەکەم دەورانی کۆمۆنیزمدا "ئاسۆی بەرتەسکی مافی بۆرژوازی" دەمێنێتەوە. دیارە مافی **بۆرژوازی** لەبارەی دابەشکردنی بەرهەمە مەسرەفییەکان، بەناچاری پێویستی بە **دەوڵەتی بۆرژوازیشە**، چونکە ماف بەبێ دەزگایەک کە بتوانێت **تاکەکان ناچار بکات** پێڕەوی لە پێوانەی مافییەکانی بکات، لە حوکمی نەبوودایە.

ئەنجامی بەدەست هاتوو ئەوەیە، کە لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا، نەک هەر مافی بۆرژوازی بەڵکو دەوڵەتی بۆرژوازیش تا ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، مانەوە بەبێ بۆرژوازی!

لەوانەیە ئەم وتەیە وەک پارادۆکسێک یان تەنیا جۆرێک یاری دیالەکتیکیانەی بیر بێتە بەرچاو، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە تاکەکان، بە ئەندازەی سەرە دەرزییەک ئەرکی لێکۆڵینەوەی ناوەڕکە زۆر قووڵەکەی مارکسیزمیان هەڵنەگرتووە، بە گشتی مارکسیزم بەوە تاوانبار دەکەن.

بەڵام لە راستیدا، هەر هەنگاوێکی ژیان چ لە زانستی سرووشتی و چ لە کۆمەڵگادا، پاشماوەی کۆنەمان لەوەی کە نوێیە پیشان دەدات. مارکسیش هەڕەمەکیانە پارچەیەک لە مافی "بۆرژوازی" لە کۆمۆنیزمدا جێنەکردووەتەوە، بەڵکو ئەو شتەی وەک سەرچاوە وەرگرتووە، کە لە

لایەنــی ئــابووری و سیاســییەوە لە کۆمەڵگــایەک کە **لە هەنــاوی** سەرمایەدارییەوە سەریهەڵداوە، ناچارییە.

دیموکراسی لە خەباتێکدا کە چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداران لە پێنــاوی رزگــاری خۆیــدا دەیکــات، گرنگییەکــی زۆری هەیە. بەڵام دیموکراســی بە هــیچ شــێوەیەک ئەو ســنوورە نیــیە کە نەتوانرێــت تێپەڕێنرێت، بەڵکو تەنیا قۆناغێکە کە لە تێپەڕبوونی فیودالیزم بۆ سەرمایەداری و لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم هەیە.

دیموکراســی واتــا یەکســانی. ئاشــکرایە کە خەبــاتی پرۆلیتاریــا لە پێنــاوی ئــازادی و شــیعاری یەکســانی، ئەگەر واتــایەکی دروســتی وەک لەناوبردنی چینەکانی بۆ دابنێین، هەڵگری چ بەهــایەکی گەورەن. بەڵام دیموکراسی تەنیا بریتییە لە یەکسانییەکی **رواڵەتی**. راستەوخۆ لەدوای کردەوەبــوونەوەی یەکســانی هەمــوو تاکەکــانی کۆمەڵگــا **بەنیســبەت** خاوەنــدارێتی هۆیەکــانی بەرهەمێنــانەوە، واتــا یەکســانی لە کــار و یەکسانی لە کرێدا، بەناچاری ئەم پرسە دەکەوێتە بەرامبەر مرۆڤــایەتی کە تێپەڕین لە یەکسانی رواڵەتییەوە بۆ یەکســانی واقیعــی، واتــا کــاتی جێبەجێکردنــی ئەو بنەمــایە بگــات، کە دەڵێــت: "لە هەر کەســێکەوە بەگوێرەی تواناییەکەی، بــۆ هەر کەســێک بەگوێرەی پێویســتییەکانی". ئێســتا مرۆڤــایەتی لە چ قۆناغێــک و بە بەجێهێنــانی چ هەنگــاوێکی کردەوەیــی لە رێگــای گەیشــتن بەم ئامــانجە گەورەیە هەنگــاو دەنێــت، مەســەلەیەکە ئــێمە نــایزانین و نــاتوانین بیــزانین. بەڵام گرنــگ روونکــردنەوەی ئەم خــاڵەیە، کە گومــانی ســەرەکی بــۆرژوازی لەبــارەی ئەوەی کە گــوایە سۆســیالیزم شــتێکی مــردووە، بــووەتە بەســتەڵک و

هەرگیز ناگۆڕێت، تا چ رادەیەک درۆیەکی زەقە، چونکە لە راستیدا **تەنیا** لە سۆسیالیزمدایە کە پێشرەوییەکی خێرا، راستەقینە و بەراستی جەماوەری بە بەشداری **زۆربەی** جەماوەر و دواتر سەرجەم جەماوەر لە کۆی کاروبارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسیدا دەستپێدەکات.

دیموکراسی شێوەیەکی دەوڵەتە و یەکێکە لە جۆرەکانی، لەلایەکەوە بریتییە لە کاروباری توندوتیژی رێکخراو و سیسماتیک بۆ دژایەتی کەسەکان، بەڵام لەلایەکی ترەوە، دیموکراسی واتا پەسەندکردنێکی رواڵەتیانەی یەکسانی نێوان تاکەکان و مافی یەکسانی سەرجەم تاکەکان لە دیاریکردنی چۆنێتی پێکهاتەی دەوڵەت و کاروبارەکانیدا. ئەمەش بە گوێرەی خۆی، پەیوەندی بەم مەسەلەوە هەیە کە دیموکراسی لە ئاستێکی دیاریکراوی گەشەکردنیدا، یەکەم چینی شۆڕشگێڕی دژی سەرمایەداری، واتا پرۆلیتاریا، یەکگرتوو دەکات و بواری ئەوەی پێدەدات، دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی، تەنانەت کۆمارە بۆرژوازییەکەی و هەروەها سوپای هەمیشەیی، پۆلیس و دەزگای کارگێڕی تێکبشکێنێت، لەناوبەرێت، لەسەر لاپەڕەی رۆژگار بیسڕێتەوە و دەزگایەکی دیموکراتر جێگای بگرێتەوە، کە بەهەر حاڵ هێشتا دەزگایەکی دەوڵەتییە، وەک جەماوەرێکی چەکداری کرێکاری کە وردە وردە دەگۆڕێت بە بەشداری سەرجەم جەماوەر لە میلیشیادا.

لێرەدا "چەندایەتی دەگۆڕێت بە چۆنایەتی": دیموکراسی لەو ئاستەدا لە چوارچێوەی کۆمەڵگای بۆرژوازی دەردەچێت و گۆڕانە سۆسیالیستییەکەی دەستپێدەکات. ئەگەر بە راستی **هەموان** بەشداربن لە کاروبارەکانی دەوڵەتدا، ئیتر سەرمایەداری ناتوانێت

بمێنێـتەوە. گەشـەی سـەرمایەداریش بە گـوێرەی خـۆی **سـەرەتایەک** فەراهەمدەکات کە بە راستی "هەمووان" **بتوانن** بەشداری کاروبارەکـانی دەوڵەت بکەن. یەکێـک لەم سـەرەتایانە خوێنـدەواربوونی گشـتییە، کە هەر ئێسـتا لە ریزێـک لە پێشـکەوتووترین وڵاتە سـەرمایەدارییەکاندا جێبەجێبـووە و دواتـر "فێربـوون و دیسـپلین"ی ملیۆنـان کرێکـارە، کە لەلایەن دەزگـا گەورە، فـراوان و کۆمەڵایەتییەکـانی پۆسـت، رێگـای ئاسن، کـارگە گەورەکـان، بازرگـانی گەورە، بانکـداری، هتـد و هتـدەوە ئەنجام دەدرێن.

لەگەڵ فەراهەمبـوونی بنەمـایەکی **ئـابووری** لەو جـۆرە، بە تەواوی بـواری ئەوە دێـتە پێشـەوە بـێ دواکەوتـن و بە شـەوێک، بەم کـارە هەستن، کە کرێکارانی چەکدار و جەمـاوەری سـەراپا چەکـدار، لەدوای هێنـاخوارەوەی سـەرمایەداران و کاربەدەسـتە دەوڵەتییەکـان، شـوێنی ئەوان لە کاری **کۆنترۆڵی** بەرهەمهێنان، دابەشکردن، لە کاری **ژمێریاری** کـار و بەرهەمەکانیـدا بگـرنەوە. (نابێـت پرسـی کـۆنترۆڵ و ژمێریـاری لەگەڵ پرسـی کـادێری خـاوەن بڕوانـامە زانسـتییەکانی ئەنـدازیاری، شارەزایانی کشتوکاڵی و هتدا تـێکەڵا بکرێن، ئەم جەنابـانە کە ئەمـڕۆ ملکەچـانە کـار بـۆ سـەرمایەداری، سـبەی ملکەچـانە لەوە باشـتر بـۆ کرێکارانی چەکداری دەکەن).

ژمێریـاری و کـۆنترۆل- ئەمەیە ئەو خـاڵە **سـەرەکییەی** کە بـۆ " لەبارکردنی کار"ی **یەکەمین دەورانی** کۆمەڵگای کۆمۆنیستی و هەروەها بۆ رەوتی دروستی کارەکەی پێویستە. سەرجەم تاکەکانی وڵات لێرەدا دەبـنە خزمەتگـوزاری کرێخـۆری ئەو دەوڵـەتەی بـریتییە لە کرێکـارانی

چەکدار. **هەموو** تاکەکانی وڵات دەبنە یەک "سەندیکا"ی دەوڵەتی هەمووان. **سەرجەم** مەبەستی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەوان بە لەبەرچاوگرتنی دروستانەی پێوانەیەکی کاری یەکسان، هەم کار بکەن و هەم کرێیەکی یەکسان وەربگرن. حسابی کارەکە و کۆنترۆڵەکەی، تا دوایین رادە لەلایەن سەرمایەدارییەوە **سادەکراوەتەوە** و بە خستنەکارێکی زۆر سادەی چاودێری و تۆمارکردن، ئاگاداربوون لە چوار کاری سەرەکی و رەوانەکردنی ئەوراقە پەیوەستەکانی، کە هەر تاکێکی خوێنەوار ئەتوانێت پێیهەڵسێت.

کاتێک **زۆربەی** جەماوەر سەربەخۆیانە لە هەموو شوێنێکدا ئەم ژمێریاری و ئەم کۆنترۆڵەی سەر سەرمایەداران (کە لەو کاتەدا ئیتر بوونەتە خزمەتگوزار) و لە سەر جەنابی رۆشنبیران، کە عادەت و خوی قۆناغی سەرمایەداریان هێشتۆتەوە، بخەنە کار، ئیتر ئەم کۆنترۆڵە دەبێتە کۆنترۆڵێکی راستەقینەی گشتی، سەراپایی و سەرجەم جەماوەر و بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت لێی لابدرێت و "ناتوانرێت پەنا بۆ هیچ شوێنێک ببرێت."

سەراپای کۆمەڵگا لە ئاستی بنکە و کارخانەیەکدا دەبێت، کە یەکسانی کار و یەکسانی کرێی تێدا زاڵە.

بەڵام ئەم دیسپلینە "کارگە"ییە کە پرۆلیتاریا دوای سەرکەوتن بەسەر سەرمایەداران و لەناوبردنی چەوسێنەران، بە سەرانسەری کۆمەڵگادا بڵاویدەکاتەوە، بە هیچ شێوەیەک ئاوات و دوا ئامانجی ئێمە نییە. بەڵکو تەنیا **هەنگاوێکی** پێویستە بۆ بژارکردنی تەواوی کۆمەڵگا

لە ریسوایی، بێزاریی چەوسانەوەی سەرمایەداری و بۆ **بەردەوامبوونی** پێشڕەوی.

لەهەمان ئەو ساتەی کە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگا، یان لانیکەم زۆربەیان، خۆیان شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت فێردەبن، **خۆیان** جڵەوی ئەم کاروبارانە بەدەستەوە دەگرن، کاری کۆنترۆڵی سەر کەمایەتییەکی کەمی سەرمایەداران و جەنابانێک، کە دەیانەوێت عادەت و خوی قۆناغی سەرمایەداری بهێڵنەوە و کرێکارانێک کە سەرمایەداری سەراپا خراپیانیکردوون، هاوئاهەنگ دەکەن. لەم ساتەوە پێویستبوون بە هەر جۆرە بەڕێوەبردنێک بەرەو لەناوچوون دەچێت. بەهەر رادەیەک دیموکراسی کامڵتربێت، بەهەمانرادەیش ساتی ناپێویستی دیموکراسی نزیکتر دەبێتەوە. بەهەر رادەیەک ئەو "دەوڵەت"ەی لە کرێکارانی چەکدار پێکهاتووە و "ئیتر بە واتای تایبەتی وشەکە دەوڵەت نییە" دیموکراتیتر بێت، بەهەمان رادەیش **هەر جۆرە** دەوڵەتێک بە خێراییەکی زیاترەوە بەرەو پوکانەوە دەچێت.

کاتێک سەرجەم تاکەکان شێوازی بەڕێوەبەردنی کاروبارەکان فێربوون و بە واقیعی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی سەربەخۆیانە بەڕێوەبەرن، پرسی ژمێریاری، نووسراوەکان، کۆنترۆڵ بەسەر مفتەخۆران، جەنابزادەگان، جامبازەکان و لەم جۆرە "پارێزەرانەی سوننەتی سەرمایەداری" سەربەخۆیانە بەڕێوە ببەن، ئیتر بەناچاری ئەم فرپیودانە ژمێریاری و کۆنترۆڵە گشتییە بە شێوازێکی وا پێشبینینەکراو دژوار دەبێت، بە جۆرێک دەبێتە حاڵەتێکی دەگمەن، تا ناچار بەرەو رووی ئەو جۆرە سزا جدی و خێرایانە دەبێتەوە (چونکە

کرێکارانی چەکدار- کەسانی ژیانێکی کردارین، نەک وەک رۆشنبیرانی هەستیار، رێگا بە کەس نادەن تانەیان لێبدەن) کە **پێویستی** پێڕەوکردنی رێسا سادە و بنەڕەتییەکانی هەر ژیانێکی کۆمەڵایەتی زۆر زوو دەبێتە **بەشێک لە راهاتن**.

لەوێوە دەروازە بۆ تێپەڕبوون لە یەکەم دەورانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بۆ دەورانی باڵایی و لەهەمانکاتدا سەرجەم دەرگاکان بەڕووی پوکانەوەی دەوڵەتدا ئاوەڵە دەکرێن.

## بەشی شەشەم:
## بێبەهاکردنی مارکسیزم لەلایەن ئۆپۆرتۆنیستەکانەوە

پرسی هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی و هەڵوێستی شۆڕشی کۆمەڵایەتیش بەرامبەر بە دەوڵەت بەگشتی وەک پرسی شۆڕش، زۆر کەم سەرنجی تیۆریسین و نووسەرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم (١٨٨٩-١٩١٤) ی بۆ خۆی راکێشاوە. بەڵام بەرجەستەترین خاڵی ئەم پرۆسەیە، گەشەی تەدریجی ئۆپۆرتۆنیزم، کە لە ١٩١٤ دا ئینتەرناسیۆنالی دووەمی بەرەو هەڵوەشاندنەوە برد، بریتییە لەوەی کە لەکاتی پەیوەندییە راستەوخۆکەکانیشی بە پرسەکەوە، هەوڵدەدەن **چاوپۆشی لێبکەن**، یان خۆیانی لێدەرباز بکەن.

بەگشتی، ئەتوانرێت بوترێت کە **فریوخواردن** لەمەسەی پرسی هەڵوێستی شۆڕشی پرۆلیتەری بەرامبەر دەوڵەت، لە فریوخواردنێکەوە کە بۆ ئۆپۆرتۆنیزم بەکەڵکبووە و هێزی پێ بەخشیووە، **بەلارێدابردنی** مارکسیزم و بێبەهاکردنەکەیەوە سەریهەڵداوە.

بۆ ئەوەی ئەم پرسە نەفرەتییەمان خستبێتە روو، هەرچەندە بە کورتیش بێت، بەرجەستەترین تیۆریسینەکانی مارکسیزم، واتا پلیخانۆف و کاوتسکی لەبەرچاو دەگرین.

## ١-جەدەلی پلیخانۆف لەگەڵ ئانارشیستەکاندا

پلیخانۆف نامیلکەیەکی تایبەتی لەژێر ناوی "ئانارشیزم و سۆسیالیزم" کە لە ١٨٩٤ بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکردەوە، تەرخانیکردبوو بۆ پرسی هەڵوێستی ئانارشیزم بەرامبەر سۆسیالیزم.

پلیخانۆف زۆر وریایانە، ئەم بابەتەی بەجۆرێک شیکردووتەوە، کە لە بەگژاچوونەوەی ئانارشیزمدا لەو شتە بێدەنگ بێت، کە لە لایەنی رۆژبوون، هەنوکەیترە و لە لایەنی سیاسییەوە گرنگترە، واتا هەڵوێستی شۆڕش سەبارەت بە دەوڵەت و بەگشتی پرسی دەوڵەت! نامیلکەکەی ئەو لە دوو بەشدا خۆی دەخاتە روو: یەکەمیان لایەنێکی مێژوویی هەیە و پێکهاتووە لە چەند بابەتێکی گرنگ لەبارەی مێژووی ئایدیاکانی شتیرنیر، پرۆدۆن و هتد ، بەشەکەی تر، بەشێکی کورتبینانەیە لەگەڵ بەڵگەهێنانەوەیەکی بێ سەروبەر سەبارەت بەوەی، کە ئانارشیستەکان جیاوازیان لەگەڵ چەتەکاندا نییە.

رێکخستنی بابەتەکان بەشێوەیەکی زۆر سەرگەرمکەرانە، لە سەردەمی شۆڕش و لەماوەی دەورانی شۆڕشی روسیادا، یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە تایبەتەکانی کاری پلیخانۆف. لە راستیدا لە ساڵەکانی ١٩٠٥-١٩١٧، دا پلیخانۆف بەهەمان شێوازی خۆی، بە نیوە عەقایدی و نیوە کورتبینییەوە، کە لەخۆی دەربڕیووە، لە سیاسەتدا بەدوای بۆرژوازیدا هەنگاو دەنێت.

ئێمە بینیمان کە چۆن مارکس و ئەنگلس هاودەمی جەدەل لەگەڵ ئانارشیستەکاندا، بۆچوونەکانی خۆیان لەبارەی هەڵوێست بەرامبەر بە دەوڵەت زیاتر لە هەر شتێکی تر بە وردی دەخستە روو. ئەنگلس

کاتێــک لە ١٨٩١ دا "ڕەخـــنە لە بەرنــامەی گۆتـــا"ی مارکســـی بەچاپدەگەیاند، نووسی کە "ئێمە (واتا مارکس و ئەنگلس) لەو کـاتەدا کە هێشــتا دوو ســاڵیش بەســەر کـۆنگرەی لاهــای ئینتەناســیۆنالدا تێنەپەڕیبــوو، لە بێــنەوبەردەی ململانێــدا بــووین لەگەڵ بــاکۆنین و ئانارشیستەکانیدا."

ئانارشیســتەکان هەوڵــدەدەن، بەتــایبەت کۆمــۆنەی پــاریس، بە دەســتەواژەی "هــی خۆمــان" واتــا بە لایەنگـری دیکتــۆرینی خۆیــان رابگەیەنن و هاوکات بە هیچ شێوەیەک ئاماژەیان بە وانەکانی کۆمـۆنە، ئەزمــوون و شــیکردنەوەیەک نەکردبــوو، کە مــارکس لەم وانــانەوە دەریکێشابوو. ئانارشیزم لە بارەی پرسـە تایبەتەکـانی سیاسـەت، واتـا ئەوەی کە ئایا دەبێـت دەزگـای کـۆنی دەوڵەت **لەناوببرێـت**؟ **چ شـتێک** بخرێتە شوێنی؟ هیچ شتێکیان، کە تەنـانەت کەمێکـیش لە راسـتییەوە نزیک بێت، نەخستبووە ڕوو.

بەڵام قســەکردن لەبــارەی "ئانارشــیزم و سۆســیالیزم" و هاوکــات چاوپۆشـــیکردن لە ســـەرجەم پرســـی دەوڵەت و ســـەرنجنەدان لە سەرانســەری رەوتــی پــاراوبوونی مارکسـیزم لە دەورانــی پــێش و پــاش کۆمۆنەدا، بە واتای رۆچـوونێکی چاوەڕوانکراوە بـۆ نـاو ئۆپۆرتـۆنیزم. چونکە ئۆپۆرتۆنیزم پێش هەموو شـتێک پێویسـتی بەوەیە کە ئەو دوو پرسەی ئاماژەمـان بـۆ پێدان، بە هـیچ شـێوەیەک **نەخـرێنە** ڕوو. ئەمە **خۆی** سەرکەوتنی ئۆپۆرتۆنیزمە.

### ٢– جەدەلی کاوتسکی لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیستەکاندا

لە ئەدەبیاتی روسیدا، بێگومان زیاتر لەهەر ئەدەبیاتێکی تر، وەرگێڕان بۆ بەرهەمەکانی کاوتسکی کراون. بێهودە نییە هەندێک لە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا، بە گاڵتەوە دەڵێن لە روسیا زیاتر لە ئەڵمانیا نووسراوەکانی کاوتسکی ئەخوێنرێتەوە (دەبێت وەک رستەیەکی نارەزایەتی بڵێم، کە ئەم گاڵتەیە رەهەندێکی مێژوویی هەیە، زۆر لەوە قوڵترە، کە رەواجپێدەرەکانی بیری لێدەکەنەوە: کرێکارانی روسیا لە ١٩٠٥ دا مەیلێکی زۆر بەهێز و بێوێنەیان بۆ باشترین بەرهەمی ئەدەبیاتی سۆسیال دیموکراسی لە جیهاندا و بەدەستهێنانی ئەو کەمیەتییە لە وەرگێڕان و چاپی ئەو بەرهەمانە، کە لەوڵاتەکانی تردا نموونەی نەبوو، دەربڕی هاوکات زۆر بە خێرایی، ئەگەر بتوانرێت دەرببڕدرێت، ئەزموونێکی مەزنی وڵاتێکی پێشکەوتووی دراوسێ، زمینەی پرۆلیتاریای ئێمەی خستە لەرزە).

کاوتسکی، سەرباری شیکردنەکانی مارکسیزم بە زمانێکی سادە، بەهۆی جەدەلەکانی لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیستەکان و لەگەڵ برنشتایندا، کە دەکەوێتە سەرووو ئەوان، لای ئێمە زۆر ناسراوە. بەڵام راستییەک هەیە، کە تارادەیەک هیچ کەسێک لێی ئاگادار نییە و ئەگەر ئەرکی ئێمە تاوتوێکردنی ئەم بابەتە بێت، کە کاوتسکی لەکاتی ئەزمەی گەورەی ١٩١٤-١٩١٥ چۆن ئاڵودەی پەرێشانییەکی فکریی بێڕادە نەنگین بووە و کەوتە بەرگری لە سۆسیال شۆڤێنیزم، ئەوکات ناتوانرێت چاوپۆشی لەو راستییە بکرێت. ئەو راستییەش بریتییەی لەوەی، کە کاوتسکی پێش تێکۆشانەکەی خۆی دژی بەناوبانگرین

نـوێنەرانی ئۆپۆرتـۆنیزمی فەرەنسـا (میلیـران و ژوریـس) و ئەڵمانیـا (برنشتاین) رارایەکی زۆری دەربڕیووە. گۆڤاری مارکسیستی "زاریا" کە لە ١٩٠١-١٩٠٢ لە شـتوتگارت بڵاودەکـرایەوە و لایەنگـری بۆچـوونە شۆڕشگێڕییە پرۆلیتەرییەکان بوو، ناچاربوو لەگەڵ کاوتسکیدا بکەوێتە جەدەلەوە و لێبـــڕاوانە رارایـــی و وەهمەکـــانی ئەو لە کـــۆنگرەی نێـــونەتەوەیی سۆسیالیســـتیی پـــاریس، لە ١٩٠٠، کە هەڵوێســـتێکی ســـازانەی لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیزمـــدا هەبـــوو "پاشەکشـــێ" پێبکـــات. لە ئەدەبیـاتی ئەڵمانیـادا، چەنـد نـامەیەکی کاوتسـکی بڵاوکرابـووەوە، کە بەهەمان ئەو قورساییەوە، دڵەڕوکێکەی کاوتسکی، پێش دەستبردن بۆ بەگژاچوونەوەی برنشتاین، دەخاتەڕوو.

بەڵام ئەوەی بەهایەکی زیـاتری هەیە، ئەم خـاڵەیە کە ئێستا ئـێمە **مێـــژووی** دوایـــن خیانەتەکـــانی کاوتســـکی بەرامـــبەر مارکســـیزم تاوتوێدەکەین. دەبینین کە جەدەلەکەی ئەو لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیسـتەکان، هەروەها خسـتنەڕووی پرسـەکە لەلایەن ئەوەوە و شـێوازی گفتوگۆکـان لەسەر پرسـەکە، لادانێکـی سیسـماتیکە بەرەو ئۆپۆرتـۆنیزم لە پرسـی دەوڵەتدا.

با یەکەمین بەرهەمـی گرنگـی کاوتسـکی لەدژی ئۆپۆرتـۆنیزم، واتـا کتێبـــی "برنشـــتاین و بەرنـــامەی سۆســـیال دیمـــوکراتی" وەربگـــرین. کاوتسکی بۆچوونەکانی برنشـتاین بە شـێوەیەکی سـادە رەتـدەکاتەوە. بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی بەرجەستەیە.

برنشتاین لە بەرهەمەکەی خۆیدا بە ناوی "بنەماکانی سۆسـیالیزم " کە ناوبانگێکی هیروسـتراتی بە دەسـتهێنا، مارکسـیزمی بە "**بلانکیـزم**"

تۆمەتبـــــارکرد (ئەم تـــــۆمەتە لەوە بەدوا هەزاران جـــــار لەلایەن ئۆپۆرتۆنیســـتەکان و بـــۆرژوا لیبرالەکـــانی روســـیاوە لەدژی نـــوێنەرانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، واتا بەلشەفیکەکان، وتـراوەتەوە). لەم لایەنەوە برنشتاین بەتایبەت لەسەر نووسراوەکەی مارکس "جەنگـی نـاوخۆیی لە فەڕەنسا" دەوەستێت و هەوڵدەدات (هەوڵێک لەو جۆرەی کە بینیمان، ناسەرکەوتوو) بۆچوونەکانی مـارکس سـەبارەت بە وانەکـانی کۆمـۆنەی پـاریس لەگەڵ بۆچوونەکـانی پرۆدۆنـدا هاوتابکـات. سـەرنجی تـایبەتی برنشـتاین لەســەر ئەو ئەنجـامگیرییەی مارکســە، کە ئەو لە پێشــەکی ١٨٧٢ ی "مانیڤێسـتی کۆمۆنیسـت"دا لەسـەری رادەوەسـتێت، بـریتییە لەوەی کە "چینـی کرێکـار ناتوانێـت بەشـێوەیەکی سـادە دەزگـایەکی دەوڵەتـــی ئامـــاژە بەدەســـتەوەبگرێت و بـــۆ مەبەســـتەکانی خـــۆی بەکاریبێنێت."

ئەم گوتـارە بە رادەیەک لەلایەن برنشـتاینەوە "پەسـەند" بـوو، کە لانـیکەم لە کتێـبەکەی خۆیـدا سـێ جـار دووبـارەی دەکـاتەوە و هەر جارەی بەشێوەیەکی تەواو لادەرانە و ئۆپۆرتۆنیستی شیدەکاتەوە.

مارکس، وەک بینیمان، ئەیەوێت بڵێت، دەبێت چینی کرێکـار کـۆی دەزگـــای دەوڵەتـــی **لەناوبرێـــت، تێکیشـــکێنێت و بیتەقێنێـــتەوە** (Sprengung)، (تەقانـــــدنەوە: ئەم دەســـــتەواژەیە ئەنگلـــــس بەکاریهێنـاوە). بەڵام لە وتەکەی برنشـتاین وا دەردەکەوێـت کە گـوایە مارکس بەم وشانە چینی کرێکاری لەدژی شۆڕشـگێڕییەکی لەڕادەبەدەر لەسەرووبەندی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ئاگاداركردووەتەوە.

بێ سەروبەرترین و ناشیرینترین لادانێکە لە ئەندێشەکانی مارکسدا، کە تەنانەت شایەنی بیرلێکردنەوەش نییە.

بەڵام کاوتسکی کاتێک بۆچوونەکانی برنشتاین بەشێوەیەکی تەواو سەرپێی ڕەتدەکاتەوە، چۆن ڕەفتار دەکات؟

ئەو خۆی لە شیکردنەوەیەکی زۆر قوڵی بەلاڕێدابردنێک بواردووە، کە ئۆپۆرتۆنیزم لەم خاڵەدا خستویەتییە ناو مارکسیزمەوە. ئەویش ئەو بەشەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا. پێشەکییەک کە ئەنگلس بۆ کتێبی "جەنگی ناوخۆیی" مارکس نووسیویەتی وەک نموونە دەهێنێتەوە و ئەڵێت بەگوێرەی بۆچوونەکانی مارکس چینی کرێکار ناتوانێت بەشێوەیەکی سادە دەزگای دەوڵەتی ئێستا بەدەستەوە بگرێت، بەڵام بەگشتی ئەتوانێت دەستی بەسەرابگرێت. هەر ئەوەندە و بەس. لەم لایەنەوە کە برنشتاین ئەندێشەیەک دەخاتە پاڵ مارکس، کە **تەواو پێچەوانەی** ئەندێشە واقیعییەکەی ئەوە، لەم بارەیەوە کە مارکس لە ١٨٥٢ دا "لەناوبردن"ی دەزگای دەوڵەتی وەک ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتەری دەهێنێتە پێشەوە. سەبارەت بەمە کاوتسکی یەک وشەیشی نەوتووە.

ئەو ئەنجامەی لێوەی بەدەستدێت ئەوەیە، کە کاوتسکی گرنگترین جیاوازی نێوان مارکسیزم و ئۆپۆرتۆنیزمی لە پرسی ئەرکەکانی شۆڕشی پرۆلیتەری لەکەدارکردووە.

کاوتسکی "**دژی**" برنشتاین دەڵێت: "ئێمە ئەتوانین بە دان بەخۆداگرتن، چارەسەری پرسی پەیوەست بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بسپێرینە ئایندە" (ل ١٧٢، چاپی ئەڵمانی).

ئەم جەدەلە دژی برنشتاین نییە، بەڵکو لە راستیدا **گەڕانەوەیە** بۆ ئەو و خۆدانە دەست ئۆپۆرتۆنیزمە، چونکە بۆ ئۆپۆرتۆنیستەکان، لە ئێستادا جیا لەوەی سەرجەم پرسەکانی پەیوەست بە ئەرکی شۆڕشی پرۆلیتەری "بە دان بەخۆدا گرتن بەتەواوی بسپێردێتە ئاییندە" هیچ شتێکی تر پێویست نییە.

مارکس و ئەنگلس لە ١٨٥٢ تا ١٨٩١، واتا ماوەی ٤٠ ساڵ پرۆلیتاریایان فێردەکرد، کە دەبێت دەزگای دەوڵەتی لەناوبەرن. بەڵام کاوتسکی لە ١٨٩٩ لەبەرامبەر خیانەتێکی سەراپایی کە ئۆپۆرتۆنیستەکان لەم خاڵەدا لە مارکسیزمیان کردووە، ئەم پرسە کە ئایا لەناوبردنی ئەم دەزگایە پێویستە یان نا، بە پرسەکانی پەیوەست بە شێوازە تایبەتەکانی ئەو لەناوبردنە جێگۆڕکێ پێدەکەن و خۆیان لە پشت پەردەی رێسایەکی "بێ ئەم لاو لا" (و بێ بەرهەم) و کورتبینانەوە مەڵاس دەدەنن، گوایە ناتوانرێت پێشتر شێوە تایبەتییەکان دیاری بکرێن!!

کەلێنێکی قوڵ لە نێوان رێبازی مارکس و کاوتسکی بەرامبەر بە ئەرکەکانی حیزبی پرۆلیتەری لەبارەی ئامادەکارییەکانی چینی کرێکار بۆ شۆڕش، هەیە.

نامیلکەیەکی تر و پوختەتری کاوتسکی، کە ئەویش بە رادەیەکی زۆر تەرخانکراوە بۆ رەتکردنەوەی هەڵەکانی ئۆپۆرتۆنیزم. ئەم نامیلکەیە، پەیامی ئەوە لەبارەی "شۆڕشی کۆمەڵایەتی"یەوە. نووسەر لێرەدا پرسی "شۆڕشی پرۆلیتەری" و "رژێمی پرۆلیتەری" وەک قسەوباسێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لەبەرچاوگرتووە. نووسەر گەلێک

بـــابەتی زۆر، کە بێـــڕادە گـــرنگن، خســـتۆتە روو، بەڵام **بێـــدەنگەی** لە پرسی دەوڵەت **کردووە**. لە هەموو شوێنێکی ئەم نـامیلکەیەدا، تەنیـا و تەنیـــا قســـە لە بەدەســـتهێنانی دەســـەڵاتی دەوڵەتـــی دەکرێـــت، بەدەربڕینێکـی تـر، ئەو جـۆرە فۆرمـۆڵە هەڵبژێـردراوە، کە بەنسـیبەت ئۆپۆرتـۆنیزمەوە ئیمتیـازێکی تیـایە، چـونکە بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات بەبێ لەناوبردنی دەزگای دەوڵەتی بەکـارێکی **مـومکین دادەنێـت**. رێـک ئەو شـــتەی کە مـــارکس لە ١٨٧٢ دا لە بەرنـــامەی "مانیڤێســـتی کۆمۆنیست"دا بە "بەسەرچوو"ی دانابوو، کاوتسـکی لە ١٩٠٢ دا **گیـانی** بەبەردا دەکاتەوە.

لەم نامیلکەیەدا برگەیەکی تایبەت بۆ "شێوە و چەکەکانی شۆڕشـی کۆمەڵایەتی" تەرخانکراوە. لەودا، قسە هەم لە مانگرتنی سیاسی، هەم لە جەنگی نـاوخۆیی و هەم لە "ئـامرازی تونـدوتیژی دەوڵەتـی گەورەی هاوچەرخ، لە جۆری بیرۆکراسی و سوپا" کـراوە، بەڵام لەبـارەی ئەوەی کە کۆمۆنە چی فێری کرێکاران کردووە، یەک وشەیشی نەوتووە. دیارە بێ هۆ نەبووە، کە ئەنگلس، بەتایبەت لەبارەی "ستایشی خورافیـانە"ی دەوڵەتەوە هۆشداری ئەدایە سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا.

کاوتسکی بابەتەکە بەم جۆرە دەخاتە روو: پرۆلیتاریای سەرکەوتوو "بەرنامەی دیموکراتیک جێبەجێدەکات". دواتر کاوتسکی کەرەسـتەکانی ئەم بەرنـــامەیە دەخـــاتە روو. بەڵام لەبـــارەی ئەوەی کە ١٨٧١ دا چ شـتێکی تـازەی بـۆ پرسـی جێگـرتنەوەی دیموکراسـیی بـۆرژوازی بە دیموکراســـیی پـــرۆلیتەری داوە بەدەســـتەوە، هـــیچ شـــتێک ناڵێـــت.

کاوتسکی بەم بەهانە زیکە زیکەرە "بەهێز"انە یەخەی خۆی دەرباز دەکات:

"ئێستا، بێ ئەوەی هیچ بلێین روونە، کە ئێمە بە بوونی سیستەمی ئێستا ناگەینە دەسەلات. شۆڕش خۆی خەباتێکی دوورودرێژە و قوڵبوونەوەی هەیە، ئەم خەباتە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستای ئێمە دەگۆرێت."

گومانی تێدا نییە، ئەم پرسەش هەر وەک ئەو راستییەی، کە ئەسپ جۆ دەخوات و روباری ڤۆلگا دەرژێتە دەریای خەزرەوە "پێویست بە وتن ناکات". تەنیا ئەوە مایەی داخە، کە بە بەکارهێنانی دەربڕینێکی پوچ و ئالۆز لەبارەی خەباتی "قول"ی پرسێکەوە **بێدەنگەی** لێدەکرێت، کە بۆ پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ هەنوکەییە و ئەوەش کە ئەم "قول"یەی شۆڕشەکەی ئەو، سەبارەت بە دەوڵەت و دیموکراسی، بەپێچەوانەی شۆڕشە ناپرۆلیتەرییەکانی پێشوو، لە **چیدایە**؟

کاوتسکی بە بێدەنگەکردن لەم پرسە، **بەکردەوە**، لەم خاڵە زۆر سەرەکییەوە ئیمتیاز ئەبەخشێتە ئۆپۆرتۆنیزم، بەڵام **بەوتە** جەنگێکی قورس لەدژیان بەرپادەکات و پێداگری لە گرنگی "ئایدیای شۆڕش" دەکاتەوە (بەڵام لە حاڵەتی ترس لە پرۆپاگەندەی وانە تایبەتەکانی شۆڕش لە نێوان کرێکاراندا ئایا ئەم "ئایدیا"یە زۆر بە بەهایە؟) یان ئەوەی کە دەڵێت: "ئایدیالیزمی شۆڕشگێڕانە پێش هەموو شتێک" و

یـان ئەوەی کە رایـدەگەیەنێت ئێسـتا کرێکـارانی بەریتانیـا "قورسـە لە وردە بۆرژوازی زۆرتر"بن .

کاوتسـکی دەنووسـێت: "دەکرێـت لە کۆمەڵگـای سۆسیالیسـتیدا پێکهـاتەیەکی تەواو جۆراوجـۆر لە دامەزراوەکـان... لە پـاڵا یەکتـردا بوونیان هەبێت: بیرۆکراتیک، یەکێتییەکان، هاوبەش و تایبەت"... "بـۆ نمـوونە دامەزراوەیەک هەن کە بـێ پێکهـاتەی بیرۆکراتیـک کارەکانیـان بەرەو پێشەوە ناچێـت، رێگاکـانی ئاسـن لەم جـۆرەن. لێـرەدا لەوانەیە رێکخراوی دیموکراتیک ئەم شێوەیە بەخۆوە بگرێت: کرێکاران نوێنەران هەڵـدەبژێرن و نـوێنەران شـتێکی وەک پەرلەمـان پێکـدەهێنن و ئەم پەرلەمـانە رێکخسـتی کارەکـان دیاریـدەکات و چـاودێری بەرێـوەبەری دەزگـای بیرۆکراتیـک دەکـات. ئەتوانرێـت بەرێـوەبردنی کاروبـاری دامەزراوەکانی جۆری دووەمیـان بسـپێردرێتە یەکێتیـیە کرێکارییەکـان، ئەتوانرێت دامەزراوەکانی جـۆری سـێیەم لەسـەر بنەمـای هاوبەشـایەتی رێکبخرێن" (ل١٤٨، ١١٥، وەرگێرانی روسی، ١٩٠٣).

ئەم ئـارگیومێنتە هەڵەیە، لەچـاو ئەوەی مـارکس و ئەنگلـس لە حەفتاکانـدا، لەسـەر نمـوونەی وانەکـانی کۆمـۆنە روونیـانکردووەتەوە، هەنگاوێکە بۆ دواوە.

رێگاکـــانی ئاســـن لە روانـــگەی رێکخســـتنێکی ناچاریـــانەی "بیرۆکراتیــک"ەوە، لەگەڵ هــیچ یەکێــک لە بانکەکــانی پیشەســازی گەورەی ئامێر یان هیچ یەکێک لە کارگە و گەنجینە گەورەکـان و بـنکە کشـتوکالییەکانی سـەرمایەداری گەورەدا، جیـاواز نیـیە. تەکنیـک لە سەرجەمی ئەم جۆرە بنکـانەدا، پێـرەوی بـێ ئەم لاو لای دیسـپلینێکی

توند و دواجار وردی لە ئەنجامدانی ئەو بڕی کارەی بۆ هەر کەسێک دیاریدەکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی مەترسی لە لەکارکەوتنی هیچ کاروبارێک و خراپبوونی میکانیزم و بەرهەم نەیەتە پێشەوە. دیارە لە سەرجەم ئەم جۆرە بنکانەدا، کرێکاران "نوێنەرانێک هەڵدەبژێرن و نوێنەران **شتێکی وەک پەرلەمان** پێکدەهێنن."

رۆحی وشەکە لەمەدایە کە ئەم "شتێکی وەک پەرلەمان"، پەرلەمان بە واتای دامەزراوەی پەرلەمانی بۆرژوازی **نابێت**. رۆحی وشەکە لەمەدایە، کە ئەم "شتێکی وەک پەرلەمان" بەپێچەوانەی بۆچوونی کاوتسکی، کە بیری ئەو لە چوارچێوەی پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازی تێناپەڕێت، ئەرکەکەی **هەر ئەمە نابێت**، کە "رێکخستنی کارەکان دیارییبکات و چاودێری دەزگای بیرۆکراتی بکات". لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا "شتێکی وەک پەرلەمان" کە لە نوێنەرانی کرێکاران پێکهاتووە، دیارە "رێکخستنی کارەکان دیاریدەکات و "چاودێری" کارگێڕی "دەزگا"کە دەکات، بەڵام ئەم دەزگایە، ئیتر "بیرۆکراتیک" نابێت. کرێکاران لەدوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، دەزگای بیرۆکراتیکی پێشوو **لەناودەبەن**، لە رەگەوە دەریدەکێشن، بەردی بە سەر بەردەوە ناهێڵنەوە و دەزگایەکی نوێ دەخەنە شوێنی، کە لە هەمان کرێکاران و کارمەندان پێکهاتبێت و دەستوبرد لەدژی بیرۆکراتیبوونەکەی چەند کارێک دەکەن، کە مارکس و ئەنگلس بە وردی روونیانکردووەتەوە: ١- نەک هەر هەڵبژاردنبوونەکەی، بەڵکو هەموو کاتێک دەکرێت بگۆڕدرێن. ٢- پێدانی کرێیەک کە لە کرێی کرێکار تێپەڕ نەکات. ٣- دەستبردن بۆ کاری دەستبەجێ بۆ ئەوەی

کاروبارەکانی کۆنترۆڵ و چاودێری لە **هەمووان** پێیهەڵستن و **هەمووان** بەکاتی "بیرۆکراتیک"بن و بەم شێوەیە هیچ کەسێک نەتوانێت ببێتە "بیرۆکراتیک."

کاوتسکی بە هیچ شێوەیەک لەم وتانەی مارکس قوڵ نەبووەتەوە: "کۆمۆنە دامەزراوەیەکی پەلەمانی نەبوو، بەڵکو دامەزراوەیەکی چالاک و لە یەککاتدا هەم یاسادانەر و هەم جێبەجێکەری یاسا بوو."

کاوتسکی بە هیچ شێوەیەک پەی بە جیاوازی نێوان پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازی، کە پێکهاتێکە لە دیموکراسی (**نەک بۆ جەماوەر**) و بیرۆکراسی (**لەدژی جەماوەر**) و دیموکراتیزمی پرۆلیتەری کە دەستوبرد بۆ لەرەگەوە هەڵکێشانی بیرۆکراتیزم کار دەکات و ئەتوانێت ئەم کارانە تا کۆتاییەکەی، واتا تا لەناوبردنی تەواوی بیرۆکراتیزم و جێگیرکردنی تەواوێتی دیموکراسی بۆ جەماوەر بەرێت.

لێرەدا، کاوتسکی هەمان "ستایشی خورافیانە"ی دەوڵەت و هەمان "باوەڕی خورافیانە" بەرامبەر بە بیرۆکراتی دەخاتە روو.

ئێستا با بکەوینە دوای باشترین بەرهەمی کاوتسکی لەدژی ئۆپۆرتۆنیزم، واتا ناملیکەکەی ئەو "رێگای دەسەڵات" ( پێموایە بە زمانی روسی بڵاونەکراوەتەوە، چونکە لە ١٩٠٩ دا، کە کاتێک ئێمە لە مەنگەنەی کۆنەپەرستیدا بووین، چاپکراوە). ئەم ناملیکەیە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە، چونکە لەودا بە پێچەوانەی ناملیکەی ١٨٩٩ لەدژی برنشتاین، بەشێوەیەکی گشتیانە باسی بەرنامە شۆڕشگێڕانە نادەکات و هەروەها بەپێچەوانەی ١٩٠٢ "شۆڕشی کۆمەڵایەتی" لە ئەرکەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاتی هاتنەکە،

نادوێت، بەڵکو لەودا قسە لە هەلومەرجی تایبەت دەکات، کە هانمان ئەدات بڕوا بەوە بێنین "سەردەمی شۆڕشەکان" **هاتۆتەپێشەوە**.

نووسەر بە روونی ئاماژە بە توندبوونی ناکۆکییە چینایەتییەکان بە گشتی و بە ئیمپریالیزم دەکات، کە لەم لایەنەوە رۆڵێکی گەورە دەنوێنێت. لەدوای کۆتایهاتنی "دەورانی شۆڕشەکانی ١٧٨٩-١٨٧١" بۆ ئەورووپای رۆژهەڵات، لە ١٩٠٥ دەورەیەکی هاوشێوەی ئەوە بۆ رۆژهەڵات دەکەوێتە ڕێ. جەنگی جیهانی بە خێراییەکی مەترسیدار نزیک دەبێتەوە "پرۆلیتاریا ئیتر ناتوانێت لەبارەی شۆڕشی نادیارەوە بدوێت". "ئێمە چووینەتە ناو دەورانی شۆڕشەوە". "سەردەمی شۆڕش دەستپێدەکات."

ئەوانە دەربڕینێکی تەواو رۆشنن. ئەم نامیلکەیەی کاوتسکی دەبێت ببێتە کەرەستەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو خاڵەی کە پێش جەنگی ئیمپریالیستی لە حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیادا **چاوەڕوانی چی دەکرا** و کاتی تەقینەوەی جەنگ ئەم حیزبە (و لەوانەش خودی کاوتسکی) بەرەو چی قۆناغێکی رەزالەت داڕما. کاوتسکی لەو نامیکلە ناوبراوەدا نووسیویەتی کە "دۆخی ئێستا ئەم مەترسییەی هەیە کە ئێمە (واتا حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا) بە ئاسانی لەوە بەمیانڕەوتری دابنێین، کە لە راستیدا ئێمەی تێداین". دەرکەوت کە حیزبی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا لە راستیدا زۆر میانڕەوتر و ئۆپۆرتۆنیستر بوو لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا!

ئەوەی ئەم مەسەلەیە بەرجەستەتر دەکاتەوە، ئەمەیە کە کاوتسکی سەرباری ئەم روونییە لە بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە

دەستپێکردنی سەردەمی شۆڕشەکان، لە نامیلکەیەکدا کە بەگوێرەی وتەی خۆی تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی پرسی "شۆڕشی **سیاسی**"، دیسان پرسی دەوڵەت لەبەرچاو ناگرێت.

لە کۆی ئەم هەموو لەبەرچاونەگرتنانە، بێدەنگیانە و فریوخواردوانەدا بوو کە بەناچاری ئەو روو وەرچەرخانە تەواوییە بەرەو ئۆپۆرتۆنیزم سەریهەڵدا، کە دەبێت ئێستا لەبارەیانەوە بدوێین.

سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا، لەلایەن کاوتسکییەوە، گوایە رایگەیاندووە کە: من هەروا لەسەر بۆچوونە شۆڕشگێڕییەکانی خۆمم (١٨٩٩). من بەتایبەت حەتمییەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا پشتڕاست دەکەمەوە (١٩٠٩). بەڵام بەم هەموو بارودۆخەوە کاتێک پرسی ئەرکی شۆڕشی پرۆلیتەری بەرامبەر بە دەوڵەت دێتە پێشەوە، بە نیسبەت ئەوەی مارکس تەنانەت لە ١٨٥٢ دا وتویەتی، هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دەنێم (١٩١٢).

لە جەدەلی کاوتسکی لەگەڵ پانەکوک دا پرسەکە بە روونی بەهەمان شێواز خرابووە روو.

### ٣– جەدەلی کاوتسکی لەگەڵ پانەکوک

پانەکوک وەک یەکێک لە نوێنەرانی ئەو رەوتی "چەپی رادیکال"ەی کە رۆزا لوکزەمبورگ، کارل رادیک و هەندێکی تری تێدا بوو، دژ بە کاوتسکی وەستانەوە. رەوتی ناوبراو، کە بەرگریان لە تاکتیکی شۆڕشگێڕانە دەکرد، هەموویان هاوڕابوون لەوەی، کە کاوتسکی لە حاڵەتی وەرچەرخاندایە بەرەو هێڵی "ناوەند"، کە بێ هیچ پرەنسیپێک

له نێوان مارکسیزم و ئۆپۆرتۆنیزمدا دێت و دەچێت. جەنگ راستی ئەم بۆچوونەی سەلماند، چونکە لەسەروبەندی جەنگدا رەوتی "ناوەند" (کە بەهەڵە پێی دەوترا مارکسیزم) یان "کاوتسکیزم" پوچیە نەفرەتییەکەی خۆی بەتەواوی خستەڕوو.

پانەکوک لە وتاری "بزاوتی جەماوەری و شۆڕش "Neue Zeit (١٩١٢، ٣٠ـ ٢) کە لەودا قسە لە پرسی دەوڵەت کراوە، رێبازی کاوتسکی وەک رێبازێکی "رادیکالیزمی پاسیف" و "تیۆرییەکی چاوەڕوانی بێکردەوە " پێناسەکردووە. "کاوتسکی نایەوێت پرۆسەی شۆڕش ببینێت" (ل٦١٦) پانەکوک بەم جۆرە خستنەڕووەی بابەتەکە، لە پرسی ئەرکەکانی شۆڕشی پرۆلیتەری بەرامبەر بە دەوڵەت، کە جێگای سەرنجی ئێمەیە، نزیک بووەوە.

ئەو نووسی: "خەباتی پرۆلیتاریا بەشێوەیەکی سادە لەدژی بۆرژوازی **بەهۆی** بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییەوە نەبووە، بەڵکو خەباتێکە **لەدژی** دەسەڵاتی دەوڵەت... ناوەڕۆکی شۆڕش [ی پرۆلیتەری] بریتییە لە لەناوبردنی ئامرازەکانی هێزی دەوڵەت و لەناوبردنی [وەرگێڕانی لەفزی: هەڵوەشاندنەوە Auflösung] بەهۆی ئامرازەکانی هێزی پرۆلیتاریا...تەنیا ئەو کاتە خەبات رادەوەستێت کە لەناوبردنی تەواوی دامەزراوەی دەوڵەت، وەک دوایین ئامانج، جێبەجێکرابێت. رێکخراوی زۆربە، باڵادەستی خۆی لەو رێگای لەناوبردنی رێکخراوی کەمایەتی دەسەڵاتدارەوە جێگیر دەکات" (ل٥٤٨).

فۆرمۆڵێک کە پانەکوک بەهۆیەوە بۆچوونەکانی خۆی دەخاتە روو، کەموکوڕییەکی زۆری هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودی فکرەکە روونە و مایەی سەرنجە کە ببینین کاوتسکی **بە چ جۆرێک** رەتیکردوەتەوە.

ئەو دەنووسێت: "تا ئێستا بەرامبەرکێی نێوان سۆسیال دیموکراتەکان و ئانارشیستەکان لەمەدا بووە، کە یەکەمیان دەیانەوێت دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستبهێنن و دووەمیان دەیانەوێت لەناوی بەرن. پانەکوک، ئەمیش و ئەویشی ئەوێت" (ل٧٢٤).

ئەگەر پانەکورک بابەتەکە وەک پێویست روون و دیاریکراو ناخاتە روو (ئێمە لێرەدا دەربارەی کەموکورتی وتارەکەی نادوێین، چونکە پەیوەندی بە قسەوباسەکانەوە نییە) لە بری ئەوە کاوتسکی بەتایبەت ناوەڕۆکی پرەنسیپی ئەو مەسەلەیەی کە پانەکوک خستوویەتییە روو، لەبەرچاوگرتووە و **لەبارەی** پرسی **پرەنسیپێکی سەرەکییەوە** هەڵوێستی مارکسیزمی بەتەواوی خستۆتە لاوە و بە تەواوی بەرەو ئۆپۆرتۆنیزم وەرچەرخاوە. ئەو جیاوازی لە نێوان سۆسیال دیموکراتەکان و ئانارشیستەکان زۆر بە هەڵە پێناسە دەکات، بەتەواوی مارکسیزمی بەلارێدابردووە و بێبەهای کردووە.

جیاوازی نێوان مارکسیستەکان و ئانارشیستەکان لەمەدایە کە ١- یەکەمیان هاوکاتی ئەوەی لەناوبردنی سەراپای دەوڵەت دەکەنە ئامانجی خۆیان، پێیانوایە کاتێک ئەو ئامانجە دێتە دی کە شۆڕشی سۆسیالیستی چینەکان لەناوبەرێت و ئەنجامی ئەم کارەش بە جێگیربوونی سۆسیالیزم دەزانن، کە کارەکە بەرەو پوکانەوەی دەوڵەت

دەبات، دووەمیان خوازیاری لەناوبردنی دەوڵەتن بە شەوێک و لە هەلومەرجی پێویستی هەستان بەم کاری لەناوبردنە تێنەگەیوون. ٢- یەکەمیان ئەم کارە بە پێویست ئەزانن، کە پرۆلیتاریا دوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، دەزگای دەوڵەتی کۆنەش بە تەواوی لەناودەبەن و دەزگایەکی تازە، کە لە رێکخراوێکی کرێکارانی چەکدار پێکهاتبێت، وەک نموونەی کۆمۆنە، دەخەنە شوێنی، دووەمیان هاوکاتی ئەوەی لایەنگری لەناوبردنی دەزگای دەوڵەتن، بە تەواوی بۆیان روون نییە، کە پرۆلیتاریا **چ شتێک** دەخاتە شوێنی و **چۆن** کەڵک لە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە وەردەگرێت، ئانارشیستەکان تەنانەت کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی دەوڵەتی لەلایەن پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و دیکتاتۆری شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا رەتدەکەنەوە. ٣- یەکەمیان خوازیاری ئەوە پرۆلیتاریا لەرێگای کەڵکوەرگرتن لە دەوڵەتی هاوچەرخ بۆ شۆڕش ئامادەبن، ئانارشیستەکان ئەم کارە رەتدەکەنەوە.

لەم قسەوباسانەی دژ بە کاوتسکی، تەنیا پانەکوک نوێنەری مارکسیزمە، چونکە بەتایبەت مارکس بوو، کە ئەوەی فێردەکرد کە پرۆلیتاریا ناتوانێت بەشێوەیەکی سادە دەسەڵاتی دەوڵەت بەدەستەوە بگرێت، بەو واتایەی دەزگای دەوڵەتی کۆن بکەوێتە دەست کەسانێکی نوێوە، بەڵکو دەبێت ئەم دەزگایە لەناوببرێت، تێکبشکێنرێت و دەزگایەکی نوێ بخرێتە شوێنی.

کاوتسکی دەستبەرداری مارکسیزم دەبێت و روو دەکاتە ئۆپۆرتۆنیستەکان، چونکە لە وتەکانی ئەودا، بەتایبەت هەمان لەناوبردنی دەزگای دەوڵەتی کە بۆ ئۆپۆرتۆنیستەکان بەتەواوی

رەتکراوەیە، هەرگیز نابینرێت و بوارێک بۆ ئۆپۆرتۆنیستەکان دەکاتەوە تــا وەک کــارێکی ســادەی بەدەســتهاتووی زۆربە تەعبیــر لە وشــەی "بەدەستهێنان" بکەن.

کاوتســـکی بـــۆ داپۆشـــینی ئەو لادانەی کە لە مارکســـیزمدا خســـتویەتییە روو، توتیـــانە لە خـــودی مارکســـەوە دەکەوێـــتە "وتە هێنانەوە". لە ١٨٥٠ مارکس لەبارەی پێویستی "کۆکردنەوەی سەرجەم هێزەکـــان لە دەســـتی دەســـەڵاتی دەوڵەت"دا روونکردنەوەیەکـــی نووسیبوو، هەر بۆیە کاوتسکی زەفەربەرانە ئەنووسێت: ئایا پانەکوک بەشوێن لەناوبردنی "ناوەندێتی"یەوە نییە؟

ئەمە بە ســـادەیی حـــیلەیەکە وەک ئەوەی برنشـــتاین هەوڵیـــدەدا بۆچوونی مارکس و پرۆدۆن لەبارەی فیدراسیۆنەوە لەبری ناوەندێتی بخاتە روو.

ئەو "هێنانەوانە"ی کاوتسکی هێناویەتییەوە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نییە. هەم بە دەزگای دەوڵەتی کۆنە مومکینە و هەم بە دەزگای نوێ. ئەگەر کرێکاران هێزە چەکدارییەکانی خۆیان خۆبەخشانە یەکگرتوو بکەن، ئەمە خۆی دەبێتە ناوەندێتی، بەڵام ئەم ناوەندێتییە لەسەر بنەمای "وێرانکردنی تەواو"ی دەزگای دەوڵەتی ناوەند، سوپای هەمیشەیی، پۆلیس و بیرۆکراسی پێکدێت. کاوتسکی بەشێوەیەکی تەواو ریاکارانە هەڵسوکەوت دەکات، بەو واتایەی کە ئارگیومێنتە باشە بەناوبانگەکانی مارکس و ئەنگلس لەبارەی کۆمۆنەوە پشتگوێ دەخات و ئەو وتانە دەهێنێتەوە کە پەیوەندیان بە پرسەکەوە نییە.

کاوتسکی درێژەی پێدەدات: ..."لەوانەیە [پانەکوک] بیەوێت ئەرکە دەوڵەتییەکانی فەرمانبەران نەهێڵێت؟ بەڵام کاری ئێمە چ لە ڕێکخراوی حیزبی و چ لە یەکێتییەکاندا بە پلەی یەکەم لەمەلەسەی بەڕێوەبردنی کارە دەوڵەتییەکان، بەبێ بوونی فەرمانبەران ناچێت بەڕێوە. بەرنامەی ئێمە خوازیاری نەهێشتنی فەرمانبەرانی دەوڵەت نییە، بەڵکو خوازیاری هەڵبژاردنی ئەوانە لەلایەن جەماوەرەوە"... "ئێستا لای ئێمە قسە لەسەر ئەوە نییە کە دەزگای بەڕێوەبەری کاروبارەکان لە "دەوڵەتی ئایندە" چ شێوازێک بەخۆوە دەگرێت، بەڵکو لەسەر ئەوەیە، کە ئایا خەباتی سیاسی ئێمە، دەسەڵاتی دەوڵەت **پێش ئەوەی بەدەستەوەی بگرین** (تەئکیدەکانی هی کاوتسکییە) لەناو دەبات (وەرگێڕانی لەفزی: هەڵدەوەشێنێتەوە auflöst) یان نا. کام وەزارەت ئەتوانێت فەرمانبەرەکانی نەهێڵێت؟" لێرەدا ناوی وەزارەتەکانی فەرهەنگی، داد، دارایی و بەرگی دەهێنرێت. "نەخێر خەباتی سیاسی ئێمە لەدژی دەوڵەت هیچ یەکێک لە وەزراتەکانی ئێستا لەناو نابات... بۆ ئەوەی هەڵە تێگەیشتن ڕوونەدات، من دووبارەی دەکەمەوە: قسە لەسەر ئەوە نییە کە سۆسیال دیموکراسی سەرکەوتوو چ فۆرمێک ئەداتە "دەوڵەتی ئایندە"، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کە بە چ شێوەیەک دەوڵەتی ئێستا لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێمەوە دەگۆڕێت" (٧٢٥).

ئەمە ڕیاکارییەکی ئاشکرایە. پانەکوک بە تایبەت پرسی **شۆڕشی** خستۆتە ڕوو. ئەم بابەتە چ لە ناونیشانی وتارەکە و چ لە بەشە هێنراوەکانیدا زۆر بە ڕوونی وتویەتی. کاوتسکی، یەکسەر دەچێتە سەر

پرسی "ئۆپۆزیسیۆن" و بەم کارە بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنی دەخاتە شوێنی بۆچوونی شۆڕشگێڕانە. لە وتەکەی ئەوەوە ئەمە بەدەستدێت: ئێستا ئۆپۆزیسیۆن- تا لەدوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بە یەکلایەنە قسە بکەین. پرسی **شۆڕش لەناوچووە**! ئەمە رێک ئەوەیە کە ئۆپۆرتۆنیستەکان دەیانەوێت.

مەسەلەکە بە گشتی لەسەر ئۆپۆزیسیۆن یان خەباتی سیاسی نییە، بەڵکو **لەسەر شۆڕشە**. شۆڕش بریتییە لەوەی کە پرۆلیتاریا "دەزگای بەڕێوەبەربەرێتی" و **سەرجەم** دەزگای دەوڵەت لەناودەبات و دەزگایەکی نوێی پێکهاتوو لە کرێکارانی چەکدار دەخاتە شوێنی. کاوتسکی "ستایشی خورافیانە"ی "وەزارەتەکان" دەکات، بەڵام نازانرێت بۆچی ناتوانرێت ئەوانە، بۆ نموونە بە کۆمیسیۆنەکانی پێکهاتوو لە شارەزایانی سەر بە شورا خاوەن دەسەڵاتەکان و خاوەن دەسەڵاتی رەهای کرێکاران و سەربازان، جێگۆرکێ پێبکرێن؟

ناوەرۆکی بابەتەکە بە هیچ شێوەیەک لەمەدا نییە، کە ئایا "وەزارەتەکان" دەمێننەوە یان ئایا "کۆمیسیۆنەکانی پێکهاتوو لە شارەزایان" یان دامەزراوەی تر دروستدەکرێت یان نا، ئەم پرسە بە هیچ شێوەیەک روون نییە. ناوەڕۆکی بابەتەکە لەمەدایە کە ئایا دەزگای دەوڵەتی کۆن (کە بەهۆی هەزاران تاڵەوە پەیوەستە بە بۆرژوازییەوە و سەراپا لە هەڵئاوسان و کۆنەپەرستیدا رۆچووە) دەمێنێتەوە یان ئەوەی کە **لەناودەبرێت** و دەزگایەکی **نوێ** دەخرێتە شوێنی. نابێت شۆڕش بریتیبێت لەوەی کە چینێکی نوێ بەهاوکاری دەزگای دەوڵەتی **کۆن** فەرمانڕەوایی بکات و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی

بەدەستەوە بێت، بەڵکو دەبێت بریتیبێت لەوەی کە ئەم دەزگایە **لەناوبەرێت** و بەهاوکاری دەزگایەکی نوێ فەرمانڕەوایی بکات و بەڕێوەبەردنی کاروبارەکانی بەدەستەوە بێت- کاوتسکی ئەم ئەندێشە **سەرەکییەی** مارکسیزم سەرزەنشت دەکات، یان خۆی بە هیچ جۆرێک تێینەگەیشتووە.

پرسیارەکەی ئەو لەبارەی فەرمانبەرانەوە بەئاشکرا دەریدەخات، کە ئەو لە وانەکانی کۆمۆنە و تیۆرییەکانی مارکس تێنەگەیشتووە. "کاری ئێمە چ لە ڕێکخراوی حیزبی و چ لە یەکێتییەکاندا بێ بوونی فەرمانبەران ناچێت بەڕێوە"...

**لە قۆناغی سەرمایەداریدا**، لە قۆناغی **باڵادەستی بۆرژوازیدا** کاری ئێمە بەبێ بوونی فەرمانبەران ناچێت بەڕێوە. پرۆلیتاریا لە کۆتی ستەمدایە، جەماوەری زەحمەتکێش لە بەندایەتی سەرمایەداریدا دەژین. لە قۆناغی سەرمایەداری بەهۆی بوونی کۆیلەیەتی کرێ و دەستکورتی و هەژاری جەماوەرەوە، دیموکراسی سنوردار، بەرتەسک و بەتاڵە. لەم لایەنەوە و تەنیا لەم لایەنەوەیە کە لە ڕێکخراوە سیاسییەکان و یەکێتییەکانی ئێمەدا، خاوەن پۆستەکان لەژێر کاریگەری ژینگەی سەرمایەدارانەدا گەندەڵ دەبن (و یان بە دەربڕینێکی وردتر مەیلی گەندەڵبوونیان هەیە) و بۆ بوونە بیرۆکراتی، واتا ئارەزووی بوونە کەسانێکی مومتازیان هەیە، کە لە جەماوەر جیابوونەتەوە و دەکەونە **سەرووی** ئەوانەوە.

ئەمەیە **نـــاوەڕۆکی** بیرۆکراتیـــزم، لەبەر ئەوەی کە ســـەرمایەداری لەناونەبراوە و بۆرژوازی سەرنگون نەکراوە، **تەنانەت** بۆ خاوەن پۆسـتە پرۆلیتەرییەکانیش، ئاستێکی دیاریکراو لە "بیرۆکراتیزم" ناچارییە.

لەو وتەی کاوتسـکییەوە ئەمە دەردەکەوێـت: لەبەر ئەوەی خـاوەن پۆستە هەڵبژێردراوەکان دەمێننەوە، بـۆیە فەرمـانبەران و بیرۆکـراتیش لە دەورانی سۆسـیالیزمدا دەمێنـنەوە! ئەم بـابەتە بە تـایبەت هەڵەیە. مارکس ئەوەی لەسەر نموونەی کۆمـۆنە خسـتۆتە روو، کە لە دەورانـی سۆسیالیزمدا خاوەن پۆستەکان، ئیتـر "بیرۆکراتـی" نـابن، "فەرمـانبەر" نابن و ئەم رەوتە **بەهەمانڕادە** ئەنجام دەدرێت، کە خـاوەن پۆسـتەکان سەرباری هەڵبژاردنیان، هەموو کاتێکیش ئەتوانرێـت لاببـرێن و **لەوەش زیـاتر** مـافێکی بەقەدەر کرێـی کرێکـارێکی مـام ناوەنـد وەردەگـرن و **لەوەش زیـــاتر** دامەزراوە پەرلەمانییەکـــان دەگـــۆڕێن بەو دامەزراوە "چالاکانەی کە هەم یاسادانەرن و هەم جێبەجێکەری یاسا بن."

لە جەوهەردا، سەرجەم ئارگیومێنتەکانی کاوتسکی لەدژی پانەکوک و بەتـایبەتی بورهـانە سـەیرەکەی کاوتسـکی کە کـارەکەی ئـێمە چ لە رێکخراوە یەکێتییەکان و چ لە حیزبیدا بەبێ بوونی فەرمانبەران ناڕوات بەڕێوە، دەریدەخات کە کاوتسکی "ئارگیومێنتە" کۆنەکـانی برنشـتاین، کە بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەدژی مارکسـیزمن، دووبـارە دەکـاتەوە. برنشتاین لە کتێبە هەڵـگەڕاوەکەی خۆیـدا "گریمانەکـانی سۆسـیالیزم " لەدژی ئەندێشـەکانی پەیوەسـت بە دیموکراسـی "سـەرەتایی" و لەدژی ئەو شتەی کە نـاوی لێـدەنێت "دیمـوکراتیزمی عەقیـدەتی" واتـا لەدژی ئیعتیبارنامەکانی ئیمراتیف، ئەو خاوەن پۆستانەی کە کرێ وەرنـاگرن،

نوێنەرایەتی ناوەندی لاواز و هتد دەخاتە حاڵەتی جەنگەوە. برنشتاین بۆ سەلماندنی بێ پەروپاڵێتی دیموکراسی "سەرەتایی" پەنا دەباتە بەر شیکردنەوەی دوولایەنەی ئەزموونی تریدیۆنەکانی بەریتانیا. بەگوێرەی وتەکەی ئەو، تریدیۆنەکان لەماوەی حەفتا ساڵی گەشەکردنیاندا گوایە کە "لە ئازادی رەها"دا ئەنجام دراوە (ل١٣٧ چاپی ئەڵمانی) لە بێکەڵکی دیموکراتیزمی سەرەتایی و دیموکراتیزمی ئاسایی یەقینبوون، واتا پەرلەمانتاریزمیان بە بیرۆکراسییەوە خستە جێگای ئەو.

لە راستیدا، گەشەی تریدیۆنەکان "لەئازادی رەها"دا ئەنجام نەدرا، **بەڵکو لە کۆیلەیەتی رەهای سەرمایەداریدا** ئەنجام درا، کە بەهۆی ئەوەوە، دیارە بەبێ ملدان بە زنجیرەک روودا لە بەرامبەر بەڵای فەرمانبەرەکاندا، واتا زۆرداری، ناعەدالەتی و دەرکردنی هەژاران لە بەڕێوەبەری کاروبارە "باڵا"کانی کار بەرەو پێشەوە نەچوو". لە قۆناغی سۆسیالیزمدا بەناچاری زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی "سەرەتایی" دەژێنرێتەوە، چونکە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شارستانێتیدا **جەماوەر** دەگەنە پلەیەک، کە نەک هەر لە دەنگدان و هەڵبژرادنەکاندا، بەڵکو **لە بەڕێوەبەری کاروبارەکانی** رۆژانەیشدا بەشدارییەکی **سەربەخۆیانە** دەکەن. لە قۆناغی سۆسیالیزمدا هەموو بە نۆرە کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن و زۆر زوو خوو بەوەوە دەگرن کە هیچ کەس بەڕێوە نەبەن.

مارکس، بە زیرەکییەکی داهێنەرانە رەخنەیی و شیکارییەکانی خۆی، لە هەنگاوە عەمەلییەکانی کۆمۆنەدا ئەو **گۆڕانکاریانەی** بینییەوە، کە ئۆپۆرتۆنیستەکان لێی دەترسن و بەهۆی ترسنۆکی

خۆیانەوە و نەبوونی مەیل بۆ دابڕانێکی تەواوی پەیوەندییان لەگەڵ بۆرژوازیــدا، نایانەوێــت بیســەلمێنن و ئانارشیســتەکانیش، بەهــۆی پلەپروزکێ یان بەگشتی بەهۆی تێنەگەیشتنیان لە هەلومەرجی گۆڕینی جەمــاوەرێکی کـۆمەڵایەتی نـاتوانن بیبیـنن. "تەنـانەت نابێـت بیـری لەنـاوبردنی دەزگـای دەوڵەتـی کـۆنەیش بە زەینیانـدا بێـت، ئـاخر بـێ وەزارەتەکان و فەرمانبەران چـۆن کارەکانمـان بـڕوات بەڕێـوە".- ئەمە بەڵگەکـانی تـاکێکی ئۆپۆرتۆنیسـتە کە کـورتبینی سـەراپای بـوونی گرتـۆتەوە و لە جەوهەردا تەنیـا هـیچ جـۆرە بـاوەڕێکی بە شـۆڕش و داهێـنەرانەی شـۆڕش نیـیە، بەڵکـو بەشـێوەیەکی مەرگەسـاتانە لێـی ئەترســـێت (بەهەمـــان شـــێوە کە مەنشـــەفیکەکان و سۆســـیال شۆڕشگێڕەکانی ئێمە لێی ئەترسن).

"دەبێت **تەنیـا** بیرمـان لای تێکدانی دەزگـای دەوڵەتـی کـۆن بێـت. قوڵبـوونەوە لە وانە **تایبەتییەکـانی** شۆڕشـە پرۆلیتەرییەکـانی پێشـوو، شیکردنەوەی ئەم بابەتانە کە **چ شتێک و چۆن** بخرێتە شوێنی دەزگای لەنـاوبراو، پێویسـت ناکـات"،- ئەمە بەڵگەکـانی تـاکێکی ئانارشیسـتە (دیـــارە باشـــترین ئانارشیســـتەکان، نەک ئەو ئانارشیســـتانەی کە بە شوێنکەوتەیی جەنابـانی کروپوتکینەکـان و هاوبەشـەکانیان وردە وردە بەدوای بۆرژوازیـدا دەخـزێن)، و بەهەمـان شـێوە لە ئانارشیسـتەکاندا **تـــاکتیکی نائومێـــدی** ســـەر بەرز دەکـــاتەوە، نەک تـــاکتیکی کـــاری شۆڕشــــگێڕانەی بـــوێر و نەترســـــانە بـــۆ ئەنجامگەیانـــدنی ئەرکە تایبەتییەکان، واتا تاکتیکێـک کە لە هەمانکاتـدا بـارودۆخی کردەوەیـی بزووتنەوەی جەماوەریش لەبەرچاوبگرێت.

مــاركس فێرمانــدەکات، کە خۆمــان لە هەردوو ئەم هەڵەیە بەدوور بگرین و بۆ لەنـاوبردنی سـەراپای دەزگـای دەوڵەتـی کـۆنە بـوێرییەکی لەخۆبوردوانە لەخۆمان دەرببڕین، لەهەمانکاتدا فێرمان دەکات پرسەکە بەم شـێوە تـایبەتە بخەیـنە روو: کۆمـۆنە تـوانی لەمـاوەی چەنـد هەفتەیەکدا پێکهاتەی دەزگای دەوڵەتی نـوێ، واتـا پرۆلیتاریـا بەفـلان پێکهـاتەوە **سـەرڕێبخات** بـۆ گەیشـتن بە دیموکراسـییەکی کـاملْتر و ریشەکێشکردنی بیرۆکراتیزم ئەو هەنگاوانە بنێت کە قسـەیان لەبـارەوە کرا. بوێرییەکی شۆڕشگێڕانە کە لە کۆمۆنارەکـانەوە فێـربین، هەنگـاوە عەمەلییەکـانی ئەوان بە **چەنـد** هەنگـاوێکی کردەوەیـی هەنـوکەیی و مــومکینی ئێسـتا بـزانین و ئەوکـاتە کە **بە هەنگاونـان بەو جـۆرە ڕێگایانەدا** ئێمە دەگەینە لەناوبردنی تەواوی بیرۆکراتیزم.

ئیمکـانی وەهـا لەناوبردنێـک بەم جـۆرە دابینکـراوە کە سۆسـیالیزم کاری رۆژانە کەم دەکاتەوە، **جەماوەر** بۆ ژیانێکی نوێ ئامـادە دەکـات، زۆربەی دانیشتووان دەخاتە هەلومەرجێکەوە کە بـێ هەڵاواردن بـوار بە **هەمووان** دەدات "ئەرکە دەوڵەتییەکان" ئەنجـام بـدەن و ئەمەش خـۆی بەرەو **پوکانەوەی تەواوی** هەر جۆرە دەوڵەتێک بە گشتی، دەچێت.

کاوتسـکی درێـژەی پێـدەدات:... "هـیچ کاتێـک ناتوانرێـت ئەرکـی مانگرتنە جەماوەرییەکان **لەنـاوبردنی** دەسـەڵاتی دەوڵەت بێـت، بەڵکـو تەنیا ئەتوانرێت ئەمە بێـت، کە لە پرسـێکی دیـاریکراودا پاشەکشـە بە دەوڵەت بکات یان حکومەتێک کە دژایەتی پرۆلیتاریا دەکـات، بگۆڕێـت بە حکومەتێـــک کە بـــاش پێشـــوازی لـــێ بکـــات [entgegenkommende]بەڵام هـــیچ کاتێـــک و لە هـــیچ

هەلومەرجێکدا ئەم کارە" (واتا زاڵبوونی پرۆلیتاریا بەسەر حکومەتێک کە دژی ئەوە) "ناتوانێت بەرەو **لەناوبردنی** دەسەڵات دەوڵەت بڕوات، بەڵکو تەنیا ئەتوانێت **لە هەناوی دەسەڵاتی دەوڵەتدا گۆڕانکارییەکی** [verschiebung]دیاریکراو لە هاوکێشەی هێزەکان بێنێتەدی... ئامانجی خەباتی سیاسیش لەم حاڵەتەدا، هەر بەو شێوەیەیە کە تا ئێستا هەبووە، بریتییە لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ڕێگای بەدەستهێنانی زۆربەی پەرلەمان و گۆڕینی پەرلەمان بە هێزێکی زاڵ بەسەر حکومەتەوە" (ل ٧٢٦، ٧٢٧، ٧٣٢).

ئەمە ئیتر پوختەترین و چروکترین ئۆپۆرتۆنیزمە، بەکردەوە دەستشتنە لە شۆڕش و لەکاتێکدا بە قسە پەسەندکردنێتی. بیری کاوتسکی لە "حکومەتێک کە بە باشی پێشوازی پرۆلیتاریا بکات" زیاتر تێناپەڕێت و ئەمەش لەچاو ١٨٤٧، واتا کاتێک "مانیڤێستی کۆمۆنیست" ڕێکخراوبوونی پرۆلیتاریای وەک چینێکی دەسەڵاتدار" ڕاگەیاندبوو، هەنگاوێکە بۆ دواوە، کە لەڕێگای کورتبینییەوە هەڵهێنراوە.

کاوتسکی دەبێت بە ناچاری "یەکێتی"یە پەسەندەکەی خۆی لەگەڵ شیدمانەکان، پلیخانۆڤەکان و ڤاندرڤلێدەکان عەمەلی بکاتەوە، هەموویان باوەڕیان بە خەبات لە پێناو حکومەتێک هەیە کە "بە باشی پێشوازی پرۆلیتاریا بکات."

بەڵام ئێمە ڕێگای جیابوونەوە لەگەڵ ئەم خائینانە بە سۆسیالیزم دەگرینە پێش و لەپێناو لەناوبردنی سەراپای دەزگای دەوڵەتی کۆن

تێدەکۆشـین، تـا خـودی پرۆلیتاریـای چەکـدار دەسـەڵات بەدەسـتەوە بگرێت. ئەم دووانە جیاوازییەکی گەورەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

کاوتسـکی بەناچـاری دەبێـت لـلەزەت لە هاوبەشـییەکی دڵگیـرانە لەگەڵ لیگینەکـان، داڤیـدەکان، پلیخانۆڤەکـان، پۆتروسـوفەکان، تسـیرێتیلییەکان و چێرنـۆڤ وەربگرێـت، کە هەموویـان بـۆ خەبـات لەپێناوی "گۆڕینی هاوکێشەی هێز لە نـاوخۆی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی" و لە پێنـاو "بەدەسـتهێنانی زۆربەی پەرلەمـان و دابینکردنـی دەسـەڵاتی تەواوی پەرلەمانی بەسەر حکومەتدا" تەواو هاوڕان- و ئەمە تا دوا رادە مەبەستێکی شەریفانەیە، کە لەودا هەموو شتێک لای ئۆپۆرتۆنیستەکان پەسەندە و هەموو شتێک لە چوارچێوەی کۆماری پەرلەمانی بۆرژوازیدا دەمێنێتەوە.

بەڵام ئـێمە رێگـای جیـابوونەوەی خۆمـان لە ئۆپۆرتۆنیسـتەکان دەگیرینە بەر و سـەرجەم پرۆلیتاریـایش لە خەباتێکدا کە ئامـانج لێـی هێنـانەدی نەک "گۆڕانکـاری لە هاوکێشـەی هێزەکانـدا"، بەڵکـو لەناوبردنی بـۆرژوازی، لەنـاوبردنی **پەرلەمانتـاریزمی بـۆرژوازی**، هێنـانە سـەرکاری کۆمـارێکی دیموکراتیـک هاوشـێوەی کۆمـۆنە یـان کۆمـاری شوراکانی نوێنەری کرێکاران و سەربازان و دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە.

❊ ❊ ❊

لە سۆسـیالیزمی نێونەتەوەیـدا، ئەو رەوتـانەی کە لە کاوتسـکی راسترن، چەند رەوتـێکن وەک "مانگنـامەی سۆسیالیسـتی" لە ئەڵمانیـا

(لیگـــین، داڤیـــد، کۆلـــب، و هەنـــدێکی تـــر، لەوانە دوو کەس لە سـکەندەناناڤیا بەناوەکـانی سـتاونینگ و برانتینـگ) و شـوێنکەوتووانی ژوریـس و ڤاندرڤلێـد لە فەڕەنسـا و بەلجیکـا، تـوراتی و تـریفیس و نوێنەرەکـانی تـری بـاڵی راسـتی حیزبـی ئیتالیـا، فابییەکـان و "سەربەخۆکان" (حیزبی سـەربەخۆی کرێکـار" کە لە راسـتیدا هەمیشـە پاشـکۆی لیبرالەکـانن) لە بەریتانیـا و هاوجۆرەکانیـان. سـەرجەم ئەم جەنابانە کە لە کاروباری پەرلەمانی و بڵاوکراوە حیزبییەکانـدا رۆڵێکـی گەورە، چ بگات بە رۆڵی یەکلاکەرەوە، دەگێڕن، دیکتاتۆری پرۆلیتاریـا بە ئاشکرا رەتدەکەنەوە و ئۆپۆرتۆنیزمێکی بـێ پەردە جێبەجێدەکەن. لە بۆچـــوونی ئەو جەنابـــانەدا "دیکتـــاتۆری" پرۆلیتاریـــا لەگەڵ دیموکراسـیدا "نـاکۆکە"! ئەوان لە جەوهەردا هـیچ جـۆرە جیـاوازییەکی گەورەیان لەگەڵ دیموکراتە وردە بۆرژوازیدا نییە.

بە لەبەرچـاوگرتنی ئەم چۆنـایەتییە، مـافی ئەوەمـان هەیە ئەم ئەنجـامگیرییە وەربگـرین، کە زۆربەی زۆری نـوێنەرە رەسـمییەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم بەتەواوی لەناو ئۆرپۆرتۆنیزمـدا غەرقبـوون. ئەزمـوونی کۆمـۆنە نەک هەر فەرامۆشـکرابوو، بەڵکـو بەلارێـدا برابـوو. نەک هەر جەمـاوەری کرێکـار نـاخەنە سـەر ئەو پـاوەڕە سـادەیەی کە دەبێـت راپەڕن، دەزگـای دەوڵەتـی کـۆن لەنـاوبەرن، دەزگـایەکی نـوێ بخـاتە شـوێنیان و بەم شـێوەیە دەسـەڵاتی سیاسـی خۆیـان بـکەنە پێگەیەک بۆ گۆڕانکاری سۆسیالیستییەی کۆمەڵگا کە نزیکبـووەتەوە - بەڵکـو پـێچەوانەی ئەوە دەخەنە نـاو جەمـاوەر و "بەدەسـتهێنانی

دەسەڵات" وا دەخەنە روو، کە هەزاران بواری بۆ دزەکردنی ئۆپۆرتۆنیزم تێدا دەمێنێتەوە.

بەلارێدابردن و بێدەنگی لە پرسی هەڵوێستی شۆڕشی پرۆلیتەری سەبارەت بە دەوڵەت لەسەروبەندێکدا ناتوانێت رۆڵی رۆڵێکی گەورە بگێڕێت، کە دەوڵەتەکان بە دەزگا جەنگییەکانی خۆیانەوە، کە بەهۆی ململانێی ئیمپریالیستییەوە بەهێزتر بوون، بوونەتە درندەیەکی جەنگی و ئەم درندەیەش ملیۆنان جەستە ئاوێتەی خاک دەکەن، ئەویش هەر لەپێناو ئەوەی ئەم بێنەوبەردەیە بەلایەکدا بکەوێت، کە ئایا ئینگلتەرا یان ئەڵمانیا - ئەم یان ئەو سەرمایەداریی داراییە فەرمانڕەوایی جیهان بکەن.

## دوا وته بۆ چاپی یەکەم

ئەم نامیلکەیە لە ئاب و ئەیلولی ١٩١٧ دا نووسراوە. من پلانی نووسینی دواین بەش، واتا بەشی حەوتەم : "ئەزموونی شۆڕشەکانی ١٩٠٥-١٩١٧ ی روسیا"م ئامادەکردبوو، بەڵام بەدەر لە ناونیشان، نەمتوانی یەک دێڕیش لەو بەشەدا بنووسم، ئەزمەی سیاسی و هاتنەپێشەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ "بووە رێگر". ئەو جۆرە "رێگریانە" تەنیا مایەی خۆشحاڵین. بەڵام نووسینی بەشی دووەمی ئەم نامیلکەیە (کە تەرخانکرابوو بۆ "ئەزموونی شۆڕشەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ی روسیا") لەوانەیە وا پێویست بکات ماوەیەکی زۆر دوایبخەین، جێبەجێبوونی "ئەزموونی شۆڕش" باشتر و بەکەڵکتر دەبێت لەنووسی هەر شتێک دەربارەی.

**نووسەر**

**پەترۆگراد، ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩١٧**

## فەهرەست


**پێشەکی** ........ ٥
**پێشەکی بۆ چاپی دووەم** ........ ٨

**بەشی یەکەم: کۆمەڵگای چینایەتی و دەوڵەت** ........ ٩
1 - دەوڵەت: بەرهەمی ناسازی ناکۆکییە چینایەتییەکانە ........ ٩
2 - باندە تایبەتییەکانی پیاوانی چەکدار، زیندانەکان، هتد ........ ١٤
3 - دەوڵەت: ئامرازی چەوسانەوەی چینی ستەملێکراوە ........ ١٩
4 - "پوکانەوە"ی دەوڵەت و شۆڕشی توندوتیژ ........ ٢٥

**بەشی دووەم: ئەزموونی ١٨٤٨-١٨٥١** ........ ٣٧
1 - سەردەمی شۆڕش ........ ٣٧
2 - ئاکامەکانی شۆڕش ........ ٤٤
3 - خستنەڕووی پرسەکە لەلایەن **مارکسەوە** لە ١٨٥٢ دا ........ ٥٤

**بەشی سێیەم: ئەزموونی کۆمۆنەی پارسی ١٨٧١** ........ ٥٩
1 - شیکردنەوەکانی مارکس ........ ٥٩
2 - چ شتێک شوێنی دەزگای دەوڵەتی لەناوبراو دەگرێتەوە؟ ........ ٦٦
3 - لەناوبردنی پەرلەمانتاریزم ........ ٧٣
4 - ڕێکخراوکردنی یەکێتی نەتەوە ........ ٨٣
5 - لەناوبردنی دەوڵەتی مشەخۆر ........ ٨٩

**بەشی چوارەم:درێژەی بابەت.روونکردنەوە تەواوکەرییەکانی ئەنگلس.... ٩٣**
1 -پرسی نیشتەجێبوون ........................................................ ٩٣
2 -جەدەل لەگەڵ ئانارشیستەکان ............................................. ٩٨
3 -نامە بۆ بیبل ................................................................ ١٠٤
4 -رەخنە لە پرۆژەی بەرنامەی ئارفورت ...................................... ١١٠
5 -پێشەکی ١٨٩١ بۆ کتێبی"جەنگی ناوخۆیی لەفەرەنسا"ی مارکس..... ١٢٢
6 -ئەنگلس لەبارەی سەرکەوتن بەسەر دیموکراسیدا ......................... ١٣١

**بەشی پێنجەم: پایە ئابوورییەکانی پوکانەوەی دەوڵەت ................. ١٣٥**
1 -خستنەڕووی پرسەکە لەلایەن مارکسەوە ..................................... ١٣٥
2 -تێپەڕبوون لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم ............................... ١٣٩
3 -یەکەمین دەورانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی .................................. ١٤٨
4 -دەورانی باڵای کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ...................................... ١٥٤

**بەشی شەشەم: بێبەهاکردنی مارکسیزم لەلایەن ئۆپۆرتۆنیستەکانەوە... ١٦٧**
1 -جەدەلی پلیخانۆف لەگەڵ ئانارشیستەکاندا ................................ ١٦٨
2 -جەدەلی کاوتسکی لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیستەکاندا ............................... ١٧٠
3 -جەدەلی کاوتسکی لەگەڵ پانەکوک ......................................... ١٨١

**دوا وتە بۆ چاپی یەکەم ........................................................ ١٩٧**